نان و موچەی کوردستان،
چارەچیە؟

د.محەمەدکیانی لا19

ئەسڵی کێشەکە چییە؟!.
پەیوەندی ناوەند وهەرێم کێ ڕێکی دەخات؟!.

نیاز حامید لا23


ئازادیا تاکی گرەنتی یا
جڤاکەکێ ئازادە

عەلی ئۆرەماری لا29

# ئازادی کۆمەڵگە


٦
ساڵی یەکەم
ژمارەی شەشەم
6-6-2016
جۆزەردان
٢٧١٦


گۆڤارێکی سەربەخۆی سیاسی، هزری، جڤاکی، مانگانەیە



## جەمیل بایک؛

لەباشووریش دەسکەوتی گەلی ئێمە هەیە ئەو دەسکەوتانە پەکەکە دەی پارێزێت

## تاڤگە ئەحمەد

دڕۆی تەکنۆکرات بیدعەیە
حزبە عێراقی و کوردیەکان بۆ مانەوەی خۆیان دروستیان کرد

# ناوەڕۆک

ئازادی کۆمەڵگە






پەیوەندیەکانی تورکیا و هەرێمی کوردستان
ڕێکەوت ئیسماعیل ٢٥



خوێندنەوەیەکی سویدی بۆ کۆنفیدرالیزمی دیموکراتیکی ئۆجەلان
سیاوەش گودەرزی ٤٠



ژن لەنێوان مافی خودایی و حەزی پیاوان بەناو ئاین و ئازادی
کامەران گوڵپی ٣٦



کاریگەرییە نێگەتیڤیەکانی حزبی کوردی
د.زاناکۆ خەسرۆ عەلی ٣٢

رۆزا لۆکسمبورگ ژنە سۆسیالیست و ئازادیخواز
نووسینی: تۆنی کلیف
لەئینگلیزییەوە ئازاد ئارمان ل48






خاوەن ئیمتیاز:
محەمەد کیانی عەبدولرەحمان(د.محەمەد کیانی)

سەرنووسەر:
گۆران عەلی حەسەن (گۆران پێنجوێنی)

دەستەی نووسەران:

د.سالار باسیرە — سەردار ستار
بەیان عەلی — نەجیبە قەرەداخی
کامەران گوڵپی — کوردۆ شوانی

ڕاوێژکاری یاسایی:
پارێزەر هیلال ئیبراهیم



ناونیشان: نوسینگەی سەرەکی: کوردستان. سلێمانی. گەڕەکی ئاشتی. باخی سەعید بەگ

پەیوەندیەکان لەرێگەی سەرنووسەرەوە دەبن.
(٠٧٧٠٢٢٢٧٢٧٤)یان(٠٧٥٠١٥٣٩١٩٧)
azadi1@gmail.com
www.facebook.com/Azadi Komelge



تیراژ (١٠٠٠) دانە
نرخ (١٥٠٠) دینارە

# ڕێکەوتنی یەکێتی و گۆڕان لەسەردەمی ئەمڕۆدا

لە کاروخەباتی سیاسیدا شێوازی بەرەیی و ڕێککەوتن لەژێر یەک چەتردا و گردبوونەوە؛ وەک یەکێک لەبنەما دیموکراتییەکان ئەژمێردرێ و هەنگاوێکە بۆ خەباتی هاوبەش و دروستکردنی سەنگ و قورساییە لەپێناو بەرەوپێشبردنی خەباتی دیموکراتی و خزمەتکردنی کۆمەڵگادا.

لەباشووری کوردستاندا چەند ئەزموونێکمان هەیە لە خەباتی بەرەیی و ڕێککەوتن و کۆبوونەوە لەژێر چەترێکدا، هەندێکیان بە ئەنجامی پۆزەتیف بۆ کۆمەڵگەی کوردستان تەواو بوونە و خزمەتیان کردوە، بەڵام هەندێکی دیکە لەو بەرانە، لە وێنەی بەرەی جود و جەوقەد و جەبهەی وەتەنی لە ساڵانی حەفتا و هەشتای سەدەی ڕابردوو، ڕەنگدانەوەیەکی نەرێنی نیشانداوە، چونکە بۆ توانەوە و لەناوبردنی هێزەکانی تر بووە. بەرەی کوردستانی و ڕێککەوتنی ستراتیژی یەکێتی و پارتی بۆ دوو قۆناخ ڕۆڵی بینی یەکیان بەئەنجام گەیاندنی ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ بوو ئەوەی تریشیان دوای ڕووخانی سەدام کۆمەڵێک ئەرکی جێبەجێکرد، بەڵام لەبەر ئەوەی ڕێککەوتنێک بوو زیاتر بۆ دروستکردنی هەژمونی دوو حیزب بوو، بۆیە لەلایەن ئەندامانی یەکێتی ڕووبەڕووی ڕەخنەی توند بووەتەوە و دواتریش بووە هۆی لێکترازانی یەکێتی و بزووتنەوەی گۆڕانی لێ دروست بوو. ئەگەرچی ئێستاش ئەو ڕێککەوتنە لەنێوان یەکێتی و پارتی دا ماوە، بەڵام ڕێکەوتنی یەکێتی و گۆڕان ڕێکەوتنەکەی یەکێتی و پارتی ڕووبەڕووی هەژان کردۆتەوە.


یەکێتی خۆی لەخۆیدا ڕێککەوتنێکی چەتر ئاسایە، لەنێوان گرووپە چەپ و لیبڕاڵ و وردە بۆرژواکان و کەسایەتیەکی ناجێگیری هەیە، ئەو لێکترازانە گەورەی کە یەکێتی ڕووبەڕووی بوویەوە لە ساڵی ٢٠٠٩ یەکێتی تووشی شۆک کرد و بەرەو تەنگژەیەکی جدی برد ئەمەش دوای نەخۆش کەوتنی تاڵەبانی باشتر دەرکەوت، بۆیە لە ئێستاشدا یەکێتی بە ڕێککەوتن و یەکگرتنەوەی لەگەڵ گۆڕان دیسان تووشی شۆکێکی تر بۆتەوە.

بارودۆخی ئەمڕۆی باشووری کوردستان بەڕادەیەک خراپ بووە کە سەختە بتوانرێ هیچ لایەنێک بەتەنها کۆی بکاتەوە، بەتایبەتیش دوای خۆسەپاندنی پارتی بەسەر حکومەت و ئیفلیجکردنی پەرلەمان و ڕاگەیاندنی حوکمی عورفی بەسەر هەرێمەکەی. ئەوەش پێویستە بگوترێ پرۆسەی سیاسی و ئابووری و ئیداری و هەناردە کردنی نەوت و پەیوەندی لەگەڵ بەغدا لەم سێ ساڵەی ڕابردوو فەشەلی تەواوی هێناوە و هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی گەورەترین قەیران بۆتەوە. بێگومان لەو فەشەلەدا پارتی بە پلەی یەک و هێزەکانی تری دەسەڵات و دەرەوەی دەسەڵاتیش پشکیان بەقەدەر پێگەی خۆیان هەیە. بۆیە پارتی بەپلەی یەکە، چونکە دەیەوێ لە ڕێگای تورکیا و سعودیە و قەتەر شۆڕشی ڕۆژئاوا سەرکوت بکات و لەناویببات، لەباشووریش وەک هێزێکی دیکتاتۆر و تاکڕەو، هەروەها بەشێکیشە لە دیکتاتۆریەتی دەوڵەتی ئەردۆگان.




لەگەڵ ئەوەی کورد خاوەن هێز و پێگەیەکی بەهێزە لەناوچەکەدا، بەڵام مەترسییەکی گەورەشی لەلایەن دەوڵەتی تورکیاوە لەسەرە. بۆیە ڕێککەوتن و لێکنزیک بوونەوە لە باشوور و لەهەر چوارپارچەدا ئەرکێکی نیشتمانی و دیموکراتییە. لێرەوە ئەتوانین بڵێین؛ ڕێککەوتنی یەکێتی و گۆڕان هەنگاوێکی ئەرێنیە، بەڵام بێگومان بەتەنها بۆ ئەوەی بۆ دروستکردنی هەژموونگەرایی تاکڕەوی یەک حیزبی تا، هەروەها بۆ ڕازیکردنی دڵی پارتیش تا، بەڵکو لەپێناو خزمەتکردن و تەهێشتنی گەندەڵی و چارەسەری کێشەکان لەگەڵ بەغدا و هێنانەوەی مووچەی خەڵک و بەدیموکراتی کردنی سیاسەت و ڕێگا خۆشکردن بۆ ڕێککەوتنێکی دیموکراتی نەتەوەیانە لەنێوان هەموو پارچەکانی کوردستان. مەرجی سەرکەوتنی ئەم ڕێککەوتنە لەئێستادا سەرەڕای هەموو ئەو ڕەخنانەی لەسەریەتی، پێویستە بتوانرێ ببێتە ڕێککەوتنێکی گشتی لەنێوان هێزە دیموکراتخواز و نەتەوەیەکان. لەگەڵ ئەوەی یەکێتی و گۆڕان سەرچاوەی ئەو ڕێکەوتنەن، بەڵام دەکرێ بکرێتە مینبەرێکی فرەوان بۆ ڕێککەوتنی دیموکراتیانە ، هەمانکات پێویستە ئەو ڕێککەوتنە کراوەبێ بۆ ڕێککەوتن لەگەڵ لایەنە ئازادیخواز و دیموکراتخواز و نەتەوەیەکان لەناوخۆی باشووردا، هەروەها بۆ ڕێکەوتن و پشتیوانی لەیەکتری کردن لەگەڵ پارچەکانی تری کوردستان، بەتایبەت ڕۆژئاوا و باکوور، ئەوکاتە ئەتوانین بڵێین؛ ڕێککەوتنەکە ڕێککەوتنێکی تەقلیدی نییە و هێز و ئیرادەی چارەسەری دیموکراتیانەی بۆ قەیرانەکانی ئەمڕۆی باشووری کوردستان پێیەو هیواشە بۆ پارچەکانیتر.

# ج.بایک: پارتی دیموکراتی کوردستان-عێراق بەناوی باشوورەوە دژایەتی رۆژئاوادەکات



جەمیل بایک هاوسەرۆکی کۆما جڤاکێن کوردستان کەجەکە

ئا/ ئازادی کۆمەڵگە

جەمیل بایک هاوسەرۆکی کۆماجڤاکێن کوردستان کەجەکە لە دیمانەیەکی تایبەت بە گۆڤاری ئازادی کۆمەڵگە وەڵامی چەندین پرسی گرنگ و تایبەت داوەتەوە.

**ئازادی کۆمەڵگە: رۆژهەلاتی ناوین بەرەو کوێدەچێت، دۆزی کورد لەو گێژاوەدا چۆن دەگا بەچارەسەری؟**

**ج.بایک** ئێستا شەڕێکی گەورە لە رۆژهەڵاتی ناویندا بەڕێوەدەچێت و دوای شەڕی جیهانی دووەمین دەتوانین بڵێین شەڕی جیهانی سێیەمینە، وادیارە ئەو شەڕە بەردەوام دەکات و بەو زوانەش تەواو نابێت. شەڕی رۆژهەڵاتی ناوین وەک شەڕەی ناوچەکانی تر نییە، چونکە رۆژهەڵاتی ناوین ناوەندی جیهانییە، هەموو شتێک لەرۆژهەڵاتی ناوین دەستی پێکرد و پێشکەوت و جیهانیش لەم هێڵەوە پێشکەوت، بۆیە لە ناوەڕاستی جیهان، رۆژهەڵاتی ناوین هەیە. هەربۆیە هەر گۆڕانکاریەک لە رۆژهەڵاتی ناوین ببێت وانە گۆڕانکاری لەتەواوی جیهان دەبێت. رۆژهەڵاتی ناوین وەک بڕبڕەی پشتی جیهانە، هەربۆیە ئەگەر دەسەڵاتێک یان هێزێک بیەوێت لە رۆژهەڵاتی ناوین خۆی حاکم بکات ئەوە دەیەوێت رۆژهەڵاتی ناوین بەدەست بێنێت و مێژوو بۆخۆی بنوسێنەوە، چۆن رۆژهەڵاتی ناوین بڕبڕەی پشتی دونیایە، کوردستانیش بڕبڕەی پشتی رۆژهەڵاتی ناوینە، کاتێک ئێمە دەڵێین رۆژهەڵاتی ناوین وانە(تورکیا، سوریا، عێراق و ئێرانە)، کوردستانیش لە نێوان هەر چوار دەوڵەتدا دابەش بووە، کەسێک بیەوێت دەسەڵات لە رۆژهەڵاتی ناوین بەدەست بخات، ئەوا دەبێ لە کوردستان حکوم بکات، ئەوکات دەبێت لە رۆژهەڵاتی ناوین دەسەڵات بەدەستبخات، بێگومان رۆژهەڵاتی ناوینیش لەسەر کوردستان بەڕیوەدەچیت. ئەگەر کەسێک بیەوێت دەسەڵات و هەژموونی بەڕێوەبباب، پێویستە لەسەر کوردستان دەسەڵات و هەژموونی خۆی پیشبخات، ئەگەر وانەبێت ئەو کاتە ناتوانێت دەسەڵاتی مەحکەم بکات. ئەو شەڕەی ئەمڕۆ لە رۆژهەڵاتی ناوین بەڕێوەدەچێت، شەڕە لەسەر کوردستان، شەڕی سەر کوردستان چارەنووسی هەموو دەولەت و رێکخستن و هێزێک دیاری دەکات. هەرلەبەر ئەمەش بوو پیلانگێڕی نێودەوڵەتی لەسەر رێبەر ئاپۆ بەڕێوەچوو، چونکە ئاسەنگی گەورە رێبەر ئاپۆ و بزووتنەوەی پەکەکە بوون بۆ ئەوەی رێگا نەدات شەڕ لە رۆژهەڵاتی ناوین پێشبخەن. کێشەی کورد تەنیا کوردبوون نیە، بەڵکو پرسی رۆژهەڵاتی ناوین و کێشەی جیهانە، هەربۆیەشە رۆژهەڵاتی ناوین و جیهان لەسەر پرسی کورد رادەوەستن. ئەمڕۆ شەڕ بەگشتی لە سوریا و عێراق، لە بەشی کوردستان ئەنجام دەدرێت، بۆیە کێشەی رۆژهەڵاتی ناوین لە سوریا و عێراق دەناسرێت و لە کوردستاندا بەدی دەکرێت. لەسەر ئەو بنەمایە سیستەمێکی نوێ لە رۆژهەڵاتی ناوین پێشدەکەوێت، ئێستا کورد وەک شەڕی جیهانی یەکەم و دووەم نییە، کورد ئەمڕۆ بەرێکخستن بووە لە بواری ستراتیژی، بەڕێوەبردن، فەلسەفی و فیکری تێکۆشان بەڕێوەدەبات، کورد بۆ ئازادی خۆی تێدەکۆشێت، ئەمڕۆ کورد بۆتە هێزێکی پێشەنگ و پێشەنگایەتی دەکات لە رۆژهەڵاتی ناویندا، بەباوەڕی من کورد ئەنجام وەربگرێت، بۆ ئازادی خۆی و بۆ رۆژهەڵاتی ناوینیشە. هەندێک دەوڵەتی داگیرکەر دەیانەوێت رێگا لەو پێشکەوتنە بگرن. بزووتنەوەی کوردی وەک جەنگی جیهانی دووەم نییە، ئەمڕۆ لەناوچەکە گەلان بۆ رێکخستن و ئازادی تێدەکۆشن، چۆن جەنگی جیهانی دووەم بۆ پارچەکردن و بەشکردنی کوردستان بوو، ئەمڕۆش بەبێ کورد قەوارەیەکی نوێ دانامەزرێت. لەرۆژهەڵاتی ناوین کورد دەبێ هەبێ، مافی کوردانیش مافێکی سەرەتاییە، هەرشتێکیشی بیەوێت بیکات دەیکات و کەسیش ناتوانێت پێشی بگرێت.

بۆیە گۆڕانکاریەک لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا دروستبێت بەخوێن دروست دەبێت، ئەمڕۆکەش بۆ مێژووی کورد دەرفەتێکی گەورەی لەبەردەم دایە، مەترسیش هەیە، توانای سەرکەوتنی گەورە لە مەترسی زیاترە.

- **ئازادی کۆمەڵگە: تێکدانی پرۆسەی ئاشتی لە لایەن دەوڵەتی تورک، بە ڕای ئێوە پرسی کورد لەباکور بەرەو کوێ دەچێت(هەڵگرتنی پارێزبەندی لەسەر پەڕلەمانتاران، خۆبەڕێوەبەری شارەکان، بەرخودانی گەنجان و لاوانی کورد، قوڵبونەوەی شەڕ و ئاڵۆزییەکان)؟**



**جەمیل بایک** ئێستا لە نێوان دەوڵەتی فاشیستی تورکیا و بزووتنەوەی کورد شەڕێکی گەورە بەڕێوەدەچێت، ئەو شەڕە لە کوبانێ دەستی پێکرد، «هەندێک دەیانگووت ئەوە دوای ٧ی حوزەیران دەستی پێکردوە، بەڵام ئەوە هەڵەیە، یان دەڵێن لەسەرێکانی دوو پۆلیس کوژران و ئەوشەڕەش لەسەر ئەوە دەستی پێکرد» ئەمانە ڕاستنین و شەڕە لە کوبانێ دەستی پێکرد، چونکە دەوڵەتی تورک بڕیاری شەڕیدا، بۆئەوەی ڕێگا لەپێشکەوتنەکانی شۆڕشی کوردستان بگرێت، چونکە پەکەکە بەسیاسەتی دیموکراتیک لە دژی داعش و لەدژی داگیرکاری شەڕەکات و تادەهات بەرەوە پێشدەچوو لە ڕۆژهەڵاتی ناوین، «سەیریان کرد بۆ ئەوەی پەکەکە پێشنەکەوێت، پێویست بوو پێشی لێبگرن، ئەویش تەنها بەشەڕ دەکرێت و بەشتێکی تر ناکرێت»، چونکە پێشتر هەوڵی زۆریاندا، بەڵام نەیان توانی بزووتنەوەی پەکەکە لەناوبەرن، واش تێگەشتبوون کەبتوانن ئەنجامێکی باش وەربگرن بۆیە هیوا و خەیاڵیان دەکرد کە لە تورکیادا دیموکراتی پێشبخەن کێشەی کورد چارەبکەن و لەنێوان سیاسەتی «نە شەڕ و نە ئاشتی»دا بزووتنەوەی کوردی لاوازبکەن، ئامانجی ئاکەپە و دەوڵەتی تورکیا پێشخستنی دیموکراسی و چارەسەری کێشەی کورد نییە، بەڵکو دەیانویست چەک بە پەکەکە دابنێن، وایان دەزانی ئەگەر پەکەکە چەک دابنێت ئەوا تەواو دەبێت. چەکی دەستی پەکەکە بۆ چارەسەرکردنی دۆزی کورد و دیموکراسی کردنی تورکیابووە، هەر لەوچوارچێوەیەشدا هەمیشە چەک لەشان ئەبێت و تا کێشەی کورد چارەسەرنەبێت، پەکەکە دەستبەرداری چەک نابێت. بێگومان پەکەکە چارەسەرکردنی کێشەی کورد و دیموکراسی بوونی تورکیای دەخستە بەردەمیان، ئەوانیش بینیان کەناتوانن بەو شێوەیە ئەنجام وەربگرن، ئەو سیاسەتەی بەڕێوەشی دەبەن بۆ ئەوان ئەنجامی نییە و پەکەکەی پێ گەورەدەبێت، لەم چوارچێوەیەدا بڕیاری شەڕیان دا، ویستیان بەشەڕ ڕێگا لەپێشکەوتنی پەکەکە بگرن، ئەو کارەش تایب ئەردۆغان سەرپەرشتیاری دەکرد و لە کوبانێ خستیانە پراکتیکەوە، هەربۆ ئەمەشبوو ئەردۆغان دەیگووت؛ کوبانێ هادەکەوێت، کوبانێ کەوت. سیاسەتی ئەوان لەناوبردنی شۆڕشی ڕۆژئاوابوو، چونکە وا بیریان لیکردبویەوە ڕۆژئاوا لەناوبچێت لە باکوریش بزووتنەوەی کورد لەناودەچێت، شەڕی کوبانێش لەم چوارچێوەدابوو، کاتێکیش ئەنجامیان لەکوبانێ وەرنەگرت و کوبانێ سەرکەوت، شۆڕشی ڕۆژئاوا گەورەبوو، کاتێکیش نەیانتوانی ئەو شۆڕشە لە ڕۆژئاوا لەناوببەن، بۆیە داود ئۆغلو گووتی؛ من بڕیارم داوە دوای کوبانێ سوپا و پۆلیس بۆ شەڕ ئامادەبکەم، کاتێک فەرمان دەدانە سوپا بۆ شەڕ بەرنامەیان هەبێت، خۆی لەخۆیدا سوپای تورکیا لە ساڵی ٢٠١٤ بە ناوی ئاسیملاسیۆن (تواندنەوەو لەناوبردن) بەرنامەیەکی شەڕی ڕاگەیاند، پاش ماوەیەکیش بڕیارگیرا لەسەری، دوای ئەوەش ئەو بڕیارە لەسەر ڕێبەر ئاپۆ پەیڕەوکرا، ڕێبەر ئاپۆش بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان پرۆژەیەکی لێکنێگەیشتنی پێشکەش کردو لە کۆشکی سەرۆک وەزیران لە دۆڵمە باخچە خوێندرایەوەو لەسەر ١٠خاڵ ڕێکەوتن، بەبەرچاوی ڕاگەیاندنەکان، شاندی حکومەت و شاندی هەدەپە خستیانەڕوو. هەوڵەکان بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد بوو بەرێگەیەکی سیاسی و هەمانکات دیموکراتیزەکردنی تورکیا، بەڵام وەک ئەوەی بینیمان ئاکەپە هیچ هەوڵێکی بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد و دیموکراتیزەکردنی تورکیا نەبوو، سەرەنجامیش بڕیاری شەڕی لەدژی کورد و بزووتنەوەی پەکەکە دا و سەرەتای شەڕەکەشیان لە دژی ڕیبەر ئاپۆ دەستپێکرد، ڕێبەر ئاپۆ نەیدەویست کێشەکان بەشەڕ

چارەبکرێـن، بـەڵام ئاکەپـە دەیویسـت بەشـەڕ کۆتـای پێبێنێـت. لەلایەکـی تـرەوە ئاکەپـە لـە پەرلەمـان یاسـایەکی نوێیـان دەرخسـت، بەنـاوی پاراسـتنی ناوخـۆی تورکیـا، ئەویـش پۆلیـس و ئاسایش کێ بکوژن نادرێتـە دادگا ئەگـەر وایـان نەکردایـە نەیاندەتوانـی لـە کوردسـتان شـەڕێش بخـەن. سـەرباز و پۆلیـس شـەڕیان نەدەکـرد، چونکـە پێشـتر شـەڕیان کردبـوو، خەڵکیـان کوشـتبوو، گوندیـان سـوتاندبوو، لەسـەر ئـەوە دادگای دەکـران، جـا کاتێـک دادگای دەکـران و لـە دادگا نەدەپارێـزران، کـەس ئامادەنەبـوو جارێکیـتر شـەڕیان بـۆ بـکات. ئـەو هەنگاوانـە هەمـووی بـە ئامانجـی شـەڕکردن پێشـخران، لەسـەر ئـەو هەنگاوانـە هەنگاوێکـی دیکەیـان دژی هەدەپـە پێشخسـت، بـە کۆنـترۆڵ لـە دژی هەدەپـە واتـە دیموکراسـی شـەڕێکیان پێشخسـت، بۆ ئـەوەی، هەمـوو کەسـێک بزانن:

## ئەردۆغان کودەتای سیاسی لە تورکیا پێشخست

بۆ ئـەوەی بنوانـن لـە هەڵبژاردنـی ٧ی حوزەیـران ئەنجـام وەرگـرن، بـۆ ئـەوەی هەدەپـە کـە هێزێکـی دیموکراسـییە نەکەوێتـە پەرلەمـان، وا بیریـان دەکـردەوە کـە بـەو هەڵسـوکەوتانەیان بنوانـن ئەنجـام وەرگـرن، بـەڵام هیـچ ئەنجامێکیـان بەدەسـت نەهێنـا، چونکـە ئـەو هەنـگاوەی دۆڵمـە باخچـە، لەسـەر کۆمەڵـگای تورکیـا کاریگەرییەکـی باشـی دروسـت کردبـوو، هەدەپـە چـووە پەرلەمـان، واتـە دیموکراسـی کەوتـە پەرلەمـان، ئەمـەش کاریگەرییەکـی باشـی لەسـەر کۆمەڵـگای تورکیـا دروسـت کـرد، هەمـوو لایـەک نەفەسـێکی بـەو شـێوەی وەرگـرت کـە تورکیـا بـەرەو دیموکراسـی بـوون دەچێـت، کێشـەی کـورد بـە سیاسـی چارەسـەردەبێت، لـە تورکیـا شـەڕ نابـێ، لـە ٧ی حوزەیـران گۆڕانکاری لـە تورکیـا دروسـتبوو، کـە تورکیـا یـان بـەرەو دیموکراسـی بـوون بچێـت یـان بـەرەو شـەڕ بچێـت، جگـە لـەوە هیـچ ڕێگایەکـی دیکـە نەمـا، ئاکەپـە لـە دەسـەڵاتداری کـەوت، دادگا بـۆ دادگای کردنـی ئەردۆغـان کرایـەوە، گورزێکـی گەورەیـان بەرکـەوت، بۆیـە هەنگاویـان بـەرەو شـەڕنا. بزووتنـەوەی کـورد و پەکەکـە قازانجـی کـرد، سـەرۆک ئاپـۆ قازانجـی کـرد، بۆیـە ئەردۆغـان وتـی مـن دۆڵمەباخچـە قبـوڵ ناکـەم، دانوسـتان قەبـوڵ ناکـەم، مێـزی دانوسـتان نییـە هەمـووی تێکـدا. لەلایەکـی دیکەشـەوە هەدەپـەی قەبـوڵ نەکـرد واتـە دیموکراسـی قەبـوڵ نەکـرد.

ئـەو هێـزەی کەدەوڵـەت - نەتـەوە داوای دەکـەن، هێـزی فاشیسـت و شـەڕخواز، هەموویـان ڕێککەوتنیـان کـرد لـە دەوروبـەری ئەردۆغـان، چونکـە بینییـان ئـەو دەوڵەتـەی کـە لەسـەر بنەمـای دەوڵـەت - نەتـەوە پێشـکەوتبوو کـەوت و بەسـەرچوو، ئەوانـەی کـە لەگـەڵ ئـەو ڕژێمـە دابـوون، ئەوانیـش کەوتنـە مەترسـییەوە، بـۆ ئـەوەی کـە خۆیـان لـەو مەترسـییانە دەربخـەن ڕێککەوتنیـان کـرد، لـە دژی پەکەکـە و لـە دژی کـورد و هێـزە دیموکراسییەکان، بۆ ئـەوەی بنوانـن ئـەو ڕژێمـە لە کەوتن بپارێـزن. ئـەوەش لـە دژی دیموکراسـی و چارەسـەرکردنی کێشـەی کوردبـوو. لـە ئاسـتی نێودەوڵەتیشـدا هەندێـک هێـز زانیـان کـە تورکیـا لـە مەترسـیدایە، چونکـە تورکیـا لەنـاو ناتـۆ دایـە، بۆیـە نـەک تورکیـا بەڵکـو سیسـتەمی سـەرمایەداری ناتـۆش دەکەوێتـە مەترسـییەوە، بـۆ پاراسـتنی سیسـتەمەکەیان لـە دەرەوەی ئەردۆغـان کەسـیان نەبینـی، لـە دژی ئەردۆغـان هەدەپـە هەیـە هێـزی دیموکراسـی هەیـە، ئەوەیـان بـۆ بەرژەوەنـدی خۆیـان بـاش نەبینـی، لـە دەرەوەی هەدەپـەش کـەس نییـە، بـۆ ئـەوە جارێکیـتر لەگـەڵ ئەردۆغـان ڕێککەوتنیـان کـردەوە، چونکـە ئەردۆغـان و ئاکەپـەش لـە هەڵبـژاردن شـکابوون، ناچـاری ئـەوان بـوون، ئەوانـە ویسـتیان لـە ئـەوە ئەنجـام وەربگـرن، هـاوکاری ئەردۆغـان و ئاکەپـە بکەیـن و بیانخەنـە خزمەتـی خۆیـان، ئـەو ڕێککەوتنـە لـە دەرەوە و نـاوەوە دروسـت بـوو، لەسـەر ئـەو بنەمایـە ئەردۆغـان کودەتـای سیاسـی لـە تورکیـا پێشخسـت. پەرلەمـان، هەڵبـژاردن، یاسـا هەموویـان بەلایـەک، بـە ڕێککەوتنـی سیاسـی دەرەوە و نـاوەوە دەسـتیان بـە شـەڕ کـرد، چونکـە بینیـان سیاسـەت بـە کۆنترۆڵـی ئـەوان پێشـنەکەوت، بۆیـە پێویسـت بـوو شـەڕ بەرفـراوان بکـەن، بـۆ ئـەوەی بنوانـن بـەر بـە پەکەکـە واتـە سیاسـەتی دیموکراسـی بگـرن، بـۆ ئـەوەی بنوانـن ئـەو ڕژێمـە لەکەوتـن بپارێـزن، ئەردۆغـان ئامانجـی خـۆی هەیـە، دەیانەوێـت تورکیـا گۆڕانـی بەئـارەزووی ئـەوان تێـدا دروسـت ببێـت، ئـەو تورکیایەیـی کەهەیـە نـەواو ببێـت، دەیانەوێـت لەسـەر ئـەوە ئامانجـی خۆیـان پێکبێنـن، خۆیـان بکەنـە سـوڵتان، لـە تورکیـا ئیمپراتۆریەتـی عوسـمانی نـوێ دروسـتبکەن، وەکـو ڕاهیبـەکان خۆیـان نیشـانبدەن، بـەو شـێوەیە دەیانەویسـت هێـزە دیموکراتـەکان بخەنـەلاوە، ئەردۆغـان چـی بڵێـت ئـەوە پێـک بێنـن، بـەو شـێوەیی دەیەوێـت، واتـا دیموکراسـی بـێ کاریگـەر بـکات، کـوردان بـێ کاریگـەر بـکات ئاکـو بتوانێـت بگاتـە ئامانجـی خـۆی. بـۆ ئەمـەش شـەڕی گـەورە کـرد، لـە تورکیـا کـەس لـە ئـەوە تێنەگەیشـت، بـەڵام پەکەکـە لـەوە تێگەیشـت، چونکـە پەکەکـە چەندیـن سـاڵە لەگـەڵ تورکیـا شـەڕ دەکات، ڕاسـتی تورکیـا بـاش دەزانێـت، پەکەکـە بینـی تورکیـا گورزێکـی گـەورەی بەرکـەوت، ئەوانیـش ئەیانەوێـت لـە ١٢ی ئەیلولـی ١٩٨٠ خراپـتر شـەڕ گەورەتـر بکـەن. بـۆ ئـەوەش پەکەکـە لـە دژی وەسـتایەوە، لەسـەربنەمای چـۆن بتوانێـت لـە تورکیـا دیموکراسـی پێشـبخات، ئـەو دەسکەوتانەی کـە هەیـە بیـان پارێزێـت، چـۆن خاکـی کـوردان بپارێزێـت، لـە دژی ئەوهێرشـانە خۆسـەری دیموکراتـی ڕاگەیانـد، چونکـە ئێمـە دەمانخواسـت کێشـەی کـورد لەچوارچێـوەی خۆبەڕێوەبـەری دیموکراتـی



لە ئەنقەرە چارەسەربکرێت، ئەردۆغان چیکرد هەموو ڕێگاکانی داخست بۆ ئەوەی نەتوانرێ کوردستان لەچوارچێوەی دیموکراتی بگاتە ئامانج، چونکە ئێمە گەیشتبوینە ئەوەی دانوستاندن«مفاوەزات» لەسەر ئەو بنەمایانە بکەین. بەڵام ئەو هێرشی دەکردە سەر خۆسەری دیموکراتی، ئەوکاتە پێویست بوو بەرگری لەخۆمان بکەین، کاتێکیش پاراستنمان بەبنەما وەرگرت ئەوان شەڕیان گەورە کرد تاکو خۆسەری دیموکراتی لەناوببەن و تەسفیەیبکەن. تا ئەوان لە تورکیا یەک زمان و ئاڵاو نەتەوە دروستبکەن. چونکە ئەوان دەڵێن کورد ناهێڵێت دەوڵەت - نەتەوەیی تورک پێکبێت، بۆ ئەمەش پێویستە کورد لەناوببردرێت، ئەو شەڕەی لە دژی کورد و پەکەکەی ئەنجامدەدەن بۆ ئەو مەبەستەیە. ئێستا بریندارەکان دەکوژن، مردووەکان دەسوتێنن، خەڵکی بەکۆچکردن دەدەن، گۆڕستانەکان بۆمباراندەکەن، تەرمی مردووەکان بە دوای ئۆتۆمبێلدا رادەکێشن دەستدرێژی دەکەنە سەر ژنە کوژراوەکان، واتا تەنیا دەیانەوێت کاریگەری لەسەر کوردان دروست بکەن و بیانترسێنن تاکو لەناویان ببەن. دەیانەوێت لەو جێگایی کوردانی لێ کۆچبەر دەکەن، پەنابەرە عەرەبەکانی سوریای تێدا نیشتەجێی دەکەن، بۆ ئەوەی دیمۆگرافیایی کوردستان بگۆڕن، هەروەها لەو ماڵانەی دەریان دەکەن لە شارەکان، حکومەت ماڵەکەی دەڕوخێنن و بینای تێدادەکەن، بەتەواوەتی شەڕێکی لەناوبردنی کەلتوری بەڕێوەدەبەن، شەڕێکی پاکتاوکردن بەڕێوەدەبەن، بۆ ئەوەی جارێکیتر داگیرکاری لە کوردستان ئەنجامبدەن. لەسەر ئەوبنەمایە پەکەکە و کورد دژی پیلانانە رادەوەستن، بێگومان ئەوان لەشەڕی کوبانێ تێکشکێندران لە هەڵبژاردنی ٧ی حوزەیران گورزێکی گەورەیان بەرکەوت، لە بەرخودانی خۆسەری دیموکراتی دیسان گورزێکیتریان خوارد و ئەو پیلانەشیان سەری نەگرت و سەرکەوتوونەبوو، ئامانجیشیان تا ئەورۆژ بوو، بەڵام سەرکەوتونەبوون. دەتوانیین بڵێین ئەو پیلانەی ئەوان ئێستا رووبەڕووی خۆیان بۆتەوە و راستی ئەردۆغان و ئاکەپە و تورکیا بۆ کورد دەرکەوتوە و هەموو کەس و دونیاش باش لەوە تێدەگات، کە ئەمڕۆ ئاکەپە وەک گەڵای دار دەکەون، نمونەش داود ئۆغلو تەسفیەی کرد ئەوە ئەنجامی بەرخۆدانە، بەرخۆدان تا دەچێت ئەردۆغان و دەوروبەری تەنگەتاو دەکات، تادێت لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتیدا بەتەنیا دەمێنێتەوە.

- **ئازادی کۆمەڵگە: ئێوە هیواتان بەچارەسەری دیموکراتیانە ماوە لەگەڵ دەوڵەتی تورک، ئەگەر تا چیدەکەن؟**

ج.بایک: ئێستا لەناو گەلی کوردا شتێک نەماوە بەناوی باوەڕبوون بەدەوڵەتی تورک، ئەمەش باشە خراپ نییە، چونکە ئەم دەوڵەتە کورد قبوڵناکات قەوارەی کورد پەسندناکات، کورد ئەم دەوڵەتەی قبوڵنییە. کورد باوەڕی بە گەلی تورکیا هەیە، کاتێکیش دەوڵەت ڕەندەکاتەوە گەل رەتناکاتەوە ئەمە راستییەکە، ئەگەر بەگەلی تورکیا چارەسەری پێشنەکەوێت ئەوە بە دەوڵەتی تورک چارەسەر نابێت، چ تورکیا چ پارتە سیاسیەکان گۆڕانکارییەکی زهنیان نییە، ئەوان کورد بە نەبوو دەزانن، بەبیستنی کورد خۆشحال نابن، دوژمنی کوردن، بەتایبەت ئاکەپە، بەتەواوەتی دوژمنی کوردە، چارەسەرنەکردنی پرسی کورد بەبنەما وەردەگرن، بۆ ئەوەی لەوەزیاتر تەنگەتاونەبن، لە پەڕلەمانی تورکیا گۆڕانکاریان کرد، حکومەت و پەڕلەمانیان بۆ شەڕێکی گەورە ئامادەکرد، سەرجەم لایەنەکانیان بەرەو شەڕێکی گەورە برد، تاکو ئامانجەکەیان بەدی بهێنن و کورد لەناوببەن و بتوانن خۆیان بکەنە سوڵتان، لەم چوارچێوەیەشدا پرۆژەکەیان بەڕێوەدەبەن. وەک چۆن لەدیرۆکدا دیکتاتۆرەکان چیان

بەسەرهاتووە ئەردۆغانیش ئەو چارەنوسیەتی، دیارە ئەردۆغان باش لێکۆڵینەوەی لە مستەفا کەمال، هیتلەر، سوڵتان عەبدول حەمید کردووە ئەنجامێکی باشیشی لێ دروخستوون، بۆیە هەمان سیاسەتی ئەوان ئەنجام دەدات. هەربۆ ئەوەیە لەناوبردنی کەلتور، دیمۆگرافی، مرۆڤی کوردیان کردۆتە ئامانج، واتە هەمان ئەو سیاسەتەیە کە

## داعش لەکوبانێ گەورەترین گورزی بەرکەوت

مستەفا کەمالیش ئەنجامی دا، ئەو کارەش سەرکەوتو نابێت چۆن پێشتر داود ئۆغلو هەردەیوت لەناویان ببەن، لەناویان ببەن، دوایش خۆی لەناوچوو، ئەمانیش هەروادەبن، ئەم سیاسەتەش وای کرد لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتی نەما، ئەوەی ئادوێنێ لە ناو پرۆژەکەی ئەردۆغان بوون ئەمڕۆ لەدەرەوەی سیاسەتی ئەون، کەواتە بەتەنهاماوەتەوە. راستییەکیش هەیە لەبیرنەکەین، ئەردۆغان تەنها دوژمنی کوردانی باکور نییە، بەڵکو دوژمنی کوردانی پارچەکانی تریشە، کاتێک داعش ئەوەندە گەورەبوو و زوڵمەی کرد لە مرۆڤایەتی لە پشتیەوە ئەردۆغان هەبووەو هەیە، ئەوەی داعش ئەنجامی دا ئەمڕۆ ئەردۆغان لە باکور بەردەوامی پێدەدات، ئەردۆغان کودەتا لەناو کودەتا دەکات، جاران بە سوریا و لیبیا و عێراقی دەگووت برای من، فەتحوڵلا گولەن هەوڵی لەگەڵدا و دەستی گرت ئەمڕۆ دەڵێت فەتحوڵلا گولەن تیرۆریستە ...هتد، لەپێناو دەسەڵات و ئامانجەکانی هەموو شتێک دەکاتە قوربانی، بۆیە پێویستە هەرکەس راستینەی ئەردۆغان باش بناسێت، ئەردۆغان دوژمنی کوردە، کەس ناتوانێت بڵێت ئەردۆغان بۆ کورد و دیموکراسی و مرۆڤایەتی باشە، ئەگەر کەسێک ئەمە بڵێت ئەوە لەگەڵ سیاسەتی ئەردۆغان جیاوازی نییە و هاوبەشە لەگەڵی.

- **ئازادی کۆمەڵگە: شۆڕشی رۆژئاوا و پرۆژەی باکووری سوریای فیدراڵ و ئازادی رەقە، ئەتوانێت چۆن کاریگەری لەسەر گۆڕانکارییەکان بکات؟**

**چاوپێکەوتن** ئێستا رەقە داعش بەناوەندی خۆی دەزانێت، رەقە بکەوێت گورزێکی گەورە لە داعش دەدرێت، ئێستاش داعش وەک سەرەتانیە، سەرەتا هەرکەس لە بەر داعش رای دەکرد، شەڕی نەدەکرد و دەترسا، چونکە داعش بە تاکتیکێکی وەحشیانە کاری دەکرد، سەری مرۆڤەکانی دەبڕی و لاشەیانی دەسوتاند، واتا کارگەلێکی پیسی ئەنجام دەدا. ئێستا لە دژی داعش پەکەکە، یەپەگە وەستاون و گورزی گەورەیان لەداعشدا، ئەمەش سەلمێنەری ئەوەیە کە مرۆڤ دەتوانێت رووبەڕووی داعش بوەستێتەوە، ئادێت داعش لاوازدەبێت و گورزی گەورەی لێ دەکەوێت. داعش لەکوبانێ گەورەترین گورزی بەرکەوت و لەو کاتەوە بە بەردەوامی گورزی لێدەکەوێت، ئابڕوا گورزی گەورەتریشی لێدەکەوێت، هەربۆیەش داعش تەنگەتاوتردەبێت، لە رەقەش گورزی بەرکەوێت ئەوکات کاریگەریەکی گەورە لەسەر ناوچەکە دروستدەبێت، ئێستا کێشەی سوریا لە سوریا چارەدەبێت، ئەویش لەسەر سوریایەکی دیموکراتی چارەسەر دەبێت، ئەوە دەبێتە مۆدێلێک بۆ هەموو جیهان، سوریایەکی دیموکراتی لەسەر ئەو پرۆژەیە دەتوانێت پێشبکەوێت، سوریای کۆن تەواو بوو، لەسوریا دەوڵەتی ناوەندی وەک جاران نەماوە، سوریایەکی نوێ دروستبووە، سوریای نوێش لەسەر بنەمای دیموکراتی پێشبکەوێت، ئەوە دەتوانێت یەکێتی سوریا بپارێزێت، بۆ ئەوەی سوریا بڵاونەبێت و پارچەپارچە نەبێت، ئەوەش لەسەر مۆدێلی ئێستا لە باکوری سوریا هەیە، بەناوی فیدراسیۆنی دیموکراتی پێشدەکەوێت دەتوانێت ببێتە چارەسەری. پێشکەوتنی حکومەت، پەرلەمان و هێزی پاراستن لەسەر ئەو بنەمایەیە لەدەرەوەی ئەوە سەرکەتن نییە.

- **ئازادی کۆمەڵگە: پارتی دیموکراتی کوردستان-عێراق لەبەرچی لەدژی شۆڕشی رۆژئاوا دەوەستێتەوە(سێمالکا، خەندەق، «پێشمەرگەی رۆژئاوا»، دانانی هەموو جۆرە ئابلۆقەیەک)؟**

**چاوپێکەوتن** پارتی دیموکراتی کوردستان/عێراق و ئەردۆغان هەمان ستراتیژی سیاسی بەڕێوەدەبەن. ئەردۆغان دوژمنی کوردە، نایەوێت کورد بگاتە ئەنجام، بەناوی کورد و کوردستان چی هەیە دەیەوێت تێکی بدات، ئەوەش بەئاشکرا دەیکات نەک بەنهێنی، ئیستا پارتی دیموکراتی کوردستانیش لەگەڵ هێڵی ئەردۆغان سیاسەت دەکات، ئەردۆغان تورکە وەک دوژمنێک نایەوێت کورد بگەنە حەقی خۆیان، بۆئەوە هاوکاری پارتی دەکات، دەیەوێت لە پ د ک/عێراق ئەنجامێک بەدەستبخات، چونکە ئەگەر ئەوانە رانەکێشێتە لای خۆی ناتوانن دژی کورد بگەنە ئەنجام، سیاسەتی داگیرکەران چییە؟ کورد لە دژی کورد دەخەنە شەڕەوە، کورد بەکورد دەدەن کوشتن، دوایش بۆخۆی کورد دەکوژێت بۆ ئەوەی بتوانێت بگاتە ئەنجام، ئەمەش سیاسەتێکی کۆنی دوژمنانە. ئەگەر هاوکاری پ د ک/عێراق نەکەن ناتوانن دژی کورد شەڕبکەن، لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتیشدا ناتوانن باوەڕیان پێبکەن، ناتوانن بڵێن کورد لەگەڵ ئێمەیە. بۆ ئەوەی بڵێت شەڕی دوژمن دەکەین، پێویستە هەندێک کورد لەگەڵ ئەوان بێت، لەگەڵ ئەوان لە دژی کورد شەڕبکەن. ئەوکات دەتوانن

هەرکەسێک هەڵبخەڵەتێنن، سیاسەتیان لەسەر ئەو بنەمایەیە، پ د ک/ عێراقیش دەڵێت؛ ئەکەپە بۆ کوردان باشە! شتێکیش ئەردۆغان لەسەر کوردان دەیکات لەبەرچاوە و دەبینرێت، لەباشوور و رۆژئاوا و باکووریش کێشەی عێراق و سوریاش ئەردۆغانە و ئەمەش هەموو کەس دەزانێت.

**"دەڵێن تورکیا 200 ملیۆن دۆلاری داوەتە پارتی تاکو دەروازەی سێمالکا دابخات"**

چۆن ئەردۆغان بۆ کوردان باشدەبێت، ئەو سیاسەتەی ئەردۆغان کەبەڕێوەی دەبات چۆن دەکەوێتە خزمەتی کوردان، کەسێکی خاوەن ویژدان بێت دەتوانێت ئەم کارانە بکات؟؟. داخستنی دەروازەی سێمالکا، ئەوە لە سەر رۆژئاوا داخرا، خۆلەسەر یەپەگە دانەخراوە، ئەمە کێدەیەوێت؟ ئەردۆغان دەیەوێت، ئەمانە ناکەونە خزمەت کوردەوە، کورد هیچ کات ئەمەی قبوڵنییە و دژییەتی و گەورەترین زیانیش لە کورد دەدات، «دەڵێن تورکیا ٢٠٠ ملیۆن دۆلاری داوەتە پارتی دیموکراتی کوردستان تاکو دەروازەی سێمالکا دابخات»، ئەمە نازانین چەند راستە، بەڵام دەوترێت، نمونە خەندەق لێدرا لە نێوان باشوور و رۆژئاوادا لەسەر دەمی سەدامدا کە دوژمنێکی سەرسەختی کوردبوو، بەڵام ئەو خەندەقەی لێ نەدا، ئێستا بەناوی کورد ئەو خەندەقانە لێدەدرێت ئامانجیش تەنیا بڕینی پەیوەندییەکانی باکوور و باشوورە، داگیرکەران کوردستان پارچەدەکەن و دەیانەوێت پەیوەندی کوردان خراپبکەن، ئەمڕۆ کوردان سیاسەتێک لە رۆژهەڵاتی ناوین بەڕێوەدەبەن ئەو خەندەقانە وەلادەنێن و یەکێتییەکی نەتەوەیی لە ئارادایە، ئەمڕۆ کێیە لەسەر ئەو خەندەقانە پێداگری دەکات، دەوڵەتی داگیرکەر و ئەوەی تریش پ د ک/ عێراقە، ئەو سیاسەتە ناکەوێتە خزمەتی کوردەوە، کێن ئەوانە ئاستەنگی بۆ شۆڕشی رۆژئاوای کوردستان دروست دەکات، تورکیا و پارتی و داعشە ئەگەرنا کەسێکی ترنیە. مرۆڤ تێدەگات لە تورکیا و داعش، بەڵام بەناوی کورد و لەهەرێمێکی کوردستان ئەمە نابێت، بۆیە کورد ئەم سیاسەتە بەڕاست نابینێت و زیان لە پارتیش دەدات، پێویستە پارتیش رۆژێک زووتر دەست لەو سیاسەتە بەربدات. ئێستاش فڕۆکە جەنگییەکانی تورک هەر رۆژ سنورەکانی باشوور بۆمباران دەکات، نائێستاشی لەگەڵ بێت پارتی لێدوانێکی شەرمەزارکردنی نەداوە، لەباکوور رۆژانە بەدەیان ماڵ دەروخێنرێت، خەڵکی بەگولەی سەربازانی تورک دەکوژرێن و خەڵک کۆچبەردەبێت، بەڵام پارتی لێدوانێکی نەداوە، لیدوانەکانیشی هەمووی دەڵێت ئەردۆغان بۆ کوردان زۆر باشە، کەسێکی وەک ئەو بۆ کوردان نەبووە، خزمەتێکی باشی کوردان دەکات! دەی هەرکەسێک گوێبیستی ئەو قسانەبێت لە کورد زۆر نیگەران دەبێت.

- **ئازادی کۆمەڵگە: کرانەوەیەکی نێودەوڵەتی بەڕووی شۆڕشی رۆژئاوا کراوەتەوە دواین نوێنەرایەتیشی لە واشنتۆن دەکرێتەوە، هۆی چییە دەوڵەتی تورک و پ د ک/ عێراق دژی شۆڕشی رۆژئاوان؟**

**جەمیلە** شۆڕشی رۆژئاوا شۆڕشێکی گەورەیە، نەک تەنیا بۆ رۆژئاوایە ئەو شۆڕشە بۆ تەواوی کوردستانە، بۆتەواوی گەلانی رۆژهەڵاتی ناوینە، بۆ تەواوی مرۆڤایەتییە. ئەو شۆڕشە لەدژی داعش شەڕدەکات کە داعش بۆسەر مرۆڤایەتی مەترسیەکی گەورەیە، چونکە دوژمنی مرۆڤە، دوژمنی ژن و منداڵ، کەلتور، مەزهەبە جیاوازەکانە، کێ لەخزمەتیاندا نەبێت ئەوان دوژمنی ئەون، واتا بۆتە بەڵایەک بەسەر مرۆڤایەتییەوە، دەی ئێستا رۆژئاوا لەدژی ئەوە رادەوەستێت، گورزی گەورەیان لێدەدەن، دیموکراسی لە رۆژهەڵاتی ناوین پێشدەخەن، دیموکراسیبوونی رۆژئاوا کاریگەری لەسەر جیهان هەیە، کەدەتوانێت لە شۆڕشی فەرەنسا و روسیا زیاتر ئەنجامی هەبێت، چونکە رۆژهەڵاتی ناوین ناوەندی جیهانە، واتە ئەگەر گۆڕانکارییەک دروست بێت بە باش یانیش بەخراپ لەسەر جیهان کاردانەوەی دەبێت، نەک تەنها وەک شۆڕشی فەرەنسا و روسیا کاریگەری لەسەرناوچەیەک دەبێت، بۆیە دوژمنان کەدەبینن لەگەڵ ئامانجی ئەوان نییە ئەو شۆڕشە، بۆیە بەرانبەری دەوەستنەوە. تورکیاش دیارە کە دوژمنی کوردە. دەیەوێت بەناوی کورد کوردستان تێکبدات، بۆیە دەبینێت لە رۆژئاوا ئەوشۆڕشە سەربکەوێت ئەوە ئیدی ئەو ناتوانێت لە باکوور کۆمەڵکوژی و لەناوبردنی کوردان بکات، یان ئەوەیە دەبێت ستاتۆی کوردان دەبێت قبوڵبکەن، کەنایانەوێت ئەوەبکەن، بۆیە بەناچاری دەبێت لەدژیان بوەستنەوە. سەرکەوتنی شۆڕشی رۆژئاوا سوریا دەکەوێتە خزمەتی کوردەوە، عێراق دەکەوێتە خزمەتی کوردەوە، هەربۆیە ئەوان ئەوەیان ناوێت، چونکە بەرنامەی ئەوان هەمووی تێکدەچێت ئەردۆغان دەیەوێت ببێتە سوڵتان وەک عوسمانییەکان لە رۆژهەڵاتی ناوین، رۆژئاوا سیاسەتی ئەوانی تێکدا، سیاسەتیان مایە پووچ بوو، پ د ک/ عێراقیش دەیەوێت هەموو شت لەبەرژەوەندی خۆیبێت و لەدەرەوەی ئەوان کەس نەبێت، لەگۆڕەپانی نێودەوڵەتیشدا تەنیا ئەو هەبێت، لەدەرەوەی بزووتنەوەی ئەوان کەس پێشنەکەوێت، ئێستاش لەرۆژئاوای کوردستان شۆڕشێکی گەورە بەڕێوەدەچێت لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتیدا کرانەوەیەک بەڕوویاندا کراوەتەوە، پارتیش بەمە نیگەران دەبێت و پێی قبوڵناکرێت، بۆیە رووبەڕووی شۆڕشی رۆژئاوا رادەوەستێت، لەلایەک تورکیا دەیەوێت

دژایەتی پێبکات، لە باشووریش دەبینن لایەنە سیاسیەکان لەگەڵ ئەوشۆڕشەن کە ئەوە خزمەت بەتەواوی کوردستان دەکات، بەڵام پ د ک/ عێراق بەناوی باشوورەوە دژایەتی رۆژئاوادەکات، لەباشوور کەس دژایەتی رۆژئاواناکات بەڵکو دژایەتی پارتی خۆی دەکەن، ئەمەش بەداواکاری تورکیایە و رۆژئاواش ناکەوێتە خزمەتی ئەوانەوە بۆیە دژی دەوەستێنەوە.

- **ئازادی کۆمەڵگە: رۆڵی قارەمانانەی گەریلا لە پاراستن و ئازادکردنی شەنگال و جڤاکی ئێزیدی، ئێستا رۆڵ و ئەرکیان چیە لە شۆڕشی کوردستاندا؟**

چەپایک: ئێستا دەزانریت کاتێک داعش هێرشی کردە سەر شەنگال، لە شەنگال حکومەتی هەرێم هەڵهات، سەرەڕای هەبوونی هێزێکی زۆر لە ناوچەکە، ئەگەر شەڕیان بکردایە دەیانتوانی شەنگالیان بپاراستایە، بەڵام شەڕیان نەکرد بۆیە نەیان پاراست، هەمانکات داعش لە شەنگال کۆمەڵکوژییەکی زۆری ئەنجامدا لە کوشتن و بڕین و بەتاڵانبردن و فرۆشتنی ژنانیان ئەنجامدا. گەریلا بەئەرکی خۆی هەڵسا، لەچ کاتێکدا موداخەلەیانکرد، کاتێک پێشمەرگەکانی ئەو ناوچەیە پارێزگاریان نەکرد و هەڵاتن و داعش کەوتە ناوچەکەوە، ئێزیدییەکاند رووبەڕووی ژینۆساید بوونەوە، لەو هەلومەرجەدا گەریلا چووە شەنگال، بەچوونیشیان مردنی خۆیان خستە بەرچاویان و بەرگریان کرد لە ئێزیدی و شەنگال، چونکە لەوێ کێشەی کورد لە ئارادابوو، مرۆڤایەتی نەیدەتوانی ژیان بکات، پێویست بوو رێگری لە داعش بکرابویە، چوونی گەریلاش لەو چوارچێوەیەدابوو کەکەس نەبوو بۆ پاراستنی شەنگال، لەوێ حکومەت و پێشمەرگە نەبوو، ئەگەر حکومەت و پێشمەرگە لەوی هەبوایە دواتر گەریلا بچوایە موکینە بوترایە گەریلا هات حکومەت و پێشمەرگەی لەوێ دەرکرد، گەریلا نەیانهێشت داعش لە شەنگال کۆمەڵکوژی و وێرانکاری بەتەواوەتی ئەنجام بدات، جڤاکی ئێزیدی پاراست شەنگالیان پاراست، کاتێکیش گەریلا ئەو ئەرکە مێژوویەیی ئەنجامدا هەرکەس تووشی شۆک بوو، نەک لەکوردستان بەڵکو لەتەواوی جیهان، لێرەدا راستینەی پەکەکە دەرکەوت بەرچاو، راستینەی پارتی دیموکراتی کوردستانیش دیارکەوت بۆ شەنگال و بۆ ئێزیدیان و کوردان، بۆیە ئەو قسانەی پێشتر دەوڵەتی تورکی فاشیست و هەندێک وڵاتانی تاو تانۆ دەیانگووت لە شەنگال ئەو قسانە کۆتاییان پێهات، چونکە راستییەکە ئاشکرابوو، هەرکەس دەیگووت پەکەکە بزووتنەوەیەکی مرۆڤایەتییە، بزووتنەوەیەکی ئازادی و ئەخلاقییە، پەکەکە وڵات دەپارێزێت گەلان دەپارێزێت، چاندە جیاوازەکان دەپارێزێت نرخی مرۆڤایەتی دەپارێزێت، بۆئەمانە مردنی خۆیان دەخەنە پێش چاویان، شتێک کەس نایخاتە پێش چاوی پەکەکە دەیخاتە پێش چاوی، بۆیە ئەو قسانەی لەپێشتر دەکران ئێستا گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە و پەکەکە رێزی زیاتر بووە، ئێستا ئەوەی شەنگال و ئێزیدی پاراستوە پەکەکەیە کورد و جیهان ئەوە دەزانێت، باشە ئەگەر گەریلا نەهاتایە دوای ئەوەی پێشمەرگە لە شەنگال هەڵاتن شەنگال وێران دەبوو لەسەر ئێزیدییەکان کۆمەڵکوژییەکی گەورە ئەنجامدەدرا کۆتای بە ئێزیدیەکان دەهات، ئێزیدی پێویستە بپارێزرێن، چونکە لەناو کورداندا تایبەتمەندی خۆیان هەیە، مرۆڤ دەتوانێت بڵێت گوزارە لە راستینەی کورد دەکەن، لەروانگەی ئاینیشەوە ئەوان راستینەیەکیان هەیە، بۆیە پێویستە بپارێزرێن، تۆ ئەگەر نەتوانی ئێزیدی بپارێزیت کەواتە ناتوانیت کورد بپارێزیت، مرۆڤایەتیش ناتوانی بپارێزیت، پاراستنی ئێزیدی نرخی مرۆڤایەتییە، بۆیە کاتێکیش پێشمەرگە یان پارتی گەڕانەوە شەنگال دوای بینینی رۆڵی گەریلابوو، ئەمە راستییەکە ئێزیدیەکانیش دەزانن، ئێستاش پ د ک/عێراق بانگەوازی دەکات دەڵێت یان ئێمە یان پەکەکە، یان ئێمە دەرکەوین یان پەکەکە، ئەگەر ناتوانن پەکەکە دەربکەن ئەوە ئێمە بە هاوکاری تورکیا بەشەڕ دەریان دەکەین، ئەوەش تەنیا بۆئەوەیە شەڕێک لەناوچەکە



ئەنجام بدەن، پێویستە کورد ئەمە باش بزانێت، ئەوەش ناکەوێتە خزمەتی شەنگال و ئێزیدییەکان، بەمە کێشەی باشوور گەورەتر دەبێت، ئەمڕۆ بۆ کوردان دەرفەتێکی مێژووی دەرکەوتووە کە کورد بتوانێت بەسەرکەوتن ژیانبکات و ببێتە گەلێکی پێشەنگ، ئەگەر مەترسیەکیش هەبێت بتوانێت چارەسەری بکات، پێویستە هەموو کورد ئەمە بەبنەما وەربگرێت، کێشەی کورد کێشەیەکی مرۆڤایەتییە نەیکەینە قوربانی حیزبایەتی تەسک، حیزب بۆ نەتەوەیە بۆ مرۆڤایەتییە، ئەگەر حیزب بەوشێوەیە کاربکەن دەتوانن ئەنجامیان هەبێ. بۆئەوەی لە شەنگال ناکۆکی دروست بکەن چوون هەندێک ئێزیدیان بە پارە هەڵخەڵەتاند، لەنێوان ئێزیدیەکاندا ناکۆکی و شەڕ دروست بوو، لەنێوان ئێزیدی و یەکینەکانی بەرخودانی شەنگال «یەبەشە» شەڕیان پێکردن، نەکەوتە خزمەت ئێزیدیەکانەوە نە کەوتە خزمەتی حیزبیشەوە، ئەو سیاسەتە هەڵەیەو مەترسیە، پێویستیشە کورد هەموو ئەمانە ببینن و لەدژی ئەم سیاسەتەش بەوەستنەوە. ئێمە جارێکیتر نامانەوێت ئێزیدی پارچەببن باشوور پارچەببێت، لەناوباشووردا دوژمنایەتی دروستببێت، دەمانەوێت یەکێتی نەتەوەیی و سیاسەتی نەتەوەیی دروست بێت، بەم شێوەیە هەرکەسێک دەستکەوتی دەبێت. لە کوردستاندا هەرکەسێک دەتوانێت سیاسەت بکات و خزمەت بکات، کێ خزمەتی باشتری کرد گەل دەتوانێت لەگەڵ ئەوبێت. کێشەی حیزبایەتیش بەو شێوەیە چارەسەر دەکریت.نەک بەشەڕ و هێنانی هێزی دەرەکی و داگیرکەر.

- **ئازادی کۆمەڵگە: قەیران و ئاڵۆزییەکی زۆر روی کردۆتە باشووری کوردستان رۆڵی ئێوە بۆ چارەسەری قەیرانەکان چییە؟**

**چاپێکە** راستە ئێستا لە عێراق و باشووری کوردستان کێشەی گەورەهەیە، تا دەچێت گەورەتریش دەبێت، سیستەم بەڕێوەناچێت، ئەمەش وای کردوە لەسەر گەلی عێراق و گەلی باشوور بێ هیواییەک دروستبووە، هەندێکیش لەوانە رووی خۆیان کردۆتە دەرەوە و چارەسەری خۆیان لە چوونە دەرەوەی وڵاتدا دەبیننەوە، چونکە نایانەوێت لەو ئاڵۆزییەدا ژیان بکەن، لەناو ئەم هەموو کێش و دوژمنایەتیدا بژن، بۆیە لەم کێشانەدا رادەکەن چارەسەری لە دەرەوە دەبینەوە، هەندێکیشیان لەناو ئەم کێشانەدا کێشەکان گەورەدەکەنەوەو شەڕئەنجام دەدەن ئەمانە هەمووی هەڵەن، ئەمانە کێشەکان گەورە دەکەن نەک چارەسەر، پێویستە مرۆڤ وڵاتی خۆی جێنەهێڵێت، لە شارو گوندی خۆی نەڕوات، چۆن ئەم کێشەو ئاڵۆزیانە چارەبکەین؛ لەسەر ئەمە پێویستە رابوەستن و قسەی خۆتان بکەنەیەک و دیموکراتیت پێشبخەن، سیستەمێکی دیموکراتیک دەتوانێت کێشەی عێراق و کێشەکانی باشوور چارەبکات، لەدەرەوەی ئەوە هیچ رێگا چارەیەکیتر نەدەتوانێت کێشەی عێراق نە باشوور چارەسەر بکات، سیاسەتێک لە ناوخۆی عێراق و باشوور بەبنەما وەربگیردرێت نەک دەرەوە، باوەڕیان بەسیاسەتی دەرەوە نەبێت، لەسەر هێز و توانای خۆت تێکۆشان بکە، بۆ ئەوەی بتوانیت کێشەکان چارەسەر بکەیت، چونکە زۆر دەست هەیە لە عێراق و باشووردا ئەوانە کێشەکان گەورە دەکەن نەک بیانەوێت کێشەکان چارەسەر بکەن، چۆن بتوانن پارچەبوون ئەنجام بدەن و شەڕهەڵگیرسێنن بۆئەوەی زیاتر شوێن

> **لەباشووریش دەسکەوتی گەلی ئێمە هەیە ئەو دەسکەوتانە پەکەکە پارێزگاری لێدەکات و ئێستاش دەی پارێزێت، کێ بیەوێت لاوازی بکات و لەناوی ببات ئێمە رووبەڕووی دەبینەوە.**

پێی خۆیان قایم، داواکاری و ئامانجی خۆیان بە بنچینە وەردەگرن نەک خەڵکی عێراق و باشوور. چارەسەری کێشەکان ئەوکاتەیە لەلایەک ئەو سیاسەتە قبوڵ نەکەن لەلایەکیتریش رێگەنەدەن دەستێوەردان بکەن بۆ ئەوەی کێشەکان گەورە بکەن، لەلایەکی تریشەوە پێویستە دیموکراتی لە سیاسەت و لە کۆمەڵگە و لەدەسەڵاندا بەبنەچە وەربگیردرێت کە مرۆڤ بتوانێت لە ناکۆکی شەڕ رابکات، دەتوانن وەک یەکێتیەکی نەتەوەیی دروست بکەن، ئێستا بێباوەڕی و شەڕێک پێشکەوتوە، ئەمانە هەمووی سیاسەتێک و هزرێک هەیە ئێستا چارەسەر ناکرێت، بەشێوازێکی دیموکراتیک چارەسەر دەبێت، چەند هەوڵی پێشخستنی دیموکراتی بدەن ئەوەندە بێ باوەڕی نامینێ، هیوا دروستەبێت چارەسەرکردنی کێشەکان دەکرێت، لەسەر ئەم بنەمایە مرۆڤ دەتوانێت کێشەکانی چارەسەر بکات، کێشەکان بە هێڵی خۆسەری دیموکراتی و یەکێتی دیموکراتی چارەسەر دەکرێت.

- **ئازادی کۆمەڵگە: ئێوەچۆن دەڕواننە رێکەوتنی گۆڕان و یەکێتی، پێتان وایە ئەم رێکەوتنە چۆن سەرکەوتو دەبێت؟**

**چاپێکە** رێکەوتنی یەکێتی و گۆڕان باشە ئەگەر هەموو کورد لەسەر ئەو بنەمایە رێکبکەون ئەوە کارێکی باشە و دەکەوێتە خزمەتی کوردەوە، ئەو رۆڵەی مێژوو بەکوردی سپاردوە، کورد دەتوانێت بۆ خۆی و گەلانی ناوچەکە دەستەبەری بکات، مەترسیش هەیە دەرفەتێکی مێژوویش هەیە، ئەویش پێویستی بەیەکێتی

کـوردان هەیـە لـە نێـوان خۆیانـدا. پێویسـتە یەکێتییەکـی نەتەوەییانـەو یەکێتییەکـی دیموکراتیانـە بـەرەو پێشـەوە بچێـت. کـورد ئەوکاتـە دەتوانێـت مەترسـی کـەم بکاتـەوەو دەرفەتـی سـەرکەوتنی گـەورە بەدەسـتبێنێت بۆخـۆی و بـۆ مرۆڤایەتـی، پێویسـتە کـەس لەیەکێتـی کـوردان نیگـەران نەبێـت، داگیرکـەران دەتوانـن نیگـەران بـن یـان کەسـێک دوژمنـی کـوردە دەتوانێـت نیگەران ببێـت، بـەڵام کـورد نابـێ لـە یەکێتـی کـوردان نیگـەران بێـت، بەڵکـو کەیفخۆشـدەبێت. دەبـێ رەنگـە لاوازی هەبـێ، رەنگـە هەندێـک کێشـەش هەبێـت، ئەوانـە نابێتـە هـۆکار بـۆ تێکدانـی یەکێتـی نەتەوەیـی، بەپێشخسـتنی یەکێتـی نەتەوەیـی ئـەو کێشـانە چارەسـەردەبێت، داواکاری گەلـی کوردیـش ئەوەیـە، ئـەوە خزمەتـی کـورد دەکات، رێکەوتنـی یەکێتـی و گۆڕانیـش

لەباشووریش دەسکەوتی گەلی ئێمە هەیە ئەو دەسکەوتانە پەکەکە پارێزگاری لێدەکات و ئێستاش دەی پارێزێت، کێ بیەوێت لاوازی بکات و لەناوی ببات ئێمە رووبەڕووی دەبینەوە.

باشـە، بۆخۆیـان و باشـوور و چارەسـەرکردنی کێشـەی کوردیـش باشـە، خزمەتـی یەکێتـی کـورد دەکات، رەنگـە لـە رێکەوتنـی یەکێتـی و گۆڕانـدا هەندێـک کێشـە هەبێـت، بەبـاوەڕی مـن ئەگـەر هەوڵـی بـۆ بـدەن دەتوانـن چارەسەریشـی بکـەن، نـەک ئەنیـا پێویسـتە لـە نێـوان ئەوانـدا رێکەوتـن هەبێـت، بەڵکـو پێویسـتە سـەرجەم لایەنـە سیاسـیەکانی باشـووری کوردسـتان رێکبکـەون، پێویسـتە رێکەوتنێکـی نەتەوەیـی لـە باشـووری کورسـتان بێتـە ئـاراوە، لەسـەر بنەمـای دیموکراتـی بـوون بێـت، چونکـە لـەو رێگەیـەوە خزمـەت دەکات و چارەسـەری دەکات، لەسـەر ناوەڕۆکـی دیموکراتـی ئـازادی ئـەو ڕێکەتنـە ئەنجـام نەدرێـت، ئـەو رێکەوتنـە خزمـەت نـاکات، ئـەوکات بۆخـۆی هەندێـک کێشـە دروسـت دەکات، لـە باشـووری کوردسـتان پێویسـتە ئـەوە پێشـبکەوێت، لەنێـوان باشـوور و بەشـەکانی تریـش پێویسـتە پێشـبخریت، ئەوکاتـە لەسـەر ئـەو بنەمایـە دەگەینـە کۆنگرەیەکـی نەتەوەیـی و هێزێکـی سـەربازی کـورد لەژێـر فەرماندارییەتێکـدا بێتـە یـەک و بکەوێتـە خزمەتـی هەمـوو بەشـەکانەوە، هەروەهـا دیبلۆماسـیەتی کـورد لەژێـر چەترێکـدا بێتـە یـەک و بکەوێتـە خزمەتـی بەشـەکانی تریشـەوە، ئیدارەیەکـی کـوردی دروسـتبێت، ئەویـش بکەوێتـە خزمەتـی بەشـەکانی تـرەوە. کەواتـە ئەمـڕۆ رۆژهەڵاتـی ناویـن و کـورد بەهەلومەرجێـک دەربازدەبـن ئەمـە داوادەکات، نـەک پارچەبـوون و دوژمنایەتـی و شـەڕ، یەکێتـی کـورد و گەلانـی تـری ناوچەکـە لـە کوردسـتانی دەیەوێـت، بـەم شـێوەیە کێشـەی کـورد چارەسـەردەبێت، بـەم شـێوەیە کێشـەکانی عێـراق و باشـوور، باشـوور و بەشـەکانی تـری کوردسـتان چارەسـەر دەبێـت.

- **ئازادی کۆمەڵگە: هێڵی سێیەمینی پەکەکە بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد و یەکێتی نەتەوەیی دەتوانێت چۆن رۆڵببینێت؟**

ج.بایـک: پەکەکـە لەخزمەتـی گەلـی کوردایـە لەهەمـوو بەشـەکاندا، پەکەکـە بزووتنـەوەی تەنیـا بەشـێک نییـە و بۆتـەواوی بەشـەکانی تـرە و لەخزمەتـی گەلـی کـوردە، لەکـوێ گەلـی کـورد پێویسـتییەکی هەبێـت پەکەکـە لەوێیـە، ئەمەشـی لـە پراکتیکـی خۆیـدا پێکهێنـاوە، هەمـوو کـەس ئەمـە دەبینێـت، بۆیـە لـە گەلـی باشـوور هیـوا بـە پەکەکـە زیـاد دەبێـت، چونکـە پەکەکـە سـەلماندویەتی کـە تەنیـا بزووتنـەوەی بەشـێکی کوردسـتان نییـە، سـەلماندویەتی کـە تەنیـا بزووتنەوەیـەک نییـە تەنیـا بۆخـۆی بێـت، پەکەکـە بـۆ گەلـی کـوردە، بۆنەتـەوەی کـوردە و بـۆ مرۆڤایەتییـە، لەوچوارچێـوەدا ژیانیکـرد بۆیـە هیـوا بـە پەکەکـە رۆژ بـەرۆژ بـەرەو پێـش دەچێـت، لەباشـووریش بەهەمانشـێوەو خەڵکیـش ئەمـە دەبینێـت، بـۆ ئەمـەش لەسـەر گـەل کاریگەریەکـی بـاش دروسـتدەکات، هیوایـەک دروسـت دەبێـت، ئێمـە هیواداریـن هەمـوو پارتەکانـی تریـش وابـن، نـەک تەنیـا بـۆ خۆیـان بـن و بـۆ بەشـێک بـن، بەڵکـو بـۆ تـەواوی کوردسـتان و تـەواوی مرۆڤایەتـی بـن، ئەمـەش دەسـکەوتێکی گەورەیـە بـۆ گەلـی کـورد، ئـەوە ڕاسـتییەکە کەچـی بکەوێتـە سەرشـانی پەکەکـە، پەکەکـە پێکـی دەهێنێـت، خـۆی بەبنەمـا نابینێـت و گەلـی کـورد بەبنەمـا وەردەگرێـت، لەباشـووریش دەسـکەوتی گەلـی ئێمـە هەیـە ئـەو دەسـکەوتانە پەکەکـە پارێـزگاری لێـدەکات و ئێسـتاش دەی پارێزێـت، ئاکـو پەکەکـەش هەبێـت رێگەنـادات ئـەو دەستکەوتانەش لاوازبـن و لەناوبچـن، کـێ بیەوێـت لاوازی بـکات و لەنـاوی ببـات ئێمـە رووبـەڕووی دەبینـەوە، کاتێـک داعـش هێرشـی کـردە سـەر باشـوور و باشـوور کەوتـە مەترسـییەوە دەسـکەوتی گەلـی باشـوور کەوتـە مەترسـییەوە حکومـەت و پەرلەمـان کەوتـە ژێـر هەڕەشـە، پەکەکـە گەریـلای نـارد و رێگـەی نـەداو نەیهێشـت باشـوور بکەوێتـە مەترسـیەوە، ئـەوە پاراسـتنی باشـوور و دەسـکەوتی باشـوور بـوو، ئێسـتاش مەترسـیەک هەبێـت دووبـارە پەکەکـە هەمـان شـت بـکات بەهێزتـر، پێویسـتە گەلـی ئێمـە لـە باشـووری کوردسـتان بـاش ئەمـە بزانـن و باوەڕبکـەن، ئەمـڕۆ لـە نێـوان باشـوور و عێراقـدا لەنێوان باشـوور و تورکیـا و رۆژئـاوادا کێشـەیەک هەیـە لـە رۆژهەڵاتـا کێشـەیەک دەبینرێـت، پەکەکـە دەیەوێـت ئـەو کێشـانە چارەسـەر بـکات بۆئـەوەی چارەسەریشـی بـکات چیبکەوێتـە

سەر شانی پەکەکە پێکیدەهێنێت، گەلی ئێمەش پێویستە بەمە باوەڕ بکات، پەکەکە بۆ یەکێتی نەتەوەی تێکۆشان دەکات، بۆ کۆنگرەی نەتەوەیی تێکۆشان دەکات، پەکەکە دەیەوێت ئەو کێشەی ئێستا لەنێوان حیزبەکاندا هەیە چارەسەر بکات و نەیهێڵێت، بۆ ئەوەی یەکێتییەک دروستببێت ئیرادەو هێزێکی کورد دروستببێت، لەکوێدا کوردستان کەوتە مەترسیەوە ئەو بتوانێت رووبەڕووی ببێتەوە، ئێستاش لەوچوارچێوەیەدا کاردەکەین، پەکەکە دەیەوێت دیموکراتیەت بێتەئاراوە، سیستەمێکی دیموکراتی دروستببێت، زهنیەتێکی دیموکراتی، سیاسەتێکی دیموکراتی، کۆمەڵگەیەکی دیموکراتی و مرۆڤێکی دیموکراتی دروستببێت، حکومەت دەسکەوتێکە پێویستە دیموکراتیزەببێت، موڵکی حیزبەکان نابێ هەبێت، موڵک موڵکی گەلی کوردە وڵات وڵاتی ئەوانە ، ئەو دەسکەوتانەش هی شەهیدان و گەلە، حیزبیش پێویستە بکەونە خزمەتی ئەوانەوە، نەک بیکەنە خزمەتی خۆیانەوەو گەل بکەنە قوربانی، ئێمەش دژی ئەوسیاسەتەین و لەدژی ئەوەش کاردەکەین.

**ئێستا تورکیا و هاوپەیمانانی نایانەوێت کە هێزەکانی پەکەکە لەو بەرەیەدا جێ بگرێت!**

- **ئازادی کۆمەڵگە: رۆڵی موسڵ لەچارەسەرکردنی کێشەکانی عێراق و باشووری کوردستان چییە، ئایا هێزەکانی ئێوە لەباشوری کوردستان بەشداری لە ئۆپراسیۆنی موسڵ دەکەن؟**

ج.بایک: موسڵ نەک تەنها لەعێراق و باشوور، بەڵکو رۆڵی موسڵی مێژووی هەیە، دەزانین کەلەسەر موسڵ رێکەوتن دروست بوو، لەسەر ئەو بنەمایەش کوردستان پارچەکرا، هەندێک بەشی کوردستان فرۆشران لەسەر ئەو بنەمایە ئەو سیستەم و قەوارانە ئاوابوون، بەهەمانشێوەش دەوڵەت - نەتەوە دروستبوون، لەسەر کورد سیاسەتی تەکۆڵی پێشکەوت، بەپێشکەوتنی کوردیش ئەو سیستەمە تێکچوو، لەرۆژهەڵاتی ناوین سیستەم نەما، لەموسڵیش ئەو سیاسەتە تێکچوو بۆیە مەسەلەی موسڵ مەسەلەیکی گەورەیە، نە تەنها پرسی عێراق و باشوورە، بەڵکو تەواوی کوردستان و دەوڵەتی «عێراق، سوریا، تورکیا و ئێران»ە دەبێتە پرسێکی رۆژهەڵاتی ناوین، بۆیە بەزووی چارەسەر ناکرێت، کێشەی موسڵ لەسەر چ بنەمایەک چارەسەر دەکرێت، موسڵ چۆن بەڕێوەدەبرێت، ئەوە گرنگە لەسەر ئەمە رێکەوتن دروست نەبێت کێشەی کورد چارەسەرنابێت، چونکە تورکیا لەلایەکەوە بەگوێرەی ئامانجی خۆی کێشەی موسڵ چارەسەر بکات، پ د ک/عێراق و تاریق هاشمی و سعودیەو قەتەر ئەوانە لەگەڵ تورکیانە وەک جەبهەیەک دەیانەوێت موسڵ لەژێر دەسەڵاتی خۆیاندابێت و ئەوان بەڕێوەی ببەن، لەلایەکی ترەوە عێراق و ئێران و سوریا و شیعە هەیە، ئەوانیش دەیانەوێت موسڵ بەڕێوەببەن و نەیەڵن ئەو جەبهەی تورکیا ئەنجام وەربگرن، پێش لەپارچەبوونی عێراق بگرن بۆ ئەوە کاردەکەن، لەلایەکترەوە فەرەنسا و ئینگلتەرا کەدوای ئەو شەڕەی ئەمەریکا بەڕێوەی برد ئێستا ئەوانیش دەیانەوێت کێشەکانی موسڵ چارەسەر بکەن، چونکە مەسەلەی موسڵ و رەقە جیاوازنییە و پێکەوەیە، هەردووکیشیان لەدەست داعشدایە و کردویانەتە ناوەندی خۆیان، لەسەر ئەو بنەمایەش داعش دەیەوێت ئەو کێشانە خۆی چارەسەری بکات، بۆیە کاتێک دەڵێن کێشەی موسڵ گەورەیەو بەزووی چارەسەر ناکرێت ئەمە هۆکارەکەیەتی و تەنیا بەرێکەوتن چارەسەردەبێت، ئەگەر بنەماکانی دیموکراسی پێکبهێنرێت ئەوکاتە دەتوانرێت ئەو کێشە چارەسەر بکرێت، ئەگەر وانەبێت تورکیاو هاوپەیمانانی بۆ خۆیان بیانەوێت چارەسەری بکەن، ئەوا موسڵ بۆ عێراق و باشوور و رۆژئاوا بەتەواوەتی دەبێتە مەترسییەکی گەورە، بۆیە دەبێت بە دیموکراسی رێگە لەو مەترسیە بگیردرێت، ئەمەش تەنیا بەرێگەی دانوستان و رێکەوتنەوە دەتوانرێ چارەبکرێت، ئێستا بەرەی تورکیا نایانەوێت کە هێزەکانی پەکەکە لەو بەرەیەدا جێ بگرێت، بۆ ئەوەی بتوانن بەردەوامی بەبەرنامەکەی خۆیان بدەن، بۆئەمەش کاردەکەن بۆئەوەی عێراق و ئەمەریکا .....هتد، تەسفیەبکەن، بۆئەوەی بەرنامەکانیان ئەنجام بگرێت و موسڵ نەکەوێتە دەست وڵاتانی دیموکرات و بیخەنە ژێر رکێفی خۆیانەوە، بەم شێوەش کەسیان رێکناکەون و لەم نێوەندەشدا داعش سودمەندەبێت.

- **ئازادی کۆمەڵگە: وەک دەبینرێت ئاستی پەیوەندییەکانی ئێوە لەگەڵ سەرجەم لایەنە سیاسییەکان باشە، تەنیا لەگەڵ پ د ک/عێراق نەبێت. ئایا بیرتان لەوەنەکردۆتەوە پارتیش راکێشنە ئیجماعی کوردستانی؟**

ج.بایک ئێمە لەگەل سەرجەم لایەنەکان پەیوەندیمان باشە، دەشمانەوێت لەگەڵ پارتیش بەهەمان شێوەبێت، چونکە ئێمە نکۆڵی لەکەس ناکەین، ئێمە هەموو کەس قبوڵدەکەین، مادام پارتیەک هەیە پێویستە قبوڵبکرێت، چونکە ئەویش بەشێکە لە راستینەی کۆمەڵگەی کوردستان، ئەگەر تۆبڵێیت پارتێک لەناوببەیت لە گەڵ دوژمنان لەناوی ببەیت ئەمە لەناو کوردا جێگای قبوڵ نییە و راستنیە، پێویستە هەموو پارتەکان قبوڵبکەین، لەنێوان پارتەکاندا

پێویستە پەیوەندی هەبێت، بەڵام لەنێوان پارتەکاندا شەڕی فکری دەبێ هەبێ ئەوە هیچ پارتێک لاواز ناکات و کۆمەڵگەش لاواز ناکات، ئەوە زیندوبوون دروست دەکات ئەوە گۆڕانکاری دروست دەکات و پێشکەوتن دروست دەکات و دەکەوێتە خزمەتی گەلەوە، لەباشووری کوردستان کەلتورێک هەیە، رەخنە و رەخنەدان قبوڵناکرێت بەدوژمنی دەبینی، ئەوە کۆمەڵگە پێشناخات ئەوە گەورەترین زیان لە کۆمەڵگە دەدات و گەندەڵی دروست دەکات، لەشوێنێک رەخنە و رەخنەدان نەبێت پێشکەوتنیش نابێت، پێویستە رەخنەو رەخنەدان هەبێت لەنێوان پارتەکاندا ئەو پارتەش پێشدەخات و کۆمەڵگەش پێش دەخات، کاتێک رەخنە نەبوو زیندوبوون نابێت، لەسەر ئامانجی نەتەوەیی هەموو دەتوانین ببینە یەک، لەوێدا کێشەیەک نییە لە ئامانجی حیزبایەتیشدا هەریەکەو ئامانجی خۆی هەیە، بەڵام لەنێوان یەکێتی نەتەوەیدا پێویستە هاوسەنگی هەبێت وەک حیزبایەتی لەپێش نەتەوایەتی نەبێت، ئەو کاتە کێشەنابێت، هەرکەسێکیش بیەوێت بۆ نەتەوەیی کوردی دیموکراتی کاربکات ئەوا کورد بەهێزدەکات، لێرەدا کوردستانی گەورە سودمەند دەبێت. ئێمە نامانەوێت لەنێوان پارتەکاندا شەڕی ئایدیۆلۆژی ببێتە شەڕی دوژمنایەتی و پارچەبوون دروستببێت، هەندێکیان بکەونە خزمەتی داگیرکەران و لەدژی کوردان راوەستن و داگیرکەر کورد بەکورد لەناوببات. بۆیە ئێمە دوژمنی ئەو شتانەین، ئێمە دەمانەوێت ناکۆکیەک کە زیان لە یەکێتی نەتەوەی دەدات وەلابنێین، هەر حیزبێک بە بەرنامەی خۆی و شێوازی خۆی بەئازادی کاربکات، ئەمە خزمەتی گەلی کورد دەکات، ئەمەش بەبنەما وەردەگرین، ئێمە دەشمانەوێت هەمووکەس لەگەڵ ئێمە پەیوەندی باش بێت، دەشمانەوێت نێوانی هەمووان لەسەر بنەمای یەکێتی نەتەوەیی بێت بۆ ئامانجی بەستنی کۆنگرەیەکی نەتەوەی و کاری ئێمەش لەم چوارچێوەدایە.

• **ئازادی کۆمەڵگە: دوای کۆتای هاتنی پەیماننامەی سایکس بیکۆ و نەبوونی یەکڕیزییەکی کوردان، ئایا کاتی بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی نیە؟**

**چۆپایک:** من لەپێشتریشدا ئاماژەم بەوەدا دەرفەتێکی مێژووی بۆکوردان هاتۆتە پێش، لەمێژووشدا دەرفەتێکی لەم شێوەیە نەهاتۆتە پێش کورد لەم دەرفەتەدا ئەنجام وەرنەگرێت بەهیچ جۆرێک ئیتر زەحمەتە ئەنجام وەربگرێت، ناشتوانن ئەو مەترسیەی لەسەر مان هەیە تێیپەڕێنین، ناشتوانن ئازادیش بەدەستبهێنن، پێویستە لەم دەرفەتە مێژوویەش ئەنجام وەربگرین بۆ خۆمان و گەلی ناوچەکە و مرۆڤایەتیش، چونکە مێژوو ئەوەی دەوێت مرۆڤایەتی ئەوەی دەوێت، داواکاری تەواوی شەهیدانمان پێویستە لەم دەرفەتە مێژوویەدا بەدەستبهێنین، ناکۆکی نێوان حیزبەکان نەبێتە هۆکاری نەبەستنی کۆنگرەیەکی نەتەوەیی، هەندێک وانیشاندەدەن ناکۆکی حیزبی دەبێتە ناکۆکی نەتەوەی، ناکۆکی حیزبی نابێ ببێتە ناکۆکی نەتەوەیی، چونکە ئەوە ناکۆکی نەتەوەی چارەسەرناکات، کۆنگرەیەکی نەتەوەیی ناکۆکی حیزبەکان چارەسەر دەکات، تاکو کۆنگرەیەکی نەتەوەیی نەبەسترێت نێوانی پارتەکانیش چارەسەر ناکرێت، لەنێوان بەشەکانی تریشدا چارەسەری دروست نابێت، ئەگەر کۆنگرەیەکی نەتەوەیی دروست بوو هێڵێکی نەتەوەیی پێشکەوت ئەوە دەبێتە ئیرادەی کورد، ئەوکاتە هەموو بەشەکان و حیزبەکان ئەمە بەبنەما وەردەگرن، ئەوکاتە هیچ حیزبێک ناتوانێت بە ئارەزوی خۆی بەرنامەی بەڕێوەببات، دیبلۆماسی بەرێوەببات و ئامانجی خۆی نیشانبدات، ئەمڕۆ یەکێتییەکی نەتەوەی نییە بۆیە دوژمن و داگیرکەر ئەمە بەهەل دەزانێت و نایەڵێت یەکێتی نەتەوەیی دروستببێت و نایەڵێت لەم دەرفەتە مێژوویە سود وەربگرین، بۆیە تاکوو ئەودەرفەتە لەدەستنەچووە پێویستە کورد یەکێتی نەتەوەیی پێشبخات، بۆ ئەمەش توانای گەورەمان لەبەردەستە، هیچ ناکۆکییەکی حیزبی نیە کەنەیەڵێت کۆنگرەی نەتەوەیی دروست ببێت، دەتوانین لەوبەشە کۆنگرەیەکی نەتەوەیی سازبکرێت، ئائێستا کۆنگرە نەبووە هۆکارەکەی هەندێک دەوڵەت و هەندێک حیزبیش نایانەوێت لە کۆنگرە بەبەسترێت، بۆیە کۆنگرە دروست نابێت، پێویستیەکی مێژویە و دەبێت دروست ببێت جولانەوەی کورد گەیشتۆتە ئاستێک و دەڵێن باکۆنگرەیەکی نەتەوەیی دروست ببێت و داواکاری گەلی کوردیشە، هەندێک لەحیزبەکانیش داوای ئەمەدەکەن بۆیە پێویستە دروستببێت و پێویستە هەموو کاری بۆ بکەین.

> ناکۆکی نێوان حیزبەکان نەبێتە هۆکاری نەبەستنی کۆنگرەیەکی نەتەوەیی، هەندێک وانیشاندەدەن ناکۆکی حیزبی دەبێتە ناکۆکی نەتەوەی، ناکۆکی حیزبی نابێ ببێتە ناکۆکی نەتەوەیی، چونکە ئەوە ناکۆکی نەتەوەی چارەسە رناکات، کۆنگرەیەکی نەتەوەیی ناکۆکی حیزبەکان چارەسەر دە کات، تاکو کۆنگرەیەکی نەتەوەیی نەبەسترێت نێوانی پارتەکانیش چارەسەر ناکرێت، لەنێوان بەشەکانی تریشدا چارەسەری دروست نابێت، ئەگەر کۆنگرەیەکی نەتەوەیی دروست بوو هێڵێکی نەتە وەیی پێشکەوت ئەوە دەبێتە ئیرادەی کورد، ئەوکاتە هەموو بەشەکان و حیزبەکان ئەمە بەبنەما وەردەگرن، ئەوکاتە هیچ حیزبێک ناتوانێت بە ئارەزوی خۆی بەرنامەی بەڕێوەببات

# ئاڤگە ئەحمەد: درۆی تەکنۆکرات بیدعەیە حزبە عێراقی و کوردیەکان بۆ مانەوەی خۆیان دروستیان کرد



ئا\ ئازادی کۆمەڵگە

لە دیدارێکی ئایبەت بە گۆڤاری ئازادی کۆمەڵگە ئاڤگە ئەحمەد، پەرلەمانتاری بزووتنەوەی گۆڕان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق جەخندەکانەوە کە هەرئەوسەلیم جبورییەی کورد دیفاعی لێکرد، ئەو پارەیەی دەدرا بە پەرلەمانتاران بۆ چاککردنی باری گوزەرانی پەرلەمانتاران کەبڕەکەی هەڵەنەبم ٥٨ ملیۆن دینار بوو داوامان لێکرد کە ئەو پارەیە بدرێتە پێشمەرگە، بەڵام هەر جوابی کوردی نەدایەوە، خۆهەر ٦٥ پەرلەمانتارەکان واژۆیانکرد، بەڵام واژۆکەی بەهەند وەرنەگرت و لە ئەنجامدا بەخشی بە حەشدی شەعبی. ئەمانە و چەندین پرسی گرنگ

- **ئازادی کۆمەڵگە: لە ٢٠٠٣ وە کورد بۆچی چۆتەوە بەغدا؟**

ئاڤگە ئەحمەد: پاش رووخانی رژێمی بەعس و هاتنی سوپای ئەمەریکاو هاوپەیمانەکانی سەرلەنوێ ئیدارەی ئەمەریکی داڕشتنەوەی سیستەمی سیاسی بۆ دەوڵەتی عێراق کردە دروشمی قۆناخەکە، سەرەتا لەڕێگەی نێردەی وڵاتەکەی (پۆڵ برێمەر) وەک حاکمی رەهای عێراق لەتەک ستافێکی فرە لایەن لەبوارە جیاوازەکانی (سیاسی، ئابوری، دارایی، سەربازی و فەرهەنگی،...هتد) هاتنە بەغداد وەک ئیدارەیەکی مەدەنی (پۆڵ برێمەر) ئیدارەو سەرلەنوێ بونیادنانەوەو ئاوەدانکردنەوەی عێراقی گرتە دەست و بۆ رێکردنی کارەکانی سەرەتا مەجلیسی حوکمی دامەزراند، لەتەواوی سەرکردە (شیعی و سونی و کورد)یەکان و یاسای ئیدارەدانی دەوڵەت بۆ قۆناخی گواستنەوە کرایە سەرمەشقی کارەکان و فەرمانی دەسەڵاتی هاوپەیمانی لەلایەن پۆڵ برێمەرەوە رۆژانە بەردەوام لە شێوازی (ئەمری ئیئتیلاف) بۆ بەڕێکردنی کارەکان دادەڕێژراو پەیڕەو دەکرا.

کورد بە ئیقراری سەرکردە دیارەکانی کۆکن لەسەر ئەوەی کە بەشداری راستەقینەو ڕاستەوخۆیان هەبووە لە داڕشتنەوەی دەوڵەتی عێراق و دەستووری هەمیشەیی ساڵی ٢٠٠٥ بۆسەر لەنوێ بەدامەزراوەکردنی دامودەزگاکانی دەوڵەتی عێراقی فیدراڵ.

ئیدی بڕیاری یەکەم هەڵبژاردن بۆ پێکهێنانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دراو دواتر حکومەتی فیدراڵی عێراق و تەواوی دەسەڵاتەکان هەڵبژێردرا. لەو ڕۆژەوە کورد وەک نەتەوە هاوبەش و شەریکە لە چۆنیەتی داڕشتنی بڕیار لە دەوڵەتی عێراقی فیدراڵ و تەواوی مافە نەتەوەیی و نیشتمانیەکانی لە دەستووری عێراقی هەمیشەیی ساڵی ٢٠٠٥ داڕێژراو تەواوی دەروازەو دەق و بڕگە دەستووریەکان بۆ کورد وەک نەتەوە نزیکەی (٢٠٪) پێکهاتەی عێراقی پێکهێناوە.

بەبڕوای من کورد بۆ سەقامگیری و ئارامی و پاشان بەدیهێنانی مافە دەستووری و یاساییەکانی هەنگاوی بەرەو بەغداد ناوە لەبەر هەستیاری قۆناخەکەو بۆ بەدیهێنانی دەرفەتێک بتوانێت بەئاشتیانە داکۆکی لە مافی چارەنوسی خۆی بکات وەک هەرنەتەوەیەکی تری سەر زەمین وەک لە پرۆتۆکۆل و رێکەوتنە نێودەوڵەتیەکان و پەیماننامەکان هاتووە تەواوی گەلانی دونیا مافی چارەی خۆنوسینیان هەیە بەویست و ئیرادەی هاوڵاتیان تەعبیر لە داهاتووی خۆیان بکەن.

> هێندە سەرکردە کوردەکان و حزبەکانیان سەرقاڵی گلەیکردن بوون لەبەرامبەر دەسەڵاتی فیدراڵ هێندە سەرقاڵی جێبەجێکردنی دەق و بڕگە دەستووریەکان نەبوون لە ڕێگەی نوێنەرەکانیان لەبەغداد، هەر بۆیە گرفتی سەرەکی کورد لە جۆری پەیوەندی لەتەک بەغداد دەگەڕێتەوە بۆ بابەت گەلێکی جەوهەری

هەرچەندە تا ئەمڕۆ کورد و سەرکردایەتیەکەی لە رێگەی نوێنەرەکانی نێو دامودەزگای (یاسادانان، جێبەجێکرد، دادوەری) نەتوانراوە وەک پێویست جەخت لە مافە نەتەوەییەکانی بکات، لانی کەم ئەوەی وەک دەق و بنەما لە دەستوور هاتووە بۆ گەلی کوردستان مسۆگەر بکەن. هەڵبەتە بابەتی مەوزوعی و جەوهەری کارتێکەرە ئیقلیمی و نێودەوڵەتیەکان و فاکتەرە نێوخۆیی و بەرکەوتنەکان وای کردووە جۆرێک لەسستی و چۆنیەتی وەدیهێنانی لەمپەرو بەربەستی ئاشکرا لە دانوسانەکاندا بەدی دەکرێت.

- **ئازادی کۆمەڵگە: حکومەتی هەرێم زۆر گلەیی هەیە لە هەموو حکومەتەکانی بەغدا کە دروست بوونە، پەرلەمانتارەکانیش هەر لەبەغدان و دەسکەوتیشیان دیارنییە؟**

ئاڤگە ئەحمەد: ئیدارەدانی وڵاٺ و داکۆکیکردن بۆ وەدەسنهێنانی مافە نەتەوەیەکان بەپێی ئیستحقاقی هەڵبژاردن شتێکەو گلەیکردن بابەتێکی تر. دەشێ لە دانیشتنێکی هاوڕێیانەو پەیوەندیە جیاوەزەکاندا باس لە گلەیی ونادادپەروەری و مکوڕنەبوون لەسەر هەندێک بابەتی ژیاری و ژیانی نەواوی چین و توێژە جیاوازەکانی نێو کۆمەڵگەی عێراقی بەگشتی و هەرێمی کوردستان بکرێٺ و لەڕووی ئەنەکێنەوە ئاڵوێرای بابەٺ گەلێکی هەڵپەسێراو لە چۆنیەتی بەرجەستەکردنی پەیوەندیەکان بکرێٺ، بەڵام کاتێک وڵاٺ دەستووری هەبوو کە دەستوور پێگەو هەرەمی بەباڵاترینی یاساکان هەژماردەکرێٺ لە هەر وڵاتێکدا ئیدی پێویستە جەخٺ لە دەق و بڕگەکانی بکرێنەوە سەبارەٺ بە عیبرەتی جێبەجێنەکردنی لە دامودەزگا جیاوازەکانی سیستەمی وڵاٺ و گلەیکردن شوێنی نیە لە شیکردنەوە و شرۆڤەکردنی بەرنامەی سیاسی و چۆنیەتی ئەنجامدانی.

دەشێ بگەینە قەناعەتێک هێندە سەرکردە کوردەکان و حزبەکانیان سەرقاڵی گلەیکردن بوون لەبەرامبەر دەسەڵاتی فیدراڵ هێندە سەرقاڵی جێبەجێکردنی دەق و بڕگە دەستووریەکان نەبوون لە ڕێگەی نوێنەرەکانیان لەبەغداد، هەر بۆیە گرفتی سەرەکی کورد لە جۆری پەیوەندی لەنەک بەغداد دەگەڕێنەوە بۆ بابەٺ گەلێکی جەوهەری لە چۆنیەتی پیادەکردنی هونەری سیاسەٺ و مەودای نەحقیقکردنی لەڕێگەی دانوساندن و بەرجەستەکردنی نیمی بەهێزی گفتوگۆ و دیبانەکان لەنەک دامودەزگاکانی دەسەڵاتی ئینیحادی.

بەوانای کورد یاریزانێکی بزۆزو چالاک و دووربین و ئاسۆ ڕۆشن نەبووە، چونکە ئیرادەو بەرنامەی ستراتیژ جۆرێک لەنەمومژو نەپو نۆزی بەرژەوەندی نەسکی حزبی لەسەر نیشتووە زیاتر پرسەکان حزبی بوونە وەک لەوەی پرسی نیشتمانی و ڕای گشتی شەقامی کوردی بوبێٺ، دیارە ئەمەش ڕەنگدانەوەکەی لەواقیعدا دەبینرێٺ و ئیرەیی پێ نابرێٺ.

- **ئازادی کۆمەڵگە: پارتەکانی دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان لە نووسینەوەی دەستورو دروستکردنی حکومەتەکان هاوبەشە بە وەزیرو سەرۆک کۆمار و جێگری سەرۆک پەرلەمان، ڕێگریەکان چین کەناتوانن رۆڵ ببینن؟**

ئاڤگە ئەحمەد: لەوەڵامی پرسیارەکانی پێشوتردا کەمێک سەرەداوی وەڵامی ئەم پرسیارەم شیکردۆتەوە، لێ جەخٺ دەکەمەوە کورد ئەجندای ستراتیژی لەبەرامبەر دەسەڵاتی فیدراڵ نەک هەر نیە بگرە لە دیدی سەرکردە کوردەکان هێشتا کورد ئەجنداکەی مەلەفەکەی دۆسێیەکی ئینسانیە نەک سیاسی و نەتەوەیی و نیشتمانی.

دیارە لەواقیعدا ئەم خاڵە بۆ خۆی کارەساتی دروستکردووە، هەر بۆیە زۆرترین بەربەسٺ لە بەدیهێنانی ئەوەی ئەتەوێٺ پرسە گرنگەکان بەهەڵپەسێراوی ماونەتەوەو پەرٺ و بڵاوی ماڵی کوردی و دابەشبوون و جەمسەرگەرایی هەرێمی و نێو دەوڵەتی لە دیارترین خاڵە نەرێنیەکانی سیاسەتی سەرکردایەتی کوردو نوێنەرەکانیەتی لە دەسەڵاتی فیدراڵ.

> **(بەبەردەوامی قەوانی (کێشە هەڵپەسێرداوەکان ئاوازێکی نەشازی سەرکردایەتی کورد بووە**

ئەمە وێڕای ئەوەی بەدرێژایی (١٣) ساڵ لە حکومڕانی کورد لەبەغداد هەمیشە پێیەکی کوردانە و عێراقیانە دابەشبوە بەسەر فکرو ئایدیۆلۆژیەتی پارتە کوردیەکان و ڕاستر کاریگەری ڕاسنەقینەی هەبووە لەسەر وەرگرتنی بڕیار لەلایەن کەسانی یەکەمی حزبی کوردی، کورد هەمیشە وەک برا گەورە کوێخای کێشەو پێکنەگەیشتنی سونەو شیعەو هێزە عەرەبیە عێراقیەکان مامەڵەو گەورەیی خۆی نواندووەو دواجار لە هەر گوژمەیەکی دانوسان کورد زەرەرمەندی گەورە و دەسبەتاڵی یەکەم بۆ چنینەوەی مافەکانی بە ئاکام گەیشتووەو ویستی براگەورەیی لەسیاسەتدا هەڵەیەکی ستراتیژییە، دواجار سیاسەٺ هونەری مومکیناتەو داکۆکیکردنە لەبەرژەوەندیەکان و پاراستن و بەدیهێنانیەتی بۆ چاکەی گشتی و بەرژەوەندی گشتی، لەم ڕوانگەوە هەمیشە عەقڵی کوردی عەقڵێکی تەقلیدی باو خۆی نواندووە هەرزوو بەرامبەرەکانی توانیویانە بە کەمترین کاٺ دەستەمۆی بکەن.

- **ئازادی کۆمەڵگە: ڕەخنەی خەڵک لەسەر نوێنەرانی کورد هەیە لەبەغدا کە رۆڵی خۆیان نابینن، بەتایبەت نەگەڕاندنەوەی کەرکوک و هەرێمی جێناکۆک، دۆسیەیی پێشمەرگەو دۆسیەیی نەوت؟؟**

ئاڤگە ئەحمەد: پێشتر ئاماژەم کرد بەهەندێک هێڵی ستراتیژی لە چۆنیەتی کەمتەرخەمی دانوسانکەری کوردو تیمی هەڵبژێراوی بۆ ئەو مەبەستەو دیدو ئاسۆگەی سەرکردایەتی کورد بۆ پرسە نیشتمانیەکان دیدێکی تەسک و تەنها ڕەهەندێکی هەڵبژاردووە لە دەیان ڕەهەندی چارەنوسازو گەورەترین کارەساٺ لە ڕوانگە هەمیشە کورد مەلەفی خەباتی نەتەوەو نیشتمانەکەی لە عەقڵیەتی ئینسانی دەرنەچووەو نەیتوانیوە لۆبی بەربڵاوی بۆ دەستبەر بکاٺ و دۆسێکەی بە مەلەفێکی

سیاسی لەسەر ئاستی جیهان لەقەڵەم بدات، هەر بۆیە لە پەیماننامەی (سیڤەری) ساڵی ١٩٢٠ تا بەئەمڕۆ هیچ سەرکردەیەکی سیاسی کورد نەیتوانیوە لەسەر ئاستە جیاوازەکان بلێت بنەمای دانوسانی ئێمە وەک نەتەوەو نیشتمان بنەماو دەقەکانی پەیمانی سیڤەرە وەک دروشمی سەرەکی هەمیشە حزبی کوردی و سەرکردە کوردەکان مەست و حەیرانن بە ڕێکەوتننامەی شومی (سایکس بیکۆی) ساڵی ١٩١٦ کە شومترین ڕێکەوتنامەیە لە مێژووی گەل و نەتەوەی کورد سەبارەت بە دابەشبونی نیشتمان و جوگرافیاو مێژوو سیاسەتی نەتەوەیەک لە مێژووی بەشەریەتی دوور و نزیک.

بەبەردەوامی قەوانی (کێشە هەڵپەسێردراوەکان) ئاوازێکی نەشازی سەرکردایەتی کورد بووە، بەدرێژایی (١٣) ساڵی حکومڕانی لە دەسەڵاتی ئیتیحادی بەغداد، ئەم کێشانە بەرنامەو ئیرادەی گشتگیرو ستراتیژی گەرەکە، دەستوور بەڕوونی باسی لەتەواوی ئەو کێشە ئاڵۆزانە کردووەو دەقەکانی تەفسیرو ڕا جیایی هەڵناگرێت، لێ ئێمەی کورد هەمیشە بە ئاڵۆسکاوی چاوەڕێی چارەسەرین بێ بیرکردنەوە لە بنەمای داڕێژراو مەدروس، هەر بۆیە بەشێک لە بەدیهێنانی مافەکان بەبڕوای بەندە، سەرلێشێواوی عەقڵی سەرکردە کوردەکان و نەبوونی یەکڕیزی ماڵی کورد ( بەمانا بەرفراوانەکەی نەک مەجازیەکەی)، چونکە خەسڵەتی یەکڕیزی بەدروشمی کاتی و تەکنیکی هیچ بەرهەمێکی ئەونۆی لێ چاوەڕێ ناکرێت و بەوە دەگەین کە ئێستا گەیشتوین بەداخەوە.

- **ئازادی کۆمەڵگە: فراکسیۆنە کوردیەکان بۆچی لەگەڵ چاکسازیەکەی عەبادی و حکومەتە تەکنۆکراتەکە نەبوون؟**

ئاڤگە ئەحمەد: بەڕاشکاوی جۆری سیستمی سیاسی بە ئەجندای ئیدارەی ئەمەریکی داڕێژراوە لەسەر بنەمای ( بەشبەشینە، تائیفەت، حزبی، قەومچێتی ) داڕشتەی کۆمەڵگەی عێراق بەگشتی و هەرێمی کوردستان وەک تاکە هەرێمی دەسەڵاتی فیدراڵی بەتایبەتی ئالودەی ئەم بنەمایە بووەو ڕەنگدانەوەی لە واقیعی کۆمەڵگە زۆر بەزەقی هەست و کاریگەری هەبووەو دەبێت.

ئەم جۆرە لەسیستەم بنەمای (تەوافوق) هەمیشە شکستی سیستمی سیاسی لە هەناوی خۆیدا بەرهەم هێناوە، پاش (١٣) ساڵ لە حکومڕانی نەک هەر سەرەتاو ماکە خراپەکانی ئەم جۆرە لە ئیدارەدان دەرکەوتووە بگرە بەکاوەخۆو بە قۆناخبەندی گەورەترین کارەسات و داڕمانی دەوڵەتێکی ئیعلان کردووە، بڕوانە عێراق گەندەڵترین وڵاتە لەجیهان دا، خراپترین ئارامی و ناسەقامگیری و ئیدارەدانی هەیە کە وێنەی نیە لە جۆری حکومڕانی لە دونیادا، خراپترین وڵاتە بۆ پەرەسەندنی هەژاری و بێ کاری دانیشتوانەکەی، زەنگی ترسناک و ڕاچەنینی قەیرانی دارایی و ئابوری قوڕقوڕاگەی سیستمە سیاسیەکەی گرتووە و هەڕەشەی لەناوچوون گەیشتۆتە نێو دەروازەو ماڵی ئیدارەدان و حکومڕانی، درۆی تەکنۆکرات بیدعەیە حزبە عێراقی و کوردیەکان بۆ مانەوەی خۆیان دروستیان کرد و بۆ بەردەوامی دەسەڵاتیان تەبەنی ئەم دەستەواژەیان لە چۆنیەتی حوکمرانی کرد، کورد هەڵەی گەورەی کردووە پشت ئەستورو دەستبەرداری (بەشبەشێنەو تایفەگەری و حزبیبون و قەومچێتی ) نابێت و داکۆکیکەری سەرسەختی بنەمای (تەوافوقە ) لە حکومڕانی عێراق و هەرێمی کوردستان.

بڕوانن لە کوردستان چ کارەساتێک دەرهەق شەرعیەت و دامودەزگاکانی بە ئینقلابی حزبی و بەبڕیاری تاکە حزبێک چۆن چۆن بەرجەستەکراوە زیاتر لە (٦) مانگە دامودەزگانی تەشریعی ئینقلابی بەسەرکراوە، حکومەت حکومەتی خێزان و تاکە کەسەو مەشلول و گەوجێنراوە، دەسەڵاتی دادوەری بە تەداو دەسەڵاتەکانی هەڵناسێت و بێ دەنگیەکی مەترسیداریان هەڵبژاردووە، ئەم ئەزمونە لە کوردستانەوە وەک ڤایرۆسی بۆ مانەوە لەسەر کورسی حکومڕانی و پایەی دەسەڵات زۆر بەتیژی و بەتەوژم بۆ بەغداش گوێزرایەوە هەربۆیە ئێستا هەرێمی کوردستان بەغداد هێندە مکوڕو کۆکن لە پیادەکردنی سیاسەتی ڕۆژیان زۆر کات ناتوانی لەیەکتریان جیابکەینەوە و دەکرێت بڵێین (دوو دیوی یەک دراوی قەڵبی حکومڕانی و ئیدارەدانی دەوڵەتن لە مێژووی بەشەریەت و دەوڵەتداری)، ئەمە بەشێکی وەڵامی پرسیارەکەیە و بەشەکەی تری پەیوەستە بە فراکسیۆنەکان خۆیان و توندڕەوی سەرۆک فراکسیۆنەکان و نەگەڕانەوەیان بۆ رای ئەندامانی فراکسیۆنەکان لە دیدو بۆچوون و داڕشتەی بەرنامەیان دەرهەق داکۆکیکردن لە بەدیهێنانی مافە نەتەوەیی و نیشتمانیەکان لە دەسەڵاتی فیدراڵ، تا زۆر بابەتی تر... کە ئێستا جێگەی نیە باس بکرێت و ناچمە نێو تەفاسیلی هەندێک بابەتی لاوەکی کە ڕەنگدانەوەی ناکاملانەی هەبووە لەسەر هەندێک سەرۆک فراکسیۆن وناکرەوی لەوەرگرتنی بڕیارو نەگەڕانەوە بۆڕای فراکسیۆنەکەی.

- **ئازادی کۆمەڵگە: یەکخستنی حکومەت و پەرلەمانی بەغدا خزمەتی بە ئەجندای کێ کردوە؟؟**

ئاڤگە ئەحمەد: خزمەتی بە ئەجندای بنەماو دروشمی پەیڕەوکراوی (تەوافوق) و پێگەی (بەشبەشێنەو تایفەگەری و مەزهەبی و حزبی و قەومچێتی ) کردووە کە تەواوی حزبە عێراقیەکان بە سونەو شیعەو کوردەوە پیادەیان کردووەو زەرەرمەندی یەکەم و کۆتاو هاوڵاتی و

گـەلانی عێراقـن بەگشـتی.

- **ئازادی کۆمەڵگە: فراکسیۆنە کوردیەکان ئەگەڕێنەوە بەغدا، مرجیان چیە؟**

ئاڤگە ئەحمەد: ببورە بەندە وتەبێژی فراکسیۆنە کوردیەکان نیم و ڕێگە بەخۆم نادەم قسە لەو بابەتە بکەم دەتوانیت لە سەرۆک فراکسیۆنەکان بپرسن، لێ ئەوەی دیارە (ئیجماع)ێک هەیە بۆ گەڕانەوەو نەگەڕانەوە ئەوەی هەست پێ دەکرێت دەتوانم بڵێم بەرنامەیەکی ئیجماعی کۆیان ناکاتەوە بەتایبەتی ڕەنگدانەوەی ئەم واقیعە لەپاش واژۆکردنی ڕێکەوتنی دەباشانی نێوان یەکێتی نیشتمانی و بزووتنەوەی گۆڕان، ئیدی باڵەکانی ئیجماع خەریکە لەیەکتر دەترازێن و وەک دەڵێن؛ هەرکەس بۆ لەیلای خۆی گۆرانی دەڵێت بەداخەوە.

- **ئازادی کۆمەڵگە: گەڕانەوە بۆ بەغدا ناکۆک نییە لەگەڵ ئەو دەنگۆیەیی هەیە سەبارەت بە ریفراندۆم، ئەگەر ریفراندۆم بکرێ هەبوونی پەرلەمانتارانی کورد لەبەغدا بێ واتا نابێ؟**

ئاڤگە ئەحمەد: لەوەڵامی پرسیاری پێشو ئاشکرام کرد کەئێستا قۆناخی حکومڕانی لەکوردستان لەبەردەم مەترسیەکی گەورەدایەو هۆکارەکانم شیکردەوە، بەڵام پێویستە هەمووان بەبەرپرسیارێتییەوە ڕەفتار بکەن و مکوڕنەبن لەسەر عینادو لێکترازان و شەڕی کۆنە قین و بەردەوام بوونی ئینقیلاب و پیادەکردنی هەوەسی ناکرەوی لە حکومڕانی و مانەوە تا کۆتایی ژیان لەسەر کورسی حکومڕانی و گەلێک بابەتی تر...

- **ئازادی کۆمەڵگە: یەکێتی دیموکراتیانەی کورد و گەلانی عێراق باشترنییە لەئێستا لەجیابوونە لەعێراق؟**

ئاڤگە ئەحمەد: ئەگەر سیستەمی پەیڕەوکراو لەماوەی (١٣) ساڵی عێراق لە حکومڕانی لەسەر بنەمای (تەوافوق) و پەیڕەوکردنی دروشمی (بەشبەشێنە، تایفەیت، حزبیبوون و قەومچێتی ) بێت پێم ناڵێیت بنەماکانی دیموکراسی لەکوێی ئەم دووبنەمایە خۆیان دەبیننەوە؟. لەبەرئەوە هەموو ئەگەرو پێشهاتەکان لەسەر ئاستی نێونەتەوەیی و هەرێمی و ناوخۆی عێراق وادەخوازێت سەرلەنوێ دابەشبوونی جیۆپۆلەتیکی ناوچەکە بەرنامەی پێشینەی بۆ دارێژراوەو گەرەکیانە (ڕێکەوتنامەی سایسک بیکۆ) پاش تێپەڕبوونی (١٠٠) لە واژۆکردنی تێپەڕێنن و سەرلەنوێ بەدنیابینیەکی تر ناوچەکە جوگرافیاکی ئالووێراو دابەشبوونی نوێ بەخۆوە ببینێت و پێشبینی ئەوەش دەکرێت عێراق یەکێکە لەو وڵاتانەی سنەمی زۆرداری پێوەلکانی زۆرەملێی نەتەوەکانی لەسەر هەڵبگیرێت و بەرژەوەندی زلهێزەکان پێویستی بەوە هەیە وەک چۆن لەناوەڕاستی سەدەی رابردوودا لەنێو جەرگەی نیشتمانی عەرەبی بەپەیمانامەی (بلفۆر) دەوڵەتی ئیسرائیل دیاریکرا بۆ دڵدانەوەی کارەساتی هۆلۆکۆست سەبارەت بەجولەکان و ئێستا دەوڵەتی ئیسرائیل بەهێزترین دەوڵەتی دیموکراسیەتی بێ وێنەیە لە ناوچەکە، پێشبینی دەکەم پێگەی جیۆپۆلەتیکی کوردو بەپێی زەویەکەی و هەڵکەوتەی لە ناوچەکە مۆژدەی ئەوە دەدات کە پێویستە کورد بکرێتە دەوڵەت و ببێتە دەستە خوشکی دیموکراسی هاوشێوەی دەوڵەتی ئیسرائیل، دواجار مەزەندە ناکرێت بەو پرسیارەی جەنابتان وەزعی دەوڵەتی عێراق ببینرێتەوە لە ئایندەدا.

- **ئازادی کۆمەڵگە: بەشداربوونت لە کوتلەی ئیسلاح چ خزمەتێک بە پرسی دیموکراتی و خزمەت گوزاری و پرسی نەتەوەیی دەکات؟**

بە دڵنیاییەوە ئە م کوتلەیە چاکسازییە، داوای چاکسازی دە کات، ئە گە ر سیاسیانەش بیری لێبکەینە وە چ سونە و چ شیعەش لە هە ردوو بەرەکەدا هە ن، تەنها کورد نەبێ دیفاع لە سەلیم جبوری دەکات کە چوار دۆسیەیی ی ئیرهابی لە سەرە و کۆمەڵێ مەلەفی گەندەڵی، هەرئەوسەلیم جبورییەی کورد دیفاعی لێکرد، ئەو پارەیەیی دەدرا بە پەرلەمانتاران بۆ چاککردنی باری گوزەرانی پەرلەمانتاران کەبڕەکەی هەڵەنەبم ٥٨ ملیۆن دینار بوو داوامان لێکرد کە ئەو پارەیە بدرێتە پێشمەرگە، بەڵام هەر جوابی کوردی نەدایەوە، خۆهەر ٦٥ پەرلەمانتارەکان واژۆیانکرد، بەڵام واژۆکەی بەهەند وەرنەگرت و لە ئەنجامدا بەخشی بە حەشدی شەعبی، هەر ئەو سەلیم جبوریەبوو کە داوامانکرد ٣٪ موچەکانمان کەلێدەبڕیت بدرێتە پێشمەرگە، چونکە پێشمەرگە و حشدی شەعبی هەردووکیان لە بەرەکانی جەنگدان و بەشەکەی ئێمەش بدرێتە ئەوان، بەڵام دیسان هەروەڵامی نەدایەوە. نازانم کورد بۆچی داکۆکی لە سەلیم جبوری دەکات وەبەدڵنیاییەوە کورد داکۆکی لە رێزدار ئارام نەکردوە، وەک کوردێکیش مێژووم بۆخۆم نووسی کەدژی چاکسازینیم و لەگەڵ بەش بەشینەیی حیزبیشدانیم، چونکە هەردولا شیعە و سونە کوتلە عەرەبەکان دابەشبوون، هەندێک لەم لاو هەندێک لەولا دژی چاکسازی وەستانەوە، بۆیە بووین لەو بەرەیەدا رێگرە لە هەرقەرارێک کە دژ بەکوردبێت، واتە توانیومانە مافی کورد لەم بەرەیەدا بەدەست بهێنین و چاکسازیش ئەرکێکە لەسەر شانی هەر تاکێکی ئەم کۆمەڵگەیە.

# نان و موچەی کوردستان، چارەچیە؟



د. محەمەد کیانی

حەیدر عەبادی، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق لە دیمانەیەکی تەلەفزیۆنی «العیراقیە»دا لە ٢٠١٦/٢/١٦ چەندین تەوەری پەیوەندیدار بەهەناردەکردن و فرۆشتنی سەربەخۆی نەفتی کوردستان لەلایەن دەسەڵاندارانی هەرێم و موچەی پێشمەرگە و فەرمانبەران دەداتە بەرباس و بە کورتی دەڵێت؛ «ئەوەی دیارە بە ژمارە لە رێگای بۆریەوە، بێجگە لەوەی بە تانکەر هەنارده دەکرێت، هەرێم بارنەقای ١٦٪ نەفتی عێراق هەناردەی دەرەوە دەکات و دەیفرۆشێ. ئەو رێژەیە بارنەقای بودجەی هەرێمە، بۆچی پێنج مانگە موچەی فەرمانبەرانی هەرێم نادەن، ئێمە موچەی کارمەندانی دەوڵەتمان بەرێکی داوە. من زۆر دڵم ناخۆشە هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان بێ موچەن، دەبێ سەرکردەکانی هەرێم وەڵامی ئەو پرسیارە گەورانە بدەنەوە، ئەو داهاتە بۆ کێو دەچێ؟ بۆ شەفافیەت نییە؟ پارەکە لای کێیە، ماقولە وەزیری دارای هەرێم ئاگادارنییە لە داهاتی نەفت؟ لای ئێمە پارەی هەر برمیلە نەفتێک کە دەفرۆشرێ دیارە و دەزاندرێ دەچێتە ئەو سندوقەی بۆی دەستنیشان کراوە و چاودێری دەکرێت لەلایەن وەزیری دارایی، بانکی ناوەندی و لایەنی پەیوەندیداری تر و پەرلەمان. ئەی بۆ لە هەرێم وانییە. باشە با نەفتەکەمان رادەست بکەن من ئامادەم موچەی هەموو فەرمانبەران و پێشمەرگە بدەم». ئەمە کورتەی قسەکانی عەبادیە.

من لەلایەن خۆمەوە و زۆر بەراشکاوانە و جورئەتەوە پشتگیری ئەو پێشنیارەی عەبادی دەکەم و داواکارم هەموو حیزب و پێشمەرگە و فەرمانبەرانی هەرێمیش پشتگیری ئەو پێشنیارە بکەن. ئەوە تاکە رێگەیە بۆ:

١. موچەی فەرمانبەران بە رێکی و بەردەوامی و بەتەواوی بدرێت هەموو مانگێک وەک چۆن دەبێ وابێ، تا چیدی خەڵکی کوردستان تووشی نەداری و زەلیل بوون و نائومێدی و سوکایەتی پێکردن نەبێت.

٢.مانگ بە مانگ داهات و موچە و باری ئابوری و کۆمەڵایەتی هەرێم خراپتردەبێت، چونکە نەفتی هەرێم هەرزان فرۆش دەکرێت و گەندەڵکاریەکی زۆری تیایە. بە گوێرەی ئامارەکانی وەزارەتی سامانە سروشتیەکانی هەرێمی کوردستان لە مانگی چوار نەفتی هەرێم بەرمیلی بە بیست و پێنج ٢٥ دۆلار فرۆشراوە، لە هەمان ماوەدا نرخی بەرمیلێک نەفت لە بازاڕی جیهان نزیکی ٤٨ دۆلار بووە. پرسیارەکان لێرەدا ئەوانەن؛ ئەو نەفتە بۆ وا هەرزانفرۆش کراوە و بە کام کۆمپانیا فرۆشراوە؟ ئەو کۆمپانیایە هی کێیە وا بەهەرزان نەفتی پێدەفرۆشرێت؟ ئەی ئەوە تاڵانفرۆشی سامانی کوردستان نییە؟ کێ ئەو هەقەی پێداون ئەوها ئابوری کوردستان وێران بکەن؟ سەبارەت بە دیارنەمانی داهاتی نەفتی هەرێم، ئاشتی هەورامیش ئەوە دەردەبڕێت کە ئەو نازانێ داهاتی نەفت چی لێدێت، وا نیشاندەدات ئەو تەنها بەرپرسە لە لایەنی تەکنیکی بەرهەمهێنانی نەفت و ئاگادارنیە لەلایەنی دارایی و سیاسی.

٣. بۆ دەبێ میللەت ئەو سوکایەتی و بێڕێزی کردن و دزیە قبوڵ بکات و مەمنونیش بێت لە پای ئەوەی سەرانی هەرێمی کوردستان نەفت بە سەربەخۆیی هەناردەی دەرەوە دەکات و دەیفرۆشێ؟ بەلایەنی دەسەڵاندارانی هەرێمەوە، بۆ خاتری بەرژەوەندیە تایبەتیە زۆرەکانی خۆیان و دزی چەند کەسێکی دەسەڵاندار کە بەو پرۆسە پڕ لە گەندەڵیە دەستەبەر دەکرێت، ئەوەندە دەهێنێ خەڵکی کوردستانی بۆ تاڵانبراو بکرێت.

> **نەدانی تەقەمەنی و چەکی پێویست بە هێزەکانی پێشەوەی بەرگری لە شەڕی داعش و بازرگانیکردن پێیانەوە دەرنجامی ئەم سیاسەتە چەوتەیە**

قەیرانەکانی ئابوری کوردستان و نەدانی موچەی فەرمانبەران و پێشمەرگە و نەدانی تەقەمەنی و چەکی پێویست بە هێزەکانی پێشەوەی بەرگری لە شەڕی داعش و بازرگانیکردن پێیانەوە دەرنجامی ئەم سیاسەتە چەوتەیە. ئەم دەرهاویشتانە بەڵگەی بێگومانی فەشلی تەواوی حکومەتی هەرێمە لە بەڕێوەبردنی پیشەسازی و بازرگانی نەفت و هێنانەوەی داهاتەکەی بۆ هەرێم بە شێوەیەکی ئەمین و شەفاف. دەبێ بزانین ئەو جۆرە پرۆسە گوماناوییەی هەناردەکردنی نەفت بۆ خاتری گەندەڵی و دزینی سامان و قوتی خەڵکە کە ئەو تراجیدیا و بێکەرامەتکردنانەی بەدواوە دادێ. ئەگەر حکومەتی ناوەندی بەشە خۆراکی ببڕیبا ئێستا خەڵکێکی گەلێک زۆر دووچاری برسیەتی دەبوونەوە، ئەگەر بەشە دەرمانی هەرێمیشی ببڕیبا دەبایە تەخۆشخانە گشتیەکان دابخرابان و باری تەندروستی خەڵک یەکجار ناهەموارتر دەبوو. بازاڕی شارەکانی کوردستان بەبوونی بڕێکی زۆری عەرەبە ئاوارەکانەوە بڕێک جولەی تیا ماوە، ئەوانەش بڕۆنەوە بازاڕ بەتەواوی رادەوەستێ و ژیانی کاسبکارانیش خراپتر دەبێت.

برسیکردنی گەلێک بۆ تێرکردنی حەزە چاوچنۆکەکانی چەند کەسێک کە ژمارەیان لە پەنجەکانی دوو دەست تێپەڕ ناکات لە تەحەمولی کۆمەڵگەدا نەماوە و نابێ بەردەوام بێت. شەش مانگی تر دانەپانی

ئابـوری بەنـەواوی روو دەدات و زۆربـەی موچـە خـۆران دەکەونـە ژێـر هێلـی هەژاریـەوە. کاریگەریەکانـی ئـەو قەیرانـە ئابوریـە زۆر بـە ئێـش و کـول و روخێنـەرە لـە سـەر هاوڵاتیـان، بێگومانیشـم لـەوەی سـودمەندە سادیسـنەکانی دەسـەڵات چێـژ لـە ئـازاری خەڵکـی بێچـارە وەردەگـرن. ئاسـەوارە نەخواسـتراوەکانی هێـدی هێـدی پەرەدەسـێنن. سـازیە ئایەنیەکانـی پاراسـتنی ئاسایشـی و ئارامـی وڵاتیـان هێـدی هێـدی لـە دەزگایەکـی پێویسـتی کۆمەڵگـە پارێـز و پاراسـتنی نیشـتیمان و نەتەوەیـی پەیوەندیـدار بەگەلـەوە دەکرێنـە ئامـرازی توندوتیـژی و سـەرکوتکردن و راوەدونـان و پێشـێلکاری مـاف و ئازادیەکانـی تـاک و کۆمەڵگـە. ئـەو دەزگا گرنگانـەی دڵنیایـی و پاراسـتنی سـەر و ماڵـی گـەل ئـەو وەزیفـە پیرۆزانـەی خۆیـان لەدەسـت دەدەن و دەکرێنـە ئامـرازی بەکرێگیـراو بـۆ تۆقانـدن و سـەرکوتکردنی هاوڵاتیانیـان و بەرگریکـەر لـە گەنـدەڵ و گەندەڵـکاری نوخبەیێکی کەمی دەسـەڵاتداری چەوسـێنەری دژە ئیرادەی گەل. ئاسایشـی نەتەوەیـی و تۆکمەیـی و ئاشـتەوایی کۆمەڵایەتـی تووشـی شـلەژان دەبێـت. لێکـترازان و بەریەکەوتنـی تـاک و چیـن و توێژەکانـی کۆمـەڵ و لادانـی ئـاکاری و کۆمەڵایەتـی هەڵدەکشـێ.

مەسـەلەی چۆنیەتـی و کـێ هەنـاردەی نەفـت دەکات پەیوەسـتە بـە سیاسـەتی بەڕێوەبردنـی کاروبـاری ئابـوری و دارای هەرێـم، بـە شـێوەیێک کە لـە بەرژەوەنـدی خۆشـگوزەرانی و ژیانـی خەڵـک و گەشـکردنی کۆمەڵایەتـی و کلتـوری و ئابـوری گشـتیدابێت. کام رێگـەی هەناردەکـردن و فرۆشـتنی نەفـت، لەلایـەن دەسـەڵاتی هەرێمـەوە یـان حکومەتـی ناوەنـدی، گرنـگ نییـە بـە بارنەقـای کام رێگەیـان لـە بەرژەوەنـدی هاوڵاتیانـدا دەبێـت. بۆیـە ئـەو مەسـەلەیە دەبـێ لـە روانگەیەکـی پراگماتیانـەوە سـەیر بکرێـت، نـەک مەسـەلەی بـاوەڕی هەبـوون یـان نەبـوون بـە شـیعە و حکومەتـی ناوەنـد. ئەگـەر ئێمـە گومانمـان لـەوان هەیـە، ئەوانیـش بـە هەمـان شـێوە گومانیـان لـە ئێمـە هەیـە. دەبـێ پـێ بـەو راسـتیە دابنێیـن: ئێمـە چـۆن چاوەڕوانیمان لـە خەڵکـی تـر هەیـە بـە هەمـان شـێوە ئەوانیـش چاوەڕوانیـان لـە ئێمـە هەیـە. ئەگـەر ئـەوان هەڵـە و زیادەڕۆییـان هەیـە، ئەوانـەی ئێمـەش بێبـەری نیـن و بەشـێکن لـە دورسـتکردن و گەشـەکردنی گـرژی لـە نێـوان هەرێـم و ناوەنـد. نابـێ هەرچـی لایەنـە سیاسـیەکانی ئێمـە دەیکـەن بـە هـەق و ناهـەق پێـمان ڕاسـت بێـت. چـۆن گومـان لـە هەڵویسـت و کـرداری لایەنـی بەرامبـەر دەکەیـن، دەبـێ ئەوەنـدە بوێـری و ڕاسـتگۆیمان تێدابێـت هەڵسـەنگاندنێکی واقیعیانـەی پەیوەنـدی و هەڵسـوکەوت و جموجۆڵـە نائاسـایەکانی حکومەتـی هەرێـم بـە تورکیـا و سـعودیە و قەتـەر و هەندێـک لایەنـی گومانـاوی سـونەی عێراقـەوە بکەیـن. ئـەو گومـان لـە یەکـتر کـردن و جەمسـەرگیریەی هـەردولا وادەکـەن پـردی پەیوەنـدی و لێکتێگەیشـتن و متمانـە بەیەکـتر کـردن بپچڕێـت. بـەلای منـەوە، ئـەو هەڵوێسـتانەی هەرێـم بەشـێک نینـە لـە پرۆسـەی زەمینەسـازی بـۆ کوردسـتانێکی سـەربەخۆ، بەڵکـو هـۆکارن بـۆ رەخسـاندنی بوارێکـی فراوانـتر بـۆ زیاتـر دەسـتێوەردان و زیادکردنـی هەژمونـی ئـەو لایـەن و دەوڵەتانـەی رێگـری هـەرە سـەرەکین لـە پێـش بەدیهێنانـی یەکێتـی نەتەوەیـی و مافـە ڕەواکانـی گەلـی کـورد و دروسـتبوونی کیانێکـی کوردسـتانی سـەربەخۆ. دەسـەڵاتی هەرێـم پرسـی بودجـەی هەرێمـی تێکـەڵاو بـەم پرسـانە کـردوە، لـە پێنـاوی بەرژەوەنـدی سـودمەندەکانی بازرگانـی نەفـت. بەهەرحـاڵ ئێمـە لێـردا باسـی مژارێکـی دەسـنوبرد دەکەیـن بـۆ مەسـەلەی چارەسـەرکردنی قەیرانێکـی راستەوخۆ پەیوەندیـدار بـە بژێـوی زۆربـەی هـەر زۆری هاوڵاتیانـی هەرێـم کـە بـەردەوام لـە هەڵاوسـان و هەڵکشـاندایە بـەرەو خراپـتر، ئەویـش قلاش(مایەپـوچ، ئیفلاس)بوونـی خەزینـەی هەرێمـە، ئەگـەر ئەسـلەن هەرێـم خەزێنـەی هەبێـت، یـان بڵێیـن قەیرانـی نەدانـی موچـە و خەرجیەکانـی تـری حکومـەت لـە هەرێـم.

> ئەگەر هەیم بەڕازامەندی حکومەتی ناوەند نەفت هەناردە بکات و بفرۆشێت، دەتواندرێ نەفتی هەرێم لە کالایەکی قاچاخەوە ببێتە کالایە کی فەرمی و مامەڵەی سروشتی پێوەبکرێت

لـە هەمـوو حالەتەکانـدا، هەتـا ئەگـەر گەندەڵیـش لـە پیشەسـازی نەفـت بنبـڕ بکردرێـت، ناتواندرێـت نەفتـی هەرێـم بـە نرخـی نەفتـی بـازاڕ بفرۆشرێـت لەبـەر رەهەنـدی یاسـاکانی نێودەوڵەتـی تایبـەت بـە بازرگانـی کـردن بـەو کاڵایانـەی بەسـامانی نەتەوەیـی دەوڵەتانـی خـاوەن سـەروەری (السـیادة) دادەندرێـن. هـەر جـۆرە بازرگانیکردنێـک بـەم جـۆرە کاڵایانـەوە بەبـێ رەزامەنـدی دەوڵەتـی سـەرچاوە بـە قاچاغچییێتیکـردن پێیانـەوە ئەژمـار دەکرێـت. بـەم پێـوەرە، عێـراق وەک دەوڵەتێکـی خـاوەن سـەروەری هـەردەم دەتوانـێ سـکاڵا لەسـەر ئـەو کۆمپانیایانـە تۆمـار بـکات کـە بازرگانـی بـە نەفتـی هەرێمـی کوردسـتان دەکـەن، چونکـە قەوارەیەکـی سـەبەرخۆ و خاوەنـی سـەرەوەری نێودەوڵەتـی دانپێدانـدراو نییـە لەسـەر ئاسـتی نیودەوڵەتـی. ئـەم کێشـمەکێشـە یاسـاییە سەرئێشـێکی زۆر بـۆ کۆمپانیاکانـی بازرگانـی نەفـت دورسـت دەکات و پرۆسـەیەکی یاسـایی زۆر گرانـە و پارەیەکـی زۆری تێدەچێـت. بۆیـە لـە چەنـد کۆمپانیایـەک زیاتـر هیـچ لـە کۆمپانیاکانـی تـر خۆیـان لـەم بازرگانیـە پـڕ کێشـەیە وەرنـادەن و هەرئـەم هۆیەشـە ئێسـتا تەنهـا رێگـەی فرۆشـتنی نەفتـی هەرێـم ئیسرائیلـە وەک دەوڵەتێـک کـە عێـراق ئیعترافـی پـێ نەکـردوە و ناتوانـێ سـکاڵا لـە دژی تۆمـار بـکات.

دەبێ ئـەوەش بونرێـت، حکومەنـی ناوەنـدی پێشـنیاری کـردوە لـە حاڵەنـی رادەسـنکردنەوەی هەناردەکـردن و فرۆشـنی نەونـی هەرێـم بـە حکومەنـی ناوەنـد، پێکهانـەی کۆمپانیـای بەبەبازاڕکردنـی نەفـت (سـۆمۆ، SOMO)ی عێراقـی دەگـۆڕن نـا نوێنەرایەنـی هەرێـم لـە پێکهانەکـەی وەکـو پێویسـت جێگـەی خـۆی بگرێـت. بـەم جـۆرە هەرێمـی کوردسـنان ئـاگاداری هەمـوو لایەنێکـی پرۆسـەی بازرگانـی و داهانـی سـەرجەم نەفنـی عێـراق دەبێـت. ئەگـەر هەیـم بەڕازامەنـدی حکومەنـی ناوەنـد نەفـت هەنـاردە بـکات و بفرۆشـێت، دەنوانـدرێ نەفنـی هەرێـم لـە کاڵایەکـی قاچاخـەوە بێنـە کاڵایەکـی فەرمـی و مامەڵـەی سروشـنی پێوەبکرێـت. بێگومـان رەزامەنـدی حکومەنـی ناوەنـدە بـە چەنـد مەرجێـک دەبێـت کـە دەبـێ ئەمانـەی نێدابێـت:

- ناوەنـد داخوازیـکار دەبێـت کـە بەرمیلـی نەفنـی هەرێـم بـە نرخـی رۆژ لـە بـازاڕی نێودەوڵەنـی بفرۆشرێـت و رازی نابێـت بـە نرخێکـی کەمـتر حیسـاب بکرێـت.

٢- سـەرجەم داهانـی نەفـت بگەڕێندرێنـەوە بـۆ خەزێنـەی حکومەنـی ناوەنـد. ئەگـەر ئـەم دوو خاڵـەش پەیـڕەو بکرێـن بوارێـک نامێنێنـەوە بـۆ دەسـەڵاندارنی بەرپـرس لـە پرۆسـەی هەناردەکـرن و فرۆشـنی نەفنـی هەرێـم ئـەو دەسـنە رەهایەیـان هەبێـت نـا سـودمەندێکی گـەورە بـن و بنوانـن بەشـی شـێر لـەو بازرگانیـە بیچڕێننـەوە هـەر لـە فرۆشـتن بـەو کۆمپانیـا نادیارانـەی نەفنـی پێدەفرۆشـن، کـە خاوەندارێنیـان نادیـارە، بـەو نرخـە نزمـەی پێـی دەفرۆشـترێت، سـودی گێڕانـەوەی پارەکـەی بـۆ نـاوەوە و گۆڕینـەوەی، جگـە لـە مەحاڵـی دیارنەمـان و بزربوونـی داهانـی نەفـت. دەسـەڵانی هەرێـم بـەم مەرجانـە رازی نابێـت.

> **پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان ئەگەر لە ئێستاوە دەستپێبکردرێ دە ١٠ ساڵی تری دەوێ تا بەدی دێت**

ئەگـەر ژێرخانـی هەناردەکردنـە دەرەوەی نەفـت لـە کوردسنانیشـدا هەبێـت، لـە کانـی ئێسـنادا دەسـەڵانی هەرێـم یـان حکومەنـی ناوەنـد سەرپەرشـنی بازرگانـی نەفـت بـکات کاریگـەری نابێـت لەسـەر پرسـی سـەربەخۆیبوون و سـەروەری کوردسـنان. هەنوکە ژیانی خەڵـک گرنگترە لـە ئەگـەرە نیۆریەکانـی هێشـنا ئەرزیـەت و ئامادەکاری پێویسـنی نەنـەوە و دەوڵەنسـازی بـۆ نەکـراوە. هەبوونـی ژێرخانـی هەناردەکردنـی نەفـت پێویسـنە بۆ ئەگـەری سـەربەخۆیی بوونـی کوردسـنان، بـەڵام جێبەجێکردنـی فرۆشـنی سـەربەخۆی نەفـت بـەو شـێوەی ئێسـناکە کـە ئـەو هەمـوو گەندەڵییـەی نێـدا دەکرێـت و ئـەو هەمـوو کارەسـانانەی بەسـەر خەڵکـی کوردسـناندا هێنـاوە نـە پێویسـنە ونـە دەبـێ بـەردەوام بێـت، بەپێچەوانـەوە دەبـێ هەرچـی زوونـرە بوەسـنێندرێت. بەردەوامبـوون لەسـەر ئـەم شـێوە پراکنیـزە کارەسـانی خراپـتر بـەدوای خۆیـدا دێنـێ.

پرۆسـەی سـەربەخۆیی کوردسـنان ئەگـەر لـە ئێسـناوە دەسـنپێبکردرێ دە ١٠ سـاڵی نـری دەوێ نـا بـەدی دێـت. بـەو جـۆرە عەقلیـەت و سیسـنەمەی بەڕێوەبردنـی ئابـوری و خزمەنگوزاری و موچەیـەی ئێسـنا کاری پێدەکرێـت ئـەم گۆمەڵگەیـە لەباریـەک هەڵدەوەشـێنەوە. هەمـوو لایەکیـش دەبـێ ئـەوە بزانـن، بـاری دارای کوردسـنان هیـچ ئومێدێکی باشـتربوونی نییـە لـە داهانـوودا. نروسـکایەک بـەدی ناکرێـت بـۆ دابینکردنـی سـەرچاوەیەکی دارایـی بـۆ دانـەوەی ئـەو قـەرزە زۆرەی کەڵەکـە بـووە لەسـەر هەرێـم و ئادەچـێ زیانریـش دەبێـت. کۆمپانیـا بیانیەکانـی نەفـت مسـنەحەقانی خۆیـان بەڕێکـی پێنادرێـت، بۆیـە بەرهەمهێنانیـان راگرنـوە لـە بـواری دەرهێنانـی نەفـت، ئـەوەش پرسـێکی زۆر گرنگـە بـۆ ئابـوری کوردسـنان. لـە داهانـودا بەرهەمهێنانـی نەفـت لـەو بیـرە نەفنانـەی هـەن بەرەبـەرە کـەم دەکات، بـەو پێیـەش داهانـی فرۆشـنی نەفنیـش کەمـتر و کەمتردەبێـت. راسـنێکی نریـش هەیـە ئەوەیـە: چەنـد کۆمپانیایێـک ئاشـکرایان کـردوە کـە یەدەگـی نەفنـی کوردسـنان بـە رێژەیێکـی زۆر زیانـر لـە قەبـارەی راسـنی خـۆی خەملێنـدراوە، رەنگـە نیـوەی ئـەو هەنـدە بێـت کـە پێشـتر پێشـبینی کـراوە. کاروبـاری داهانـی دارایـی هەرێـم بـەو شـێوەی ئێسـنا بەڕێوەدەبـردرێ بـەردەوام بێـت، کۆمەڵگەیەکـی نەندورسـت نامێنێـت نـا داوای سـەربەخۆیی بـۆ بکرێـت. لـە راسـنیدا، ئێسـنا هەرێمـی کوردسـنان هەمـوو مەرجەکانـی دەوڵەنـی مایەپووچ(فاشـیل،Failed State)ی نێـدا کۆبوەنـەوە. مانـەوەی بـەم شـێوە وا دەکات دەوڵەنانیـش بەبایەخـەوە مامەڵـەی لەگـەڵ نەکـەن بـە ئاراسـنەی بوونـی بـە دەوڵەتێکـی سـەربەخۆ لـە کانێکـدا پێشـبینی دەوڵەتێکـی فاشـیلی لێدەکـەن. چونکـە چاوەڕوانـی لێناکـرێ سیسـنەمێکی دیموکرانـی سـەقامگیری هەبێـت، زامنـی پێکـەوە ژیانێکـی ئاشـنیانەی ناوخۆیـی بێـت و لەگـەڵ دەوروپشـنەکەشـی لـە ئاشـنیدابێت.

مـژاری رادەسـنکردنەوەی هەناردەکـردن و فرۆشـنی نەفـت بـە حکومەنـی ناوەنـدی عێـراق لەبـری ١٧٪ سـەدا حەقـدەی بودجـەی عێـراق بۆهەرێمـی کوردسـنان وەک ئاکـە چارەسـەر دەبیندرێـت لـە پێـش دەسـەڵاندارانی هەرێـم بـۆ هێورکردنـەوەی نەنگـژە داراییەکانـی هەرێـم نووشـی هانـووە. ئـەو بوجەیـە موچـەی پێشـمەرگە و فەرمانبـەران و خەرجیـە پێویسـنەکانی حکومـەت و خزمەنگوزایەکانـی پـێ دابیـن دەکرێـت وەک لـە رابـردودا. کارکـردن بـە پێشـنیاری رادەسـنکردنەوەی هەناردەکردنـی نەفنـی هەرێـم

**کارکردن بە پێشنیاری ڕادەستکردنەوەی هەناردەکردنی نەفتی هەرێم بە حکومەتی ناوەند لەجیاتی ١٧٪ی بوجەی عێراق بۆ هەرێمی کوردستان چارەسەرێکی واقیعیانەیە**

بە حکومەتی ناوەند لەجیاتی ١٧٪ی بوجەی عێراق بۆ هەرێمی کوردستان چارەسەرێکی واقیعیانەیە. بە پەیڕەوکردنی ئەم پرۆسەیە شوێنی بۆریە نەفتەکان ناگۆڕدرێت و هەر لە جێی خۆیان دەمێننەوە. تەنها گۆڕنکاریەک ڕوودەدا، گۆڕینی نەفت فرۆشەکەیە. لەم کاتەدا، هیچ چارەسەریەکی تر لەوەی سەرەوە زیاتر لە ئاسۆدا بوونی نییە، مەگەر هێزێک هەبێت لە یەک چرکەساتادا دەست بەسەر موڵکوماڵی هەموو گەندەڵکاراندا بگرێت و بیگێڕێتەوە بۆ خەزێنەی دەوڵەت، یان دەسەڵاتداران بڕیاربدەن هەرچی سامانێکی ئەم هەرێمەیان بردوە، لە دەرەوە و ناوەوە، بیگێڕنەوە بۆ دەوڵەت، ئەمانەش مەحاڵن!! لە لایەکی ترەوە، ئابوری وڵاتەکەمان ناکەجەمسەرە، تەنها یەک سەرچاوەی داهاتی هەیە ئەویش فرۆشتنی نەفتە، ئەویش دەبینین چۆن تەسەروفی پێوە دەکردرێت.

خەڵک خستنە ژێر کاریگەری تەوژمی سۆز و عاتیفە و مزایەدانی نەتەوەیی گەوجێنەر، لە جۆری «موچەمان ناوێ، سەربەخۆیمان دەوێ» کرداری نائەخلاقیانەی کەسانێکی دوور لە ڕەوشت و بەها مرۆڤایەتیەکانن بە مەرامی چەواشەکاری بۆ شاردنەوەی تاوان و گەندەڵیەکانی دەسەڵاتداران. تانبرین و برسیکردنی گەل شەرمەزاریە و بێدەنگی لە دزی نەفت و بێدادی خیانەتە. خەڵەتاندنی جەماوەر بە دروشمی هاشوهوشی قەبەی گەوجێنەر بۆ پەردەپۆشکردنی قەیرانە دەستکردەکانی دەسەڵاتداران ناپاکیە. ئەو ئاوانە گەورانە دژە-کۆمەڵگەن و کۆمەڵگەکەمان دادەوەشێنن نابێ بەسەر گەلدا تێپەڕن. کۆیلە، ئیرادە و وڵاتی نییە و تەنها کۆیلایەتی بەرهەم دەهێنێتەوە. دەوڵەتی سەربەخۆی ئازاد بە تاک و هاوڵاتی ئازاد و باوەڕبەخۆ و خاوەن هەڵوێست دروست دەکرێت، دەبێ سەربەخۆیشمان بوێت و موچەشمان بوێت. بەرگری کردن لە نان و کەرامەتی جەماوەر ئەرک و شەرفە. شەرەف و شەهامەتی سەرکردە لە پاراستنی کەرامەت و سەفرازی هاوڵاتیاندایە. گەل سەرچاوەی سەروەریە و سەرکردە بە ڕێژەی پەیوەستبوونی بە بەرز ڕاگرتنی سەروەری و خۆشگوزەرانی و کەرامەتی گەلەوە شەرەفمەندە. نەفت دەبێ بکرێتە ئامرازێکی کاریگەر بۆ خۆشگوزەرانی نەک ئامرازێکی شوومی برسیکردن و کۆیلەکردن و کۆنترۆڵکردنی تاک و کۆمەڵ و هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵگە. بێ دەرهێنانی پیشەسازی و بازرگانی نەفت لە دەستی دەسەڵاتداری گەندەڵ لایەنە شوومەکەی ناخی کۆمەڵگەکەمان کلۆر دەکات. ئەوەش تەنها بە سەرکردەی دڵسۆز و ژیر و خۆنەویستی خاوەن بەها ئەخلاقیە باڵاکان دەکرێت.

ئەو حیزبانەی هەرێم ئەگەر ئۆزێک جورئەت و دڵسۆزیان تێدابێت دەبێ بێدەنگی بشکێنن و لە مەهزەلەی تەخوین دانە پاڵ تەترسن و بەرگری لە ژیان و کەرامەتی جەماوەر بکەن و یارمەتیان بدەن، تا دیواری ترس لە دەسەڵات بشکێنن و ڕێنماییان بکەن لە چۆنیەتی مکوڕبوون لەسەر داواکاریە ڕەواکانیان تا ئەو دەسەڵاتدارە ملهوڕانە مەجبور بە پاشەکشێ بکرێن لەو ڕێڕەوی گەندەڵیەی گرتویانەتە بەر. دەبێ هەمووان بەکردار و یەک دەنگی بەرز هاوار بکەین: هەناردەکردنی نەفت ڕادەستی حکومەتی ناوەند بکرێتەوە، تا نان و سەربەرزی بۆ جەماوەر بگەڕێتەوە... پێشمەرگەی گیانفیدا برسی نەکرێن و بەکوشت نەدرێن بۆ دەسەڵاتدارانی گەندەڵ. ژیان و بژێو و کەرامەتی وڵاتیانی کوردستان دەبێ لە سەرووی تێرکردنی حەزی گەندەڵکارانی بازرگانانی نەفتەوە بێت. ئەوە چارەسەریەکی دەستنوبردە بۆ مشکیلەیەکی گرنگی ژیانی خەڵک. بەبێ ئەم ڕێگاچارەیە، باری ئابوری و دارای و خزمەتگوزاری هەرێم ڕۆژ بە ڕۆژ خراپتر دەبێت. خراپتریش لە پاشترە!!!

# ئەسڵی کێشەکە چییە؟!.پەیوەندی ناوەند وهەرێم کێ رێکی دەخات؟!.



نیاز حامید

ئێستا باس وخواس گەرمە بۆ پرسی ریفراندۆم و دەوڵەتی سەربەخۆ، پارتی بە هەموو ئیمکاناتی راگەیاندن وخستنەگەڕی دامودەزگاکانی خۆی بۆ چەواشەکاریی دەرهەق بەم پرسە، لە کاردایە. دەوڵەتی کوردیی، لەو هەلو مەرجەی ژیۆپۆلیتیکەوە و لە رووی مۆدیلی دەسەڵاندارییەوە وەهمە. یفراندۆم زیادەیە، چونکە خەڵکی کوردستان بە پێویستی ژیاری دەبینێت. هەموو شتێکی یاساخ، خۆشەویستە، دەوڵەتیش لە کورد یاساخ کراوە، کەوانە لە روویی سایکۆلۆژییە بە پێویستی دەزانێت، وا دەزانێت ئیدی ئەگەر دەوڵەتی هەبوو، کێشەی نابێت، کە دیارە وەهمە. ئەو دەوڵەتانەی کە دوای شەڕی جیهانی یەکەم و دووم دروستبوون لە رۆژهەڵاتی ناوین، دەوڵەتی نەتەوەبوون، ئەوان کێشە سەرەکییەکە بوونە بۆ خەڵکی نەک بێ دەوڵەتبوون، چونکە ئەگەر دەوڵەتی نەتەوەیی، چارەبواییە، ببوایە فریادڕەسی خەمەکانی خەڵکی، ئەو هەموو پەناهەندە روویان لە ئەوروپا نەدەکرد، یان لانی کەم ئەو دەوڵەتانە دەیانتوانی بۆ پێداویستیەکانی رۆژ پشت بە جیهانی دەرەوەی خۆیان نەبەستن، یا تەنانەت یەک داهێنانیان بۆ خزمەتکردنی مرۆڤایەتی دابهێنایە، ئەوەی ئەوانە دیانهێناوە کوشتن وخوێن وئەنفال و زیندانی و بە هەژارکردنی کۆمەڵگە بووە و بەردەوامیشن . کەوانە پارتی دەیەوێت ئەو هەستەی خەڵکی بە وەهمی دەوڵەت بۆ شاردنەوەی هەرەسە یەک لە دوایەکەکانی لەسەر ئاستە جیاجیاکان، بشارێتەوە.




دەتوانین کۆمەڵێک پرسیار بوروژێنین، کە ئایا پارتی خاوەن پرۆژەیە یا پرۆژەی خەڵکی دیکە و دەوڵەتی دیکە بەڕێوەدەبات؟ بۆچی پارتی ئەوەندە بە ئینفاقی کوردان، تەنانەت بە ئینفاقی دوو کەسیش لەدەرەوەی خۆی تێکدەچێت؟ بە کارێکی دوژمنکارانەی دەبینێت؟ بە رێککەوتنی یەکێتی و گۆڕان پارتی هەڕەشەی شەڕی ناوخۆ و، دوو ئیدارەیی دەکات، با دەستبکەین بە پرسیارەکان، لە هەر پرسیارێکدا، نیەتی پارتی و ماهیەتی پارتی واڵاتر دەکات؟ ١- ئایا پارتی هەڕەشەی نانەوەی شەڕی ناوخۆ بە پراکتیزە دەکات؟ ٢- پارتی ئەوەندە بێ چارەیە، پەنا بۆ چەک ببات و، بیر لە دانوستاندن و گفتوگۆ ناکاتەوە؟ ٣- ئایا پارتی توانای شەڕی هەیە؟ شنگال وەک نمونە. ٤- ئایا پارتی بیری لەو هەموو بەرژەوەندییەی خۆی کردۆتەوە، کە لە شەڕدا رەنگە هیچی نەمێنێت؟ ٥- ئایا پارتی بۆ شەڕی ناوخۆ ئەم جارەش هانا بۆ تانک وسوپای تورکیا دەبات، بەتایبەتی زیاتر لە ١٣ سەربازگەی پڕ چەکی تورکیا لە زۆنی زەرد هەیە ؟. ٦- ئایا ئەمەریکا و دەوڵەتەکانی دنیا، کە لە هاوپەیمانێتی جیهانیدا عێراقیان بە هەرێمی کوردستانەوە لە دەست سەددام رزگارکرد، رێگا بە پارتی دەدەن ریسەکەیان بکاتەوە خوری و شەڕێکی ناوخۆ بنێنەوە؟ ٧- هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بە پێشەنگایەتی ئەمەریکا بۆ قەلاچۆکردنی داعش، رێگا دەدات پارتی شەڕێکی ناوخۆ بەرپا بکات؟ بەرەکانی شەڕ لە دژی داعش لاوازبکات؟. ئەدی هەڵوێستی حکومەتی ناوەند چی دەبێت؟ ٨- بڕیاری سیاسی پارتی ئەوەندە لە ژێر کاریگەری شەڕخوازەکانە، کە ناتوانێت بیر لە شەڕ و دوو ئیدارەی ناکاتەوە؟ ٩-پارتی چی زەرەر دەکات لە ئینفاقی کوردان؟ جا ئەگەر ئیسلامییەکانیش بچنە ناو ئینفاقەکەی یەکێتی وگۆڕان، دەبێت چی بکات؟ ١٠- ئایا پارتی دەیەوێت هەڕەشەی شەڕی ناوخۆ و دوو ئیدارەی بخاتە ناو بازاڕی دانوستاندن بۆ ئەوەی قسە لەسەر ئەو دەیان ملیار دۆلارەی کە دیار نییە نەکرێت و کەس باسی گەڕانەوەی ئەو هەموو پارە بەتاڵانبردراوە نەکات ؟ ١١- یاخود دەیەوێت پرسی سەرۆکایەتی هەرێمی پێ چارەسەر بکات و قوڵی لایەنەکانی دیکەی پێ بابدات و بە ناچاری پێشێلکاری یاساییان پێبکات؟ ١٢- ئەگەر

ئەوانەی سەرەوە هەموو نەبێت، پارتی تەنها شەڕی بۆ ئەوە دەوێت هەریمی کوردستان سەربەخۆ بکات و دەوڵەت دادەمەزرێنێت، ئایا ئەو ئیتفاقەی نێوان یەکێتی و گۆڕان بەربەستە لەبەردەم سەربەخۆیی وەک پارتی بانگەشەی بۆدەکات، بۆیە دەبێت شەڕیان بکات؟ ١٣- ئەم پرسیارەی پێشوو راست دەبوو ئەگەر وەڵامی ئەو پرسیارەی بە ئەرێ جواب بدرێتەوە، ئایا پارتی هەموو رێوشوێنێکی گونجاو لە باری ئابوری وسیاسی ودیپلۆماسی دەستبەرکردووە بۆ ئەم پرسە؟ ١٤- ئەگەر دەستەبەری کردووە، بۆچی کەس جگە لە لافیتە، هیچ نابینێت؟.

## بە رێککەوتنی یەکێتی و گۆڕان پارتی هەڕەشەی شەڕی ناوخۆ و دوو ئیدارەیی دەکات

١٥- ئایا پارتی بە راست و رەوان دەوڵەتیکی سەربەخۆی دەوێت، یا دەوڵەتێکی بەبارمتەگیراوی تورکیا؟ ١٦- ئەگەر تورکیا رازی نەبێت بە رەشماڵێکی کوردان لە ئەفەریقیا ئەگەر هەبێت، چۆن رازی دەبێت لە دامێنیدا دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردان هەبێت؟ ١٧- بە کورتی و کرمانجی، ئایا تورکیا دەیەوێت زۆنی زەرد بخاتە سەر جوگرافیاکەی خۆی، قوبرس ئاسا، بیکا بە ویلایەتی ٨٢ مینی خۆی؟ ١٨- پارتی چی قازانج دەکات، زۆنی زەرد بخاتە سەر تورکیا، لە کاتێکدا باکوری کوردستان، پەکەکە پێشەنگایەتی دەکات، پارتی لەوێدا دەبێتە کەمینەی بێ کاریگەر؟ ١٩- ئێستا شەڕێکی دژوار لە نێوان گەلی کورد و دەوڵەتی تیرۆریستی تورکیا بە توندی بەردەوامە، ئایا ئەگەر زۆنی زەرد ببێ بە ویلایەتێکی تورکیا، دەچێتە نەک دەوڵەتی ناوەند بۆ شەڕکردن دژی گەلی کورد لە باکوری کوردستان؟ ٢٠ - باشە بۆ پارتی باشتر نییە، دان بە قەوارەی خۆی بنێت و زمانی گفتوگۆ پێشبخات و زهنیەتی خۆسەپاندن و قۆرخکردنی هەموو جومگەکان لە دەستخۆی تورپدات، لەگەڵ خۆی و هێزە سیاسیەکان و خەڵکی ئاشت ببێتەوە؟ بەو پرسیارانەی سەرەوە، پێناسەیەکی گرنگی پارتیمان کرد، پارتی خاوەن پرۆژە نییە، پرۆژەی پارتی برێتییە لە پرۆژەی ئیمپراتۆر ئەردۆگان، کە دەیەوێت باشوری کوردستان بخاتەوە سەر ئیمپراتۆرە نوێیەکەی عوسمانیی. لە بەرامبەردا پارتی بازاڕی هەرزان دەکات لەسەر حسابی هەست و هەستی دڵسۆزی خەڵکی بۆ ئایندەیەکی باش، گەرەنتی لە ئیمپراتۆر ئەردۆگان وەرگرتووە کە بە والییەتی باشوری کوردستان دەیهێڵێتەوە و هەموو ئیمکاناتێکی لە بەردەستدا مەیسەر دەکات.

جا ئەگەر بێینە سەر ئەسڵی کێشەکە، پەیوەند بە ناوەند و هەرێمی کوردستانی داگیرکراو لەلایەن تورکیاوە، مرۆڤ بۆی دەردەکەوێت، کە تورکیا دەیەوێت باشوری کوردستان لە ناوەند بکاتەوە و ئەو پەیوەندییەی کە دورست بووە پاش پرۆسەی ئازادکردنی عێراق تێکبدات، و ئەو دەستورەی کە بە رەزامەندی کورد نوسراوەتەوە و یەکەمجارە دانی بە بوونی هەرێمێکی فیدراڵی کوردان دادەنرێت، لە باری ببات و دەستکەوتەکە بگۆڕێتەوە بە داگیرکاریی باشور بۆ دەوڵەتی تورک. تورکیا، دەیەوێت بە دابڕاندنی باشور لە ناوەند کۆنترۆڵی سەرچاوەکانی وزە بۆ بەرژەوەندیی خۆی بکات، لە رێگای پارتییەوە، هەروەک ئێستا بەتەواوی کۆنترۆڵی کردووە. کەواتە بۆ تورکیا سەرباری ئەوەی بۆ تەسفییەی حسابانی خۆی لەگەڵ ئێران کێشەی هەرێم و ناوەندی دورستکردووە، سەرچاوەیەکی بەلاش یا هەرزانیشی بۆ دابینکردنی ووزە بۆخۆی مسۆگەر کردووە. دیارە رۆڵی بۆ دژایەتیکردنی ئەڤگەری ئازادی و ستانیۆی رۆژئاڤا، لە ئەرکە هەرە لە پێشەکانی پارتییە کە تورکیا ئەرکداری کردووە. ئەسڵی کێشەکە، کە هەرێم و ناوەند ناگەنە رێککەوتن، دەوڵەتی ئەکەپەیە، وەک لەسەروە هۆکارەکانیمان ئاماژە پێدا.

جا بۆیە تا هێزە سیاسەکانی باشور لە سەر سەکۆی سیاسی غائیب بن، پارتی وەک جێبەجێکارێکی بە وەفای ئەجندای تورکیا ئەکتیڤ دەبێ. کاتێکیش ئەوان خۆ کۆبکەنەوە، پارتی تەنگەتاو دەبێت، هەروەک لە ئیتفاقی نێوان یەکێتی و گۆڕان دەیبینین، یا نزیکبوونەوەی ئەڤگەری ئازادی لە هێزە سیاسییەکانی باشورکە چەند نارەحەت دەبێت، چونکە بە خەتەری بۆ سەر ئەجندای تورکیای دەزانێت، هەر بۆیە بە هەموو هێزێکییەوە دژایەتی دەکات. بەچەمکی عێراق چیەتی کۆن و لەباوەشی عێراقی عەرەبی ژیان کردن کارەساتە، بەڵام رێکەوتنی دیموکراتیانە لەسەر بنەمایی پێکەوە ژیانێکی هاوسەنگ دەکرێ کێشەکان بەئاسانتر لەگەڵ بەغدا چارەسەر بکرێت نەک پارتی لەبازاڕەکانی تورکیا هەرزان فرۆشمان بکات. ئەسڵی کێشەکە، پارتییە کە وەک داردەست بە دەست تورکیاوەیە بۆ لێدانی یەکێتی کوردان و نزیک بوونەوە لە پەیوەندییەکی تەندروست لە گەڵ ناوەند کارایە.

# پەیوەندیەکانی تورکیا و هەرێمی کوردستان



ڕێکەوت ئیسماعیل ئیبراهیم

## بەشی یەکەم

### پێشەکی:

باشووری کوردستان هەمیشە لەنێو هاوکێشە سیاسیەکانی دەوڵەتی عوسمانی و تورکیا بووە. لە سەرەتای دروستبوونی کۆمارەوە لە ساڵی ١٩٢٣ هەتا ئەمڕۆ، بەسەرهات و ڕووداوەکانی باشووری کوردستان، ڕۆڵی کاریگەری گێڕاوە لە وێنەکردنی سیاسەتی دەوڵەتی تورک. حکومەتی شێخ مەحمود، کودەتای قاسم، بزووتنەوەی ئەیلول، بزاڤی نوێ لەدوای هەرەسی بزووتنەوەی ئەیلول، قۆناغی ئەنفال و ڕاپەڕینی ١٩٩١، شەڕی ناوخۆ، هەرەسی ڕژێمی بەعس لە ساڵی ٢٠٠٣، بەدەستوری بوونی قەوارەی باشووری کوردستان... تاد. هەموو ئەم ڕوداوانە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە تورکیاوە هەبووە و لە سیاسەتی دەرەوەی ئەو وڵاتەدا ڕەنگی داوەتەوە.

هۆکاری کاریگەربوونی تورکیا بە ڕووداوەکانی عێراق و باشووری کوردستان زۆرن لەوانەش بوونی ڕێژەیەکی زۆری کوردە لە باکووری کوردستان کە درێژکراوەی ئەتنی و ئاینی و نەتەوەیی و ئایدیۆلۆژی بە تووندی پێکەوە گرێیان دەدات. لەبەرامبەر ئەوەشدا بوونی ژمارەیەکی بەرچاو تورکمانە لە سەرخاکی هەرێمی کوردستان و دەوڵەتی عێراق، ئەمە وێڕای ئەوەی کەهەرلەسەردەمی ئۆزالەوە تورکیا ڕاشکاوانە و بەئاشکرا گرێدانەوەی ویلایەتی موسڵی بە تورکیاوە باسکردووە. هەموو ئەمانە ڕەنگە هۆکاری ستراتیژی و جیوسیاسی زۆر گرنگ بن بۆ تورکیا، بەڵام بە بۆچوونی من هۆکاری هەرە سەرەکی ئایدیۆلۆژیای دەوڵەتی تورکە بەرامبەر بە کورد. ئەنگێزەیەکی زۆر زاڵ و دیار لەنێو ئەقڵ و زهنیەتی دەوڵەتی تورکیا بەرامبەر بە کورد بوونی هەیە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سانی لەدایک بوونی کۆماری تورکیا. جەنگی سەربەخۆیی تورکیا لە ساڵی ١٩١٩-١٩٢٣ کۆمارێکی تازەی لەسەر کەلاکی ئیمپراتۆریەتێکی زۆر گەورە دروستکرد. ئەم کۆمارە تازەیە کە تەنها ٢٠٪ی خاکی ئیمپراتۆریای عوسمانی بەدەستەوە مایەوە، زۆر لەرزۆک و بودەڵە بوو. ترسێکی زۆر گەورە لە کۆنەستی هەموو تاکێکی تورکدا دروست کردبوو، ئەو ترسەش ترسی لەناوچوونی یەکجاری و سەرلەنوێ لەتوپەتبوونەوەی ئەو کەمە خاکە بوو کە بەدەستیانەوە مابوو. لەسەر ئەم بناغەیە بوو کە دەوڵەتی تورک ناسنامەی یەک نەتەوەو یەک وڵات و یەک زمانی سەپاند و هەرجۆرە هەمەڕەنگی و بۆچونێکی جیاوازی




ڕەتکردەوە و ترسی پەرتبوون و دابەشبوونەوەی وڵات وەک تراوما بەشوێن سەرکردەکانی ئەو وڵاتەبوون. سەرچاوەی سەرەکی ئەو تراومایەش بە درێژایی تەمەنی کۆمار کورد و پرسی کورد بووە. هەر لەبەر ئەمەش بووە کەهەتا ئەمڕۆ فۆبیای کورد سیاسەتی دەرەوەی تورکیا ئاراستە دەکات.

- **تورکیا و کودەتای قاسم:**

حکومەتی پادشایەتی لە عێراق هاوپەیمانی خۆرئاوابوو، تورکیاش لەسەروبەندی جەنگی دووەمی جیهانیدا لە دوای هەڕەشەکانی ستالین کەوتبووە بەردەم مەترسی. بۆ پاراستنی تورکیا و یۆنان لەشاڵاوی شۆڕشی سورو قەڵەمڕەوی یەکێتی سۆڤیەت، بەریتانیا و ئەمەریکا دەبوو هەمووشتێک بکەن. دەتوانین بڵێین یەکەم ئیفرازاتی جەنگی سارد دروستکردنی پەیمانی باکوری ئەتلەنتیک (ناتۆ) بوو لە ساڵی ١٩٤٩، بۆ پاراستنی تورکیا و بەستنەوەی بە خولگەی خۆرئاواوە، ساڵی ١٩٥٢ بەبێ ئەوەی تورکیا زۆربەی مەرجەکانی بوونە ئەندامی تێدابێت، بە فشاری ئەمەریکا، کرا بە ئەندامی ئەو پەیمانە. بۆ زیاتر بەستنەوەی ناوچەکە بە جیهانی خۆرئاواو

دوورخستنەوەیان لە هەژموونی یەکێتی سۆڤیەت دەبوو وڵاتانی دەرەوەی حەوزی ئەتلەنتیک لە پەیمانی هاوشێوەی ناتۆدا ڕێکبخرێن. پەیمانی بەغدا یاخود پەیمانی سەنتۆ (Sento-

> **بزووتنەوەی ئەیلول قۆناغێکی نوێ بوو بۆ تورکیا، هەرچەندە سەرکردایەتی ئەو بزووتنەوەیە لە خولگەی ئیسرائیل و تورکیادا بوون**

Central Treaty Organisation) یەکێک بوو لەو جۆرە کارانە. ئەم پەیمانە بە کۆیخایەتی بەریتانیا لەلایەن هەریەکە لە عێراق و ئێران و تورکیا و پاکستان، ساڵی ١٩٥٥مۆرکرا. یەکێک لە خاڵەکانی ڕێکەوتنی ئەو لایەنانە ئەوە بوو کە ڕێگا لە هەژموونی یەکێتی سۆڤیەت بگرن بەهەر نرخێک بووە . دژایەتیکردنی کوردو بزووتنەوەی ڕزگاری خوازی گەلی کورد لەناو ئەو چوارچێوەیەدا دانرابوو.

لە چواردەی گەلاوێژی ١٩٥٨ کودەتای قاسم لە عێراق ئەنجامدراو حکومەتی پادشایەتی کە لەناو خولگەی خۆرئاوادا بوو کۆتایی هات و پەیمانی سەنتۆش لە گەڵیدا هەڵوەشایەوە. ئەمەریکا و بەریتانیا و تورکیا و ئێران لە دژی ئەو کودەتایە وەستان. کونسلی بەریتانی لە ئەستەنبول لەم بارەوە لە بروسکەیەکی نهێنیدا ئاماژە بەوە دەکات کە ئەم کودەتایە ڕەنگە کوردەکانی عێراق هانبدات، سەربەخۆیی خۆیان ڕابگەیەنن، ئەمەش دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە تورکیا و ئێران پەرچەکرداری خراپیان هەبێت، بە دووری نازانین کە تورکیا بیر لە داگیرکردنی ناوچە کوردیەکانی سەر بە ویلایەتی جارانی موسڵ بکاتەوە، تەنانەت ڕەنگە بەهۆی لاوازی حکومەتی عێراقەوە ئەو هەڵە بقۆزنەوەو بیر لەوەش بکەنەوە کە شاری کەرکوک داگیر بکەن، چونکە لەو شارەدا تورکمانێکی زۆر هەن. باڵیۆزخانەی بەریتانیش لە ئەنقەرە بەهەمان شێوە نیگەرانیەکانی خۆی بۆ حکومەتی ئینگلیز ڕەوانە دەکات. دەوڵەتی تورکیاش لە هەمان ماوەدا و ڕاستەوخۆ لەدوای کودەتای قاسم بۆ یەکەمجار لە مێژووی خۆیدا، چەندین یەکەی سوپای خۆی ڕەوانەی سنورەکانی باشوری کوردستان کرد. بوونی کەمایەتی تورکمان لە عێراق و باشوری کوردستان هەمیشە پاساوێکی گرنگ بووە بۆ تورکیا بۆ ئەوەی لە کاروبارەکانی ناوخۆی ئەو هەرێمەدا قسەی خۆی هەبێت. شاری کەرکوک لەم دەستنوەردانە بەردەوامەدا هەمیشە بیانوو بووە بۆ تورکیا. بەرلە کودەتای قاسم هەمیشە دەسەڵاتدارنی تورکیا سەردانی ئەو شارەیان کردووە؛ باشترین نمونەی ئەمەش سەردانی وەزیری دەرەوەی ئەو سەردەمەی تورکیا (تۆفیق روشدی) بوو لە کاتی مۆرکردنی پەیمانی سەعد ئاباد لە دژی گەلی کورد، ئەمە وێڕای سەردانی سەرۆک وەزیرانی ئەو دەمەی تورکیا (عەدنان مەندەریس) لەسەروبەندی مۆرکردنی پەیمانی سەنتۆ. لە هەردوو ئەو سەردانەدا تورکمانەکان بەسەر کراونەتەوەو بە ئاڵای تورکیاوە پێشوازی لەو بەرپرسە تورکانە کراوە، ئەمە جگە لەوەی کە لەنێوان کورد و تورکماندا لە کاتی هەردوو سەردانەکەدا ئاشوب هەڵئایساوە.

## • تورکیاو حکومەتی بەعس:

دەتوانین بێژین لە دوای کودەتای قاسمەوە هەمیشە ترسی تورکیا لە دابەشبوونی عێراق و هەڕەشەی باشوری کوردستان بۆسەر ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا برەوی سەندووە. بزووتنەوەی ئەیلول قۆناغێکی نوێ بوو بۆ تورکیا، هەرچەندە سەرکردایەتی ئەو بزووتنەوەیە لە خولگەی ئیسرائیل و تورکیادا بوون و هیچ کات لەگوێڕایەڵی سێگۆشەی (ساواک - میت - موساد) دەرنەدەچوو، بەڵام فۆبیای کورد هەرگیز ڕێگای بە تورکیا نەداوە چاوپۆشی لەهەر جوڵەیەکی ئەو گەلە بکات لەباشور. نزیکبوونەوەی تورکیا لە حکومەتی بەعسیەکانەوە باشترین ڕێگا چارە بوو بۆ تورکیا بۆ ئەوەی لەم ڕێگایەوە هەرسێ دەوڵەتی (ئێران، عێراق، تورکیا) بتوانن ڕێگا لە برەوسەندنی بزوتنەوەی کورد لەو بەشانەی کوردستان بگرن. پەیوەندیەکانی دەوڵەتی تورکیا لەم قۆناغەدا لەگەڵ حکومەتی عێراق لەسەر دوو ئاست داڕێژرابوو:

**ئاستی یەکەم – ڕێکەوتن بۆ دژایەتیکردنی بزووتنەوەی کورد.**

**ئاستی دووەم- پاراستن و بەرگریکردن لە مافەکانی تورکمان.**

سەبارەت بە ئاستی یەکەم پیادەکردنی سیاسەتێکی هاوبەش بوو لە نێوان هەردوو وڵات لە دژی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد. ئەم ئاستە لە هاوکاری جگە لە گۆڕینەوەی زانیاری و داڕشتنی ستراتیژی هاوبەش بۆ ڕووبەڕووبوونەوە،

ڕێکەوتنی سەربازییشی لەخۆ گرتبوو.
عێراق و تورکیا لە ئەنقەرە لە ساڵی ١٩٨٢ دا ڕێکەوتنێکیان مۆرکرد بە ناوی ڕاوەدوونانی گەرم (المطاردة الساخنة) کە تێیدا هاتووە:

**- ڕێگا بە هێزەکانی هەردوولا دەدرێت بۆ ماوەیەکی دیاریکراو زیاتر نەبێت لە ٣ ڕۆژ بە قووڵایی ١٧ کم بچنە نێو خاکی یەکترییەوە.**
**- هەردوولا هەماهەنگی گۆڕینەوەی زانیاری ئەمنی لەگەڵ یەکتر دەکەن.**
**- بەدەستەوەدانی تاوانباران و داواکراوان، ڕێگادان بە دادگا ئەمنیەکان بۆ بەدواداچوونی کەسانی تاوانبار لەناو خاکی یەکتریدا.**
**- عێراق تێچوونەکانی هەموو جوڵەیەکی سەربازی تورکیا لەناو خاکی خۆیدا لە ئەستۆ دەگرێت.**

سوپای تورکیا لە ڕۆژەکانی ٢٦-٢٨/ مایسی/١٩٨٣ لەژێر ناوی ئیکپریس ٨٣ بەقووڵایی ٢٥ میل سنوری عێراقی بەزاندو بۆ یەکەمجار دەسنپێشخەری لە جێبەجێکردنی ئەم ڕێکەوتنەدا کرد و چەندین پێشمەرگەو هاوڵاتی سڤیلی شەهید کرد .
سەبارەت بە ئاسنی دووەمیش واتە پاراستنی مافی تورکمانەکان، بۆ یەکەمجار لە ڕۆژی ٢٤-١-١٩٧٠ ئەنجومەنی سەرکردایەتی بەعس، بۆ یەکەمجار بڕیاری سەلماندنی مافە کەلتوریەکانی تورکمانی دەرکرد و دوائیش پاش دە ساڵ لەو ڕێکەوتنەو لە ڕۆژی ٢٦-٢-١٩٨٠ تورکیا کۆنسڵگەری خۆی لە شاری موسڵ کردەوە. دەتوانین بڵێین کە پەیوەندیەکانی دەوڵەتی عێراق و تورکیا لەسەردەمی فەرمانڕەوایی حزبی بەعسدا لە چاخی زێڕینی خۆیدا بووە، چونکە جگە لەو هەموو ڕێکەوتنانە، لە ڕێگای نەرمە هێزەوە تورکیا زۆر بە جدی کاری بۆهاننە نێو باشوری کوردستان و ناوچە تورکمانیەکان کردووە، کۆمپانیا تورکیەکان باشترین هۆکاربوون بۆ تورکیا بۆ ئەوەی لە ڕێگایانەوە پەیوەندی ژێربەژێر لەگەڵ هەندێک لایەنی تورکمانی تۆرانی گرێبدات. لەم چوارچێوەیەدا چەندین مەڵبەندی کەلتوری و ڕۆشنبیری تورکمان کرانەوە کە پەیوەندی ڕاسنەوخۆیان بە مەڵبەند و لایەنە تورکیەکانەوە هەبوو.

## • تورکیاو ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ :

جەنگی کەنداوی دووەم و ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ لە باشوری کوردستان، بۆ تورکیا سەرەتای دەسپێکی چاخێکی نوێ بوون لە پەیوەندیەکان. ڕاپەڕین بۆ یەکەمجار لە مێژوودا شۆڕشی کوردی لە شاخەکان هێنایە خوار، کورد وەک قەوارەیەکی نیمچە سەربەخۆ لە «کوردستانی عێراق»دا حوکمی خۆی گرتە دەستی خۆی، بە هاوکاری ناڕاستەوخۆی ئەمەریکا و خۆرئاوا لە ڕێگای پێکهێنانی ناوچەی ( دژە فڕین – No Flay Zone ) و لە پاش ئەنجامدانی پرۆسەیەکی هەڵبژاردن، حکومەتی هەرێمی کوردستان دامەزرا.

سەرۆک کۆماری ئەو دەمەی تورکیا تورکوت ئۆزاڵ(١٩٢٧-١٩٩٣) کە هەڵگری هزری عوسمانگەرایی نوێ بوو، بەدید و ڕوئیای جیاوازەوە سیاسەتی دەکرد. ئەو لەو باوەڕەدا بوو کە تورکیا لە پێناو مانەوە و سەقامگیری و یەکپارچەیی خۆیدا، هەروەها لەپێناو بەهێزبوون و زاڵکردنی هەژموونی خۆیدا دەبێت یەکەم شت لەگەڵ کوردا ڕێک بکەوێت. ئەو لەو باوەڕەدا بوو کە تورکیا دەبێت کوردەکانی (ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریای عوسمانی کۆن) لەگەڵ برا تورکەکانیاندا ئاش بکاتەوە و پێکەوە دەسەڵاتێکی هاوبەش لە نێو دەوڵەتێکی فیدراڵیدا دروست بکەن. ئۆزاڵ بۆ ئەم مەبەستە یەکەم هەنگاوی بەئاراستەی ئاشتەوایی لەگەڵ باشوری کوردستان دەسنپێکرد لکو بەناوی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیاوە و لەدژی پارتی کرێکارانی کوردستان لە قووڵایی خاکی هەرێم ئەنجامی دەدا.

**بزووتنەوەی ئەیلول قۆناغێکی نوێ بوو بۆ تورکیا، هەرچەندە سەرکردایەتی ئەو بزووتنەوەیە لە خولگەی ئیسرائیل و تورکیادا بوون**

سەرەتای دزەکردنی سەربازیی تورکیا بۆ ناو خاکی هەرێمی کوردستان لە ڕێگای ئەو هێزانەوە بوون کە لە ناوچەی ئارامی سەرسنوری تورکیا بەناوی هێزەکانی چەکوشی ئامادە بۆ پاراستنی گەلی کورد و ناوچەی ئارام لە لایەن هێزە فرەنەژادەکانەوە، بەگوێرەی بڕیاری ٦٨٨ی ڕۆژی ٥ی ئاپرلی ١٩٩١ ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی دروستکران. لە ماوەی ئۆپەراسیۆنەکانی بەدیهێنانی خۆشگوزەرانی لە کۆی ١٤٥٦٨ سەربازی نێودەوڵەتی ٩٥٦٤ سەرباز سەربە هێزی ئەمەریکا بوون، هەروەها لە هێزی چەکوشی ئامادە لە



کـۆی ١٩١٢ سـەرباز ١٤١٦ سـەربازی ئەمەریکـی هەبـوون بەشێکی بەرچاوی ئەو هێزانـەش لـە سوپای تورکیا پێکهاتبوون. تۆخبوونـەوەی شـەڕی ناوخـۆ لەلایـەک و گرێدانـی پەیوەنـدی ئەمنـی لەگـەڵ تورکیـا هۆکارێکـی راسـتەوخۆ بـوون بـۆ زیـاد بوونـی دەسـەڵاتی تورکیـا و هێـزە چەکدارەکانـی لـە باشـوری کوردسـتان. لـە ٣١ی ئابـی ١٩٩٦ جەنگـی ناوخـۆی باشـوری کوردسـتان قۆناغێکـی مەترسـیداری بـڕی. هێزەکانـی رژێمـی بەعسـی ئـەوکات بەهـاوکاری پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان هێرشـیان کـردە سـەر شـاری هەولێـر و لـە چنگـی یەکێتـی نیشـتیمانی کوردستانیان دەریانهێنـا. ناوچەکـە بـوو بـە گۆڕەپانـی جەنگێکـی خوێنـاوی. لەملاشـەوە هێزەکانـی تورکیـا زیاتـر لـە قوڵایـی کوردسـتان خۆیـان چەسپاند. ئـەم هێزانـە رۆژ لـە دوای رۆژ ژمـارەو سـەربازگاکانیان لـە زیـاد بووندا بـوون. بەگوێـرەی هەنـدێ ئامـار لـە ئێسـتادا ٣٢٣٥ سـەربازی تـورک لـە باشـوری کوردستان بوونیـان هەیـە. ئـەم سـەربازانە دابـەش کراون بەسـەر ١٣ سـەربازگەی جیـاواز کـە هـەر هەموویـان لەناوچەکانـی ژێـر دەسـەڵاتی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتانن. سـەربازگەی کانـی ماسـی لـە زاخـۆ، سـەربازگەی بامەڕنـی، سـەربازگەی کریبـی لـە زاخـۆ گەورەتریـن سـەربازگەی سـوپای تورکیـان لـە باشـوری کوردسـتان. هەرچەنـدە پەرلەمانـی کوردسـتان لـە ساڵی ٢٠٠٣ بڕیـاری دەرکردنـی ئەوهێزانـەی سـوپای تورکیـای داوەو پەرلەمانـی عێراقیـش لـە رۆژی ١٥ی گەلاوێـژی ٢٠٠٨ داوای کـرد هەمـوو هێـزە سـەربازیەکانی سوپای تورکیـا لـە هەرێمـی کوردسـتان بچنـە دەرەوە، بـەڵام هەتـا ئێسـتا تورکیـا هیـچ کام لـەم بڕیارانـەی جێبەجێ نەکـردووەو بەردەوامـە لـە پێشـێلکردنی سـەروەری خاکـی هەرێمـی کوردسـتان و عێـراق.

- پەیوەندیەکانی تورکیا و هەرێمی کوردستان

بەشی دووەم :
پەیوەندیەکان لەسەردەمی ئەکەپە و ئەردۆغان............

# ئازادیا تاکی گرەنتی یا چڤاکەکێ ئازادە



عەلی ئۆرەماری



ل وێ روژا مروڤ لسەر رویێ ڤێ ئاخێ هاتیە دیتن، دکێشمەکێش و دهەڤرکیێن بەردەوامدابوویە لگەل سروشت و دەورو بەرێن خۆ، ئەگەر هەڤرکی ئارماچ و سونەتا مانەڤەیێ بیت دژیانێدا، دەبیت ب پرسین کیژان رێک بژارەبکەین دێ یابکێمتر ئازاربیت، مروڤ درویبرویبوونەکا خۆیناویا بەردەوامدابیت لگەل هەڤ نەژادێ خۆ ب ئارمانچا دەست بسەرداگرتن و ملکەچبوونا سروشتی و تێکدانا هەفکێشەیێن وێ، یان ژی هەڤرکیەک ب ئارمانچا بدەستڤەئینانا هەفسەنگیێ و ڤەژاندنا سیستەمێ ژینگەهی، هەلبەت ڤان هەردو بژاردەیان ژی خاندنگەه و بیردوزێن تایبەت بخۆڤە هەنە، دوێ تێگەهشتنێ دا ئەوا ئاڤاکرنا تاکەکێ ئازاد گرەنتیا چڤاکەک ساخلەم و ئازاد بەرهەم دئینیت و هەردەما تاک و چڤاک وەک هەڤالجەمکەکی نەهاتنە ژێک جوداکرن و کار ژبۆ تمامکەرێن ئێکبن بێتەکرن و لسەر بنیاتێ پەوەردەکرنا تاکەکێ ئازاد بوانەیا وێیا ساخلەم کە رێزێ ل ئازادیێ و تایبەتمەندیێن دیتر بگریت، هنگی هەم کۆمێن وان تاکان دێ چڤاکەکێ وەکهەڤ بەرهەم ئینیت، هەم ژی سیستمەک تێتە دروسنکرن کۆ پیروزیێن مروڤی تێدا بێنە پاراستن و تاکێن دوی سیستەمیدا وەک هەڤ بژین، هەڤرکی و خاندنا دروستا ئازادیان ل ڤیرە دەست پێ دکەت و گرنگیا ڤێ مژارێ ژی دڤێ ئێکێ دایە، گەلەک فەلسەفە و رامانێن ئازادیێ بەرقرابوون و بدەستڤەئینانا قەوارەیەکی دیاریکری و دامەزراندنا دەولەتێ دەست نیشان دکەن، ژوانا ئەفلاتوون و هێگل تێزێن خۆ لسەر ڤی بنیانی ئاڤاکرینە، و ئازادیا مرۆڤی ب ئەرکانڤە گرێ ددەن و ئەرک ژی ددەولەتێدا تێنەدەست نیشانکرن، ئانکۆ تاک گرێدایی دەولەتیە و دەولەت بەری ئەرک و مافێن تاکی تێن، ئەفلاتوون دبەرهەمێ کۆماردا دئێزەکا تایبەتدا لسەر وەکهەڤیێ دناڤبەرا ئەخلاق و سیاسەتێدا بڤی رەنگی دپرسیت، ئەو کیشک تاکە تێنە هژمارتن بتاکێ چاک؟ و ئەو چ رێکێن کۆ مروڤ بگەهینێ؟. هەچکۆ ئەڤ جورە پرسێن هەنێ دبیاڤێ فەلسەفا ئەخلاقیدا تێنەکرن و پەیوەندی بچ بابەتێن دیترڤە نینن، ئەما تاکێ چاک بدیتنا یونانیان دەبیت ئەندام بیت ددەولەتێدا، و ناتێنە هژمارتن ب کەسێ چاک ئەگەر تێدا ئەندام نەبیت، و ل ڤێرەدا پرسەکا دن ژ پرسا ئێکێ دروست دبیت، ئەی دەولەتا چاک کێشکە؟ و رێکێن هنگافتنا وێ کیشکن؟ و بڤی رەنگی فەلسەفا ئەخلاقی بلند دبیت و دچیتە دبیاڤێ زانستێن سیاسیدا، و دەولەت بدیتنا ئەفلاتوونی نمۆنەیەکا مەزنکریا تاکی یە و دوێ باوەرێدایە هەر دەمێ سیستەمێ حوکمرانیێ ئێکچو، دەبیت کار ژبۆ چێکرنا ئەخلاقی بێتە کرن، وەسا بو دچیت ئەخلاق گەلەک کۆیرترە کۆ تنێ کارێن چاک بیت، و دەولەت دڤی بیاڤیدا وێنەیەکێ مەزنکریە و ئەڤەیە یا ئەفلاتوون پالدایی ژبۆ شروڤەکرنا بابەتێن وەکهەڤیێ ددەولەتێدا و تێدا روناهیێ بێخینە سەر وەهکەڤیا تاکان، ل ڤێرە تێبینی تێنەکرن ئەخلاق گرێدایی رەفتارێن تاکی نە و سیاسەت تایبەتمەندە ب رەفتارێن کۆمێڤە، و لگەل ڤێ ئێکێدا ژی دێ بینین ئەفلاتوون هەردوکان دئێک پەیڤدا کۆم دکەت ئەوژی وەکهەڤی یە« العدالە «، یاکۆ ئەگەر د یاتێکێدا هاتە دەستەبەرکرن ئەڤە تاکەکێ چاک هاتە بەرهەم ئینان ودێ دیادوێدا ژی دەولەتا نمۆنەیی تێتە پێک ئینان، هەر نێزیکێ ڤێ تێگەهشتنێ ژی بیرمەند و فەیلەسۆفێ ئەلمانی جورج فیلهام فریدریک هیگل، دبێژیت « ئازادیا راستەقینەیا تاکی تێنەبدەستڤەئینان دچارچووڤێ پێگیریا وی ب ئەرکانڤە و «هیگل وەسا دبینیت گەل دەولەتا خۆ بدامەزرینن دابشێن ئازادیێ بهنگێڤن، ژبەرکۆ ئارمانچا بنەرەتیا وێ دەولەتێ مرۆڤ هەست بهەبوون و بەهاییێن خۆ بکەت، ئەگەر ئەم هەر ئێک ژ ئەفلاتوون و هیگل بسەرکێشێن بیردوزا دەولەت بەری تاکی ئێت

یـان ئـا دەوڵـەت نەئێنـە دروسـتکرن بیـر ل ئازادییـێـن ئـاکان درەوکا مەزنـە، ئەڤـە جـودا ژڤانـا هەلگرێـن بیـردوزا ئاڤاکرنـا ئاکەکـێ ئـازاد و دەموکراسیی هێڤێنـی سیسـتەمەکێ ئـازاد و دەموکرائیکـە، «توماس هوبـز» فەیلەسـوفێ ئینگلیـزی دەربـارەی ئازادیـا ئاکـی بڤـی رەنگـی شـروڤەدکەت « ئازادیـا ئاکـی یاجـودا نینـە ژ ئازادیـا وی چڤاکـێ ئێـدا دژیـت و دئەجامـدا ژی نەیـا جودایـە ژ ئێگەهـێ سیسـتمێ سیاسـی» کـە وانـە بڤـێ خاندنـێ بیـت ئازادیـا ئاکـی بنیانـێ ئاڤاکرنـا سیسـتمەک دەموکرائیکـە ئێـدا هەمـی ئـاک بهەسـتکرن ب ئـەرک و مافێـن خـۆ بکـەن، برەنگەکـێ ژیـان ئێـدا وەک هەڤبیـت و بێـی دەسـت درێژیـێ ل یـێ بەرامبـەر بکـەت، ئەمـا ب پشـت راسـتیڤە ئەگـەر ل سەدسـالێن مـە دەربازکریـن بنابیـەت ل روژهەلانـا ناڤیـن کـە کار هنـد لسـەر پەروەردکـرن و ئاڤاکرنـا ئاکـی نەهاتیەکـرن بشـێواز و فەلسـەفا دروسـتا ئازادیـێ، دەرئەجـام ئـەڤ دەڤـەرە دڤـان سەدسـالاندا دشـەرنیخ و هەڤرکییـێـن خویناوی و پـر ئـازاردا دەربازبوویـە.

ئێـک ژ وان ئەگەرێـن سـەرەکیێن شۆرەشـێن ڤـێ دوماهیـێ ل وەلاتێـن عەرەبـی بناڤـێ بوهـارا عەرەبـی سـەرهلداین، ڤالابوونـا وان وەلاتـان بوویـە ژ ئازادییـێـن ئـاکان و ئازادییـێـن دەربرینـێ، راپوورتـا گەشـەپێدانا مروڤـی یاعەرەبـی ل سـالا ٢٠٠٤ێ ئـەوا ل دەسـپێکێن ٢٠٠٥ ژلایـێ نەتەوێـن ئێکگرتیڤـە ل ژێـر ناڤـێ « بـەرف ئازادیـێ ل وەلاتێـن عەرەبـی « هاتیـە بەلاڤەکـرن، لسـەر هنـدەک راسـتیێن دلگران راوەستایە، دەمـا دیاردکـەت کۆ جیهانـا عەرەبـی دبیاڤێـن زەبکـرن و نەبوونـا ئازادیـان و زوردارییـا دەسـتەلاتێن سیاسـی دپاشـکەفتیترین نمونەییـێـن ڤـێ سـەردەمیدایە و ب شـێوازێن سیسـتەمێن سـتالینی بنـاڤ دکـەت، و هـەر دڤـێ راپوورتێـدا دیاردکـەت ئەڤەیـە یـا روژهەلانـا پاشـکەفتی و روژئاڤایـا پێشـکەفتی ژێـک جودادکـەت و دبێژیـت زورداریـی سـیمایەکێ بەرچاڤـێ شارسـتانیەتا روژهەلاتـە و ئازادیـی ژی سیمایەکێ شارسـتانیەتا روژئاڤایا ڤـێ سـەردەمی یـە و شۆرەشـێن گەلێـن روژهەلاتـا ناڤیـن ژی هـەر بەرهەمـی زەبکرنـا ئازادییـێـن مرۆڤـی نـە و نەبوونـا ئازادییـێـن رادەربرینـی، کـە ئەنجامـێ نەبوونـا پلانێـن پێشـوەختێن پەیوەندیـدار ب چێکرنـا ئاکەکـێ چـاک و پاشـان ئاڤاکرنـا سیسـتەمەک دەموکراسیی، ب ئانکۆیـەکا دیـتر ل وێ جیهانـا دبێژنـێ روژهەلاتـا ناڤیـن دەوڵـەت بـەری پەروەردەکـرن و پێگەهاندنـا ئاکـی هاتیـە.

تومـاس هۆبـز فەیلەسـوفێ ئینگلیـزی دەربـارەی گرنگیـا ئازادیـا ئاکـی بـۆ ئافراندنـا چڤاکەکـێ ساخلەم ئـەوژی بڤـی رەنگـی شـروڤەدکەت « ئازادیـا ئاکـی یاجـودا نینـە ژ ئازادیـا وی چڤاکـێ ئێدا دژیـت و دئەجامدا ژی نەیـا جودایـە ژ ئێگەهـێ سیسـتمێ سیاسـی « کـە وانـە بڤـێ خا ند نـێ بیـت ئازادیـا ئاکـی بنیانێ ئاڤاکرنـا سیسـتمەک دەموکرائیکە ئێـدا هەمـی ئـاک بهەسـتکرن ب ئـەرک و مافـان خـۆ، لسـەر بنیانـێ ئازادیـا منـێ ئـاک پشـکەکا نەڤەقەتیایـە ژ ئازادیـا نەیـێ ئـاک، ئانکـۆ رامانـا دروسـتا ئازادیـێ خـۆ دوێ چەندێـدا دبینیـت کـە چـەوا حەزێـن مروڤـی دبـێ سـنورن ژبـۆ بدەسـتڤەئینانا خاسـتەکێن ئێربوونـێ و ئازادیـێ، ئاهـەر بـوی رەنگـی ژی دەبیـت زێدەگاڤیـان لسـەر خاسـت و حـەزو ئازادییـێن یـێ بەرامبـەردا ژی نەئێنەکـرن، بەلکـو بـزاڤ ژبـۆ دەلیڤـە رەخسـاندن بـۆ یـێ بەرامبـەر بێـی گوهـدان ب جوداهیێـن پیسـتی و رەگـەزی و ئەتنیکـی و دینـی، دوی دەمیـدا هەمـی ئـاک بجوداهییـێـن خوڤـە دنـاف ئێـک چڤـاک و سیسـتەمدا کەهـی دبـن و دبنـە ئێـک گـروپ و ئێـک ئیـم ژبـۆ ئاڤاکرنـا وەلاتـی و دەوڵـەت دبینـە دەوڵەتـا هەمیـان.

دیاردکەت کۆ جیهانا عەرەبی دبیاڤێن زەبکرن و نەبوونا ئازادیان و زورداریا دەستەلاتێن سیاسی دپاشکەفتیترین نمونەیێن ڤێ سەردەمیدایە

جون سـتیوارت مـل بیرمەنـد و فەیلەسوفێ ئینگلیزی یـێ ب بیـردوزا خـۆ دپەرتـوکا خۆیـا on liberty ئـەو بیـردوزا دڤـێ ئێـزا گوتنـا خۆیـا بەربلاڤـدا کـۆم دکـەت دەمـا دبێژیـت « هـەر تشـتەک رێگریـێ ل هەڤرکیـا ئـازاد بگریـت ئـەو شـەرەکێ رهایـە ل دژی ئازادیـێ، و هـەر تشـتەک ژبـۆ ئازادکرنـا وێ بـێ بێنـە کـرن خۆشـێێن وێ یێن بێ سنورن »، ژلایـێ خۆڤـە بیرمەنـدێ لیبرالـی « فریدریـک ئوچوسـت فـون لایـک « پێناسـەیەکا گەلـەک بسـانەهی ددەتـە ئازادیـا مروڤـی و ئـازادی لنـک وی ئـەوە « مـروڤ نەیـی نەچاربیـت ژبـۆ ملکەچبوونـا یێـن دیـتر « و دڤـی بیاڤیـدا رامانێـن ئازادیـێ دسـێ وێنەیانـدا بەرچـاڤ دکـەت، ئازادیـا مروڤـی درامانەکا خـۆدا پشـکداریا وی یـە دبژارەکرنـا دەسـتەلاتێدا ود دانانـا یاسـایێن نەشریعـی و پشـکداریکرن دچالاکیێن

کارگێریدا «ئازادیا سیاسی »، وئازادی دوێنەیەکێ دیتردا ئەو پاننایی یە یائێدا دشیاندابیت مرۆڤ بگەهینە ئەنجامدانا کارەکێ دیاریکری ب پالدانا ئیرادەکا خۆسەر نەک ب باندورەکا هەوارکی یان ژی ب ئەگەرا هندەک کاودانێن دەمکی یێن دیاریکری « ئازادیا نافخۆ »، و ئازادیا ئاکی دوێنەیێ سێ یێدا لنک فون لایک ئەوە چەندایەئیا شیانێن ئاکی بۆ ئێرکرنا حەزێن خوە یان ژی ئەو پاننایی یە یا ئێدا مرۆڤ دکاریت چالاکیێن بژارەکرنا ئەنترنائیڤێن بەرچاڤکری بکەت «ئازادی وەک شیان ».

ل دوماهیێ ژی دید و بوچوونێن بیرمەندو فەیەلەسۆفێ کورد عەبدولائوجەلان کە دسەدسالیا هزارا سێ یێدا ب زەلالترین و نرخترین بیردوز ئێنە هژمارتن، د بیاڤێن ئازادیی یا ئاکی و گرنگیا ئاڤاکرن و پەروەردەکرنا ئاکەکێ ساخلەم دئێگەهشتنەکا ساخلەما ئازدیاندا ئێنە هژمارتن، و هەر وەختی مە شیا وی ئاکێ ئازادو دەموکراسی ئاڤا بکەین هنگی ئەم دکارین چڤاکەکێ ئازاد و دەموکراسی بەرهەم بینین و هەروەختی ئەڤ هەردوکە هاتنە پێکئینان سیستەمێ سیاسی دبینە مالا هەمی پێکهاتان وهنگی جوداهیێن نەتەوەیی ودینی و مەزهەبی و بیستی هەبوونا خۆ ژدەست ددەن ب وانەیێن خۆ زالکرنێ و هەمی ئاک و پێکهاتە دکۆنفیرالیەئێن خۆسەرو دەموکرائیک بهەمی رامانێن ماف و ئەرک و ئازادیان وەکهەڤ دژین، و دڤێ مژارا فەلسەفیدا و بنایبەت لسەر ئازادیان، ئوجەلان دپشکا سێ یێدا د بەرهەمێ « مانیفستویا شارستانیەتا دیموکراسی، سۆسیولوچیا ئازادی «یێ ل دور پەیوەدییێن دناڤبەرا ئازادیێ و دەموکراسیێ دا ب پەیوەندیەکا ئالوزو مژارەک ئاسێ دنێریت دەما دبێژیت « کێشک ژڤان مژارا ژ دەهما یادی بوویە « و ئەڤ مژارە یە یا گەنگەشەیێن بەردەوام لسەر ئێنەکرن، و ئەما دشیانێن مەدایە دیاربکەین و گەلەک بسانەهی، ئەف هەردومژارە ئێکو دو تمام دکەن دچارچوڤێ وێ پەیوەندیا بهێزا دناڤبەرا واندا هەی، بوێ چەندا ئەم هزرێ دپەیوەندیا دناڤبەرا سیاسەتا چڤاکی لگەل ئازادییێدا هەی، ئاهۆسا دشیانێت مەدایە گرێدانەکێ دناڤبەرا ئازادیێ و دیموکراسیەئێدا ژی دروست بکەین، و سیاسەتا دەموکرائیک ئالیێ پر زەلالە دسیاسەتا چڤاکیدا، دئەنجامدا نهۆ ئەم دکارین پێناسەیا سیاسەتا دەموکرائیک بکەین کو ئەو هونەرێ رزگاریا راستەقینەیە، کە وانە سیاسەتا دەموکرائیک و بکارئینانا وێیا ساخلەم خاندنگەها راستەقینەیا فێربوونا ئازادیێ و بکارئینانا بەهاو نرخێن وێیە و هەر وەختێ بسیاسەتکرنا چڤاکی لسەر بنیاتێ ڤێ خاندنگەهێ هاتە پێگەهاندن هنگێ ئەو چڤاک ژی رزگار دبیت، لەوان ب پێی فەلسەفا خاندنگەها ئوجەلاند، چارەسەرکرنا پرسێن ئالوزێن سەدسالێن بوریدا ل روژهەلاتا ناڤین هاتینە دروستکرن ل جهێ رێکێن چارەسەرکرنێ بو بێنە دیتن پتر ئالوزبووینە، و ئالوزێن روژ هەلاتا ناڤین و مانەڤەیا پرسا گەلێ کوردستانێ بێ چارەسەرکرن، یان هەمی ئەو شورەشێن هاتینە برێڤەبرن خاندنگەهەکا نازەو ئایبەت بخۆڤە نەبویە و نەڤگەرێن رزگاریا گەلێ مەژی نەشیایە خۆ دڤەید و بەندێن شێوازێن کلاسیک رزگاربکەت، رزگاریا شورەشەکا چەکداری لسەر بنیاتێ چەوساندنا پێکهاتەیەکێ دیتر نەشێت خۆ بسەپینیت و سیستەمەکێ سیاسی ئاڤابکەت، لەوان ژی ئەگەر ئەم دڤەت بدەین بنایبەت دپڕوژەیێ نەخشە رێکا ئوجەلاند دنەوروزا ٢٠١٣ دا هاتیە بەلاڤەکرن، گەلەک بهۆیرکانی و بزەلالی نێرینێن خۆ لسەر چەوانیا ئاڤاکرنا سیستەمەکێ دەموکرائیک بەرچاڤ دکەت، بێی وی سیستەمی بدایکبوونا دەوڵەتێڤە گرێ بدەت، بنیاتێ وێ یا گرێدایی ئاڤاکرنا ئاکەکێ ئازاد و دەموکرائیکە و هەر دەمێ ئاک لسەر نرخێن فەلسەفا ئازادیا دەموکرائیک هاتە ئاڤاکرن، دویر ژ هزرێن نەسک و

گەلەک بهۆیرکاتی و بزەلالی نێرینێن خۆ لسەر چەوانیا ئاڤاکرنا سیستەمەکێ دەموکراتیک بەرچاڤ دکەت

دەمارگیر، هنگی چڤاکەکێ دەموکرائیک و مللەتەک دەموکرائیک ئێتە بەرهەم ئینان و ئاک و چڤاکێن دەموکرائیک بێی جوداهیێن هەیی، گرەنتیەکێ بسلامەتێ ئاڤاکرنا سیستەمەکێ دەموکراسی یێ بخۆ برێڤەبرنێ ئێتە دروستکرن، و هەمی جورێن دەمارگیریێ و جوداهیێن نەتەوەیی و دینی و ئەوێن دیتر دڤی سیستەمێ دەموکرائیکدا ڤالا دەردکەڤن و هەر ئاکەک دگەهیتە ئازادیی و مافێن خۆ، لەوان ژی ئەو جورە سیستەمێن ل کانتونێن روژئاڤا ئێتە جێ بەجێکرن، بدیتنا مە ئەف چورە سیستەمە بەرهەمێ ڤێ خاندگەهێ یە بهۆیرکانی لسەر ئاخا روژئاڤا ئێتە جێ بەجێکرن، بوویە جهێ سەرنجا روژئاڤا بەری روژهەلات و دێ دەست پێکەک بیت ژی ئەو پڕوژەیی ل روژئاڤا جهێ خۆ دکەت ببیتە پڕوژەیەک پانتاییا هەمی روژهەلات بخۆڤەبگریت و جهێ هەمی پڕوژەیێن دیتر بگریت کو دسەدسالین بۆریدا نەشایی گەلێن روژهەلاتا ناڤین ب ئارامی لگەل ئێک بژین.

# کاریگەرییە نێگەتیڤەکانی حزبی کوردی



د.زمناکۆ خەسرۆ عەلی

لە ماوەی چارێکە سەدەی ڕابردووی ئیدارەکردنی باشووری کوردستان لەلایەن حزبی نادامەزراوەیی کوردییەوە، لە زۆر ئاستی جودادا، حزبی کوردی کاریگەریی نێگەتیڤ و خراپی لەسەر تاک و کۆمەڵگەی کوردیدا هەبووە. هەوڵ دەدەین بەگوێرەی توانا تیشک بخەینە سەر ئەو کاریگەرییانە.

## - تاکەکی دژ:

لەبەرئەوەی سیاسەتی سیاسەتکردنی زۆربەی حزبەکان کارکردنە لەسەر دەرخستنی ناشیرینییەکانی حزبی بەرانبەر، بە مەبەستی تێکشاندن و دژێوکردنی حزبی بەرانبەر، ئەوا ئەو بنەمایە ڕۆچووینە ناو ڕەفتار و بیرکردنەوەی ئەندامانی حزبەکان. بەهۆی ئەوانیشەوە، کە ئەواجودی دیاریان لە کۆمەڵگەی کوردی هەیە و بەشێکی کۆمەڵگەن، بەشەکی زۆری کۆمەڵگەی کوردی هەمان ڕەفتاری ناشیرینیان لێ بەدی دەکرێ. دیقەت بدەن، زۆربەی ئاکی کوردی ئامادەگییەکی بەزەینی بەردەوامی تێدایە، تا دژی هەموو بنیادەم و تشتەکانی دەوروبەری بێ. ئاکی کوردی لە ئاستەک دایە، توانای بینینی خاڵی پۆزێتیڤ و جوانی زۆر کەم بووە. بەهۆی ئەوەوە، دژبوون بەرانبەر بە دین، نەریت، هونەر، بیرکردنەوەی ئەوانی دی، ڕەنگ، هند دەبیترێ.

## - ڕەتکردنەوە:

لەوەیاندا، حزبی کوردی وەکوو گای یەک ئاخوڕە قبوڵی هاوبەشیکردنی دەسەڵات و ئیدارەکردنی ئەوانی دی نییە. ئەدی ئەوە نییە، لە بەڕێوەبەری ژوورێکی گچکەی فەرمانگەیکرا بگرە، هەتا دەگاتە دانانی وەزیر و سەرۆک - وەزیران، لەسەر بنەمای حزبی دادەنرێن. یانی، تا لەبەرئەوەی حزب دەیەوێ هەژموونی خۆی بەسەر یەکە ئیدارییەکاندا بسەپێنێ، ئەوە ڕاستە، بەڵکو هاوتا دەگەڵ ئەوەدا، پتر لەبەرئەوەیە قبوڵی نییە، ئەوانی دی ئەواجودی هاوبەشی ئیدارەکردنیان هەبێ. هەر لەبەر هەندێشە، هەمان ڕەفتار لە کۆمەڵگەی کوردی، دەدیترێ. چلۆن؟ ئاکی کوردی توانای هەڵکردنی نییە، یان زۆر کەمە دەگەڵ ڕەنگ و بیرکردنەوە جیاوازەکان. زۆر ئەو گوتارانە دەبیسترێن؛ کابرای دیندار تا بە ڕەتکردنەوەی کەسانی «بێدین» (نەک بێ دین) ڕادەگا، لەزۆر باردا هێرشی ناڕەوا دەکاتە سەر کەسایەتی و سنووری کەسییەکانیان. لە بەرانبەریشدا، کەسانی «بێباوەڕ بە دین» (بێدین)، هەموویان تا، بەڵام زۆربەیان، نەک هەر بابای دیندار و نوێژەکەی ڕەت دەکەنەوە، بگرە هێرش بۆ سەر پیرۆزییەکانی دینەکەشیان دەکەن. لەسەر ئاستی حزبەکانیش هەروا؛ بەوەی، ئەندامانی حزبەکان هەمیشە لە ڕەتکردنەوەی بیرکردنەوەی هەنگاوەکانی حزب و هەوادارنی بەرانبەردان.

> **ململانێی سیاسیی و فکری و دینی و کۆمەڵایەتیدا، تاکەکان لەسەر هێڵەکانی خۆیان ڕشتترن**

## - درووستبوونی پەرچەکرداری ڕەتکردنەوە:

بەهۆی ئەوەوەش، پەرچەکردار لە ناخی ئاکی هێرش بۆ کراو چێ دەبێ. چۆن؟ کاتێک کەسەک هێرشی دەکرێتە سەری، بەتایبەتی هێرشی توند و تێکشکێنەر، ئەوە وای لێ دەکەن، توندتر دەست بە بنەمای بیرکردنەوە و پەیڕەو و پرۆگرامی خۆی بگرێ. سەرنج بدەن، لە ململانێی سیاسیی و فکری و دینی و کۆمەڵایەتیدا، تاکەکان لەسەر هێڵەکانی خۆیان ڕشتترن. بە نموونە، کاتێک کابرای بێدین بە زمانێکی زبر دەیەوێ چەوتییەکی دینی نیشانبدا، بەڵام ئەو ڕوونکردنەوەیە نەک هەر نایێتە هۆی دروستکردنی دەرز لە بیرکردنەوەی کەسانی دیندار، کە گوتارەکەی ئاراستە کراوە، بەڵکو توخترێ دەکاتەوە لەسەر دینەکەی. کە بابای پارتی، یەکێتی، گۆڕان، ئیسلامییەکانیش هێرشی توند دەکەنە سەر سیاسەتی حزبی بەرانبەر، لەوێشدا هەمان شت. هێرشەکە تەنها ئامانجی تێکشکاندن دەپێکێ، نەوەک ڕوونکردنەوە و هۆشیارکردنەوە.

## - توندوتیژیی کۆمەڵایەتی:

لەبەر هەمان هۆکار و شیکردنەوە، کاتێک وروژاندن و پەرچەکردار بەردەوام بوو، ئەوا توندوتیژی بەرهەم دێ. کە ئەوەشیان زۆر

بەڕوونی لە کۆمەڵگەی کوردی پەی پێ دەبردرێ. ئوندونیژی لەسەر ئاستی هێرشکردنە سەر هەوادارانی یەکتر لە کاتی هەبوونی کەمترین بارگرژیدا، تا دەگاتە ئاستی هەبوونی ئوندونژی لەناو یەکە گچکەکانی کۆمەڵگە؛ لە نێوان هاوڕێیان و ئەندامانی خێزان، بۆ نمونە. بە ئاشکرا ئەوە لە ڕەفتاری زۆربەی تاکی کوردی، بەتایبەتی ئەوانەی سەر بە «ئەم حزب» و «ئەو حزب» و بەرەیەن، ئامادەگیی هێرشکردن و ئازاردانی ئەوانی دییان هەیە. یانی، ئەگەر زەین بدەین، دەبینین تاکی کوردی تاکێکی شەڕاوی و شەڕکەر و هێرشکەرە، بۆ سەر دوژمن تا، بەڵکو بۆ سەر هاوزمان و هاوشار و هاونەتەوەی، کە سەر بە لایەنەکی دییە. کە ئەوەش دەرخەری کەسایەتییەکی ئوندونیژە لەناو هەناوی تاک و کۆمەڵگەی کوردی، کە سەرچاوەیەکی پەروەردەی سیاسیی حزبەکانە.

- قبووڵنەکردن:

ئەوەیان هەر بەشەکە لەوانەی سەرێ، کە بنەمایەکی دیموکراسیشە، هەر وەک چۆن زۆربەی حزبەکان نارازین بە بیرۆکە و بەرنامەی حزبەکانی دی، زۆربەی تاکی کوردیش هەروا. ئەوانیش قبوڵی هەبوونی ڕای جوداخواز ناکەن. ژبەر هەندێ، دیموکراسی لە کوردستاندا لە قۆناغی سەرەتاییشدا پێی قایم نەکردوە.

- گەندەڵی لەسەر ئاستی تاک:

پاش ڕاپەڕین، زۆربەی حزبی کوردی لە قۆناغی شۆڕشگێڕییەوە گۆڕا بۆ قۆناغی بازرگانی و سامان-کۆکردنەوە و گەندەڵبوون. ئەو پەتایە، وەکو پەتای درم، زۆربەی بەرپرسە سیاسییەکانی باشووری گرتەوە. لەبەرئەوە، ئیدارەدان و سیستەمی گەندەڵی و بازرگانیکردن بوونە بنەمای سەرەکی سیستەمی میریی هەرێمی کوردستان. پاشان، ئەو نەخۆشییە درمە، لە ئاستی سەرێ شۆڕبووەوە بۆ ئاستی تاک. لەوێندەریش، زۆربەی تاکی کوردی، بە ئەرک و پێگە و پیشەی جودا، ئەو ڕەفتارە دزێوەیان وەرگرت. با نمونەتان بۆ بهێنمەوە، ئەماشا کەن، ئەو کەسەی سۆندەی ئاوێ هاوردە دەکا، سۆندەیەکی وا هاوردە دەکا، بەرگەی کەمترین ساردی و گەرمی نەگری، سۆندەکە زوو شەق دەبا و بێکەلک دەبی. ئەنانەت گەندەڵی لە قەڵەم ڕەساس و فیوڵ پەمپی ماشێن و مۆتۆڕی موبەریدە و دەرمان و هەزاران شتی دی دەکرێ. تا ئەو ئاستەی، گەندەڵی و نابەرپرسانە مامەڵەکردن لەگەڵ پێگە و ئەرکی فەرمیش دەکرێ. کابرا فەرمانبەری میرییە، تا پێی بکرێ لە ماوەی کارکردنەکەیدا کەمترین کار دەکا، خۆی لە ئیشەکان دەدزێتەوە. کە ئەگەر بابای خاوەن ئەرک، پلەیەکی وای هەبوو، بەهۆی شوێنەیەکەیەوە بتوانێ دەستی بە دوو عانە

و خراپبەکارهێنانی پۆسنەکی بگا، درێخی ناکا. دەمەوێ بڵێم، گەندەڵی لە باشووری کوردستان لە ئاستی بەرپرس و وەزیر و گزیر دەرچووە، بەشێوەیەک شۆڕبووینەوە، بەشی هەرە زۆری، تێزیکی ڕەهای گشتی، کۆمەڵگەی گرتیتەوە.

لەبەر ئەوە، کە باسی چاکسازی ئیداری و سیاسی دەکرێ، دڵنیا بن کە چاکسازی بە قۆڵبەستنکردنی دوو بەرێوەبەری گشتی و تەنانەت وەزیریش ناکرێ، چونکە تازە گەندەڵی، تا- ڕاستبوون و خیانەتکردن لەگەڵ دەوروبەر، بەشی هەرەزۆری کۆمەڵگەی گرتیتەوە. بۆیە، ئەگەر کۆی سیستەمەکە گۆڕانی بەسەردا نەیێ، ئەوا هەرچییەک بکرێ، بێ سوود دەبێ.

> حزبی کوردی تاکی کوردی هاندا لەسەر دەیان و سەدان ڕەفتاری بەد بەردەوام بێ

- هاندانی نیگەتیڤ:

لە دەروونزانیدا، باسی یەکێک لە بیرۆکەکانی فێربوون دەکرێ، کە لەو بیردۆزەدا ئەوە دەرکەوتییە، ئەگەر هانوو ڕەفتارەک هاندرا و پاداشت کرا، دەبێتە هۆی هاندانی ئەو کەسە بەمەبەستی دووبارەکردنەوەی ئەو ڕەفتارە. لەسەر هەمان بنەما، حزبی کوردی تاکی کوردی هاندا لەسەر دەیان و سەدان ڕەفتاری بەد بەردەوام بێ. سەرەنجی خۆتانم بدەنێ، کاتێک کابرا بەرپرسە لە یەکەیەکی پۆلیسی، ئاسایشی، جاسووسی، و هتد، کە لە پێناو پارێزگاریکردن لە بەرژەوەندییەکانی حزبەکەی، پڕ دەدانە ئەم و ئەو، ئازاری ئەو و ئەم دەدا، لە بەرانبەر ئەوەدا؛ پارچە زەوییەک پاداشت دەکرێ، دەتوانێ کارەکی عاسێبووی خزمەکی خۆی بروێنێ، یان لە شوێنەکی دیار و باش مۆڵەتی کردنەوەی دوکانەک وەردەگرێ. ئەوەش، لە نەستی تاکی کورددا، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، وا لە تاکی کوردی دەکا، تاکی کوردی بیر لەوە بکاتەوە، هەمان کار بکا، تا ئەویش هاندان و دەستخۆشانە و پاداشت وەربگرێ. لەبەر ئەوە، بەئێپەڕبوونی کات، کە کەسانی خراپ، بەهۆی ئەنجامدانی کاری خراپ لۆ حزبەکانیان، هاندان و پاداشت دەکرێن، هەم وایان لێ دەکاتن، ئەوان لەسەر ڕەفتارەکانیان بەردەوام بن، هەمیش هانی خەڵکی دیش

دەدا، بچنە سەر هەمان ڕێچکە. لەبەر هەندێ، حزبی کوردی لەوەدا کۆمەڵگەی وێران کرد، «فێرکردنی خراپی بەکۆمەڵ»ی فێری ئاکەکانی کۆمەڵگە کرد. پرۆسەی فێربوون لە ئاستی ئاک-ئاکی کۆمەڵگە چووینە ئاستی فێرکردنی سەرلەبەری کۆمەڵگە. چ فێرکردنەکیش، هاندانی ئاکەکان بۆ بەردەوامبوون لە سەر ڕەفتاری بەد و خراپ و ناشیرین.

## کەسانی زوڵملێکراو لە سێرەی دوژمنداری دانە

**- دوژمنداری کۆمەڵگەیی:**

لەبەر ئەوەی دوو حزبە دیار و گەورەکەی کوردستان لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان هێزێکی تایبەت بەخۆیان لە دەوری خۆیان دروست کرد، ئەو هێزە لەناو کۆمەڵگە ناوانی جۆراوجۆریان کردییە. لە زۆربەی ئەو ناوانانەدا، کەسی یەکەمی ئاوانکەر یان کەسی یەکەمی سەرووی چەقۆو و نفەنگبەدەستەکە (بەرپرسەکە) دەناسرێ، کەسی ئاوانلێکراو بەچاوی دوژمن سەیری ئاوانکەر و بەرپرسەکەی دەکا. بۆ نمونە، کە بەرپرسەکی ئەمنی یان عەسکەری هێرش دەکاتە سەر هاوڵاتییەک یان زیادتر، ئەو کەسانەی هێرشیان کراینە سەری، حیسابی دوژمن بۆ ئەوان دەکەن. بەهۆی ئەوەوە، کەسانی زوڵملێکراو لە سێرەی دوژمنداری دانە. لەبەرئەوەی ئۆڵەکردنەوە بە یەکێک لە سیفەتە مرۆییەکانی بنیادەم دادەنرێ، لە هەر بار گۆڕانەکی گەورەی سیاسیی و دەسەڵاندارییدا، لەدوو ئۆڵکردنەوەی خۆیان دەبن. لە بیرمان نەچێ، زاڵم و مەزڵوم هەردووکیان هاوڵاتین. کەسانی ناو یەک کۆمەڵگەن. یانی، حزبی کوردی، دوژمنداری شۆڕکردەوە ناو کۆمەڵگە. لە نێو ماڵەکانی نێو یەک گەڕەک و شاردا چاندی. ئەوان کۆمەڵگەیان کردە دوژمنی یەکتر. لەبەر ئەوە، دەبێ وەهای دابنێین دوژمنداری کەوتووەتە ناو ئاکەکانی کۆمەڵگە. چونکێ ژمارەی ئەو کەیسانە فرە زۆرن، بۆیە دوژمندارییەکە لەسەر ئاستی هەبوونی حالەت و ئاکونەرا، چووەتە ئاستی دیاردە و بەشی زۆری کۆمەڵگەی گرتیتەوە. حزبی کوردی تۆوی دەیان حالەتی دوژمنداری لە کۆمەڵگەدا چاند. بۆیە دەکرێ پێی بگوترێ دوژمنداری کۆمەڵگەیی.

**گەندەناسیۆنالیزم (pseudo-nationalism) و کووشتنی ئینتیما:**

حزبی کوردی بە شێوەیەکی ڕێکخراو کاری کردییە لەسەر کووشتنی ئینتیما بۆ نیشتیمان و هەموو ئەو شتانەی پەیوەستن بە نیشتیمانەوە. هاوڵاتی ئەو هەستەی هەیە، کە هیچ شتێک، یان زۆر کەم بنەما، دەیبەستنەوە بە نیشتیمانەوە. بە جۆرێک، هاوڵاتی سەرخاک، بنخاک، ژێرخان، و سەرخان بە هی خۆی نازانێ. پێی وایە ئەو لە نیشتیمانەکدا دەژی، قۆچانەکەی بە ناوی چەند کەسانەکە. ئەو دابڕان و پچڕانە لە پەیوەندیی نێوان ئاک و نیشتیماندا، وای کردییە، زۆربەی نیشتیمانیان بیر لە سوودگەیاندن نەکەنەوە بە ئایندەی وڵاتەوە. یانی، حزبی کوردی نەک هەر هاوڵاتی لە نیشتیمان ئۆراند، بەڵکوو کردییە ئاکەکی بێسوود و دژ بە نیشتیمانیش.

سەبارەت بە نەتەوەییبوون (ناسیۆنالیزم)یشەوە، دەسەڵاتی کوردی لە ڕێگەی گوتنەوەی گوتاری ناسیۆنالیزمەوە، کە هەمیشە لە هەوڵی بارگاویکردنەوەی هاوڵاتییانە، بەڵام پێچەوانەی ئەوە لە ئاوەز و شوناسی کەسایەتیی ئاکی کوردی، هی باشوور بەتایبەتی، دەبیترێ. شیکردنەوەکە ئاسانە، دەسەڵاتی کوردی ناسیۆنالیزمەکی درۆزنانە و ناڕاست بە هاوڵاتیان دەفرۆشێتەوە، کە هاوڵاتی پێچەوانەی ئەوە، ئیزدیواجییەت لە بنەمای ئەو گوتارە دەبینێ، نەتەوەبوونەکەی تێک دەشکێ و لەناو دەچێ. نەتەوەییبوونەکەی، کە لە سادەترین پێناسەیدا بەستنەوەی

> **حزبی سیاسی لە باشووری کوردستان، کاریگەریی نیگەتیڤی لەسەر ڕەفتار و بیرکردنەوەی تاک، بەهۆی ئەوانیشە، لەسەر کۆمەڵگە، دروست کردوە**

ئاکە بە نیشتیمان و سوودگەیاندنییەتی بە پێکهاتەکانی نیشتیمانەکەی، ئەو نەتەوەییبوونەی تێکشکاوە و لەبارییەک هەڵوەشاتەوە. بۆیە ئەگەر لێرە و لەوێ شوناسەکی ناسیۆنالیستانە لە ئاکی کوردی بەدی بکرێ، شوناسەکی ڕاستەقینە نییە، بەڵکو گەندە شوناسە، گەندە-ناسیۆنالیزمە. ناسیۆنالیزمەکە لە هەناوی خۆیدا دژبوون و پێچەوانەبوون و دژنەوژمی ئەو ناسیۆنالیزمەی هەڵگرتییە.

**- تاکی نابەرهەمهێن و تەمبەڵ:**

دەسەڵاتی کوردی هاوڵاتی فێرە حازرخۆری بەرسێبەر کردوە. سیستەمی ئیدارەکردن لەسەر بنەمای سوودگەیاندن بوو بە هەوادار و ئەندامان، جگە لەوەی کەمترین دەرفەتی پرۆژەی تایبەتی و کارگەی بەرهەمهێنی

ڕەخساند. ئەوەندەی بەئاشکرا دامەزران، سەدان هەزاریش وەکوو بندیوار موچەخۆر کران. بەهۆی ئەوەوە، ئاک ئوانای کارکردنی نەما. پیشەسازی و ئاژەڵداری و کشنوکاڵ، ئەوەندەی هەش بوو، پەکی کەوث. یەک نمونە دەهێنینەوە، لە ناوچەیەکی دووره دەسئی کوردسئان، کە ژمارەی دانیشنوانەکەی کەمترە لە هەزار کەس، بەڵام سەد و ئشازده (١١٦) کەس موچەخۆری بنکە نەندروسنییەکەی بوون. کە زۆر ڕۆژان، ژمارەی نەخۆشەکان، کە سەردانی ئەو نەخۆشخانەیان دەکرد، کەمتر بوون لە ژمارەی کارمەند و موچەخۆرانی خەسنەخانەکە!

لە ئەنجامدا، ئەگەرچی دەیان ورده خاڵی دیکەی گرنگ هەن، لەو نووسینەدا ئاماژەیان پێ نەدرایە، بەڵام لەوە دەگەین کە حزبی سیاسی لە باشووری کوردسئان، کاریگەریی نێگەنیڤی لەسەر ڕەفئار و بیرکردنەوەی ئاک، بەهۆی ئەوانیشە، لەسەر کۆمەڵگە، دروسث کردوە. زۆر لەو ڕەفئار و بیرکردنەوە چەوئانە، بوونەئە بەشێک لە کەسایەئی و شوناسی ئاکی کوردی، ئازە بە هەوەئئە لێی ئابنەوە. کە ئەوەش کاریگەریی هەیە لەسەر ئاینەدەی وڵاث، چونکە نەوەکانی وڵاث لەسەر پەروەردەی چەوث گەوره دەکرێن. لەبەرهەندێ، ئەگەر بمانەوێ ئارگومێنئی پێچەوانە و چارەسەر ژبۆ ئەو ڕەفئار و بیرکردنەوە بەدانە دابنێین، دەبێ بیر لە وشککردنی ئەو سەرچاوەیە بکەینەوە و بگۆڕێن، کە بووەئە و دەبێئە هۆی بەردەوامیدان بە ڕەفئار و بیرکردنەوە خراپەکان. یانی، ئا سیسئەمی سیاسی لەسەر ئاسئی جودا کاریگەریی خراپی لەسەر ئاک و کۆمەڵگە هەبی، ئا ئەو سیسئەمە ڕیشەکێش نەکرێ و فۆڕماث نەکرێ، هەرچییەکی دی بکرێ، ئەوا ئەنها بۆیەکردنەوەی ڕووکەشی نەئێکێ لەناودا ڕزیوە.



# ژن لەنێوان مافی خودایی وحەزی پیاوان بەناو ئاین و ئازادی



کامەران گوڵپی

دەزانــم لەبەرانبەرنوســینی ئــەم بابەتــە لەلایــەن هەندێــک نەیــاری ڕادیــکاڵ، یاخــود بەنــاو ئــازادی خــواز بەمافــی ژنــان ڕووبــەڕووی ڕەخنــە دەبمــەوە، چونکــە بــەش بەحاڵــی خــۆم دەمەوێــت بابەتیانــەو دوور لەدەمارگیــری (پیاوســالاری) ڕاســتیەکان بخەمــە ڕوو، بەشــێوەیێک کــە نەگرووپــی خــاوەن بیرۆکــەی گۆشــەگیرکردنی ژنــان ویســنویانە ڕوونــی بکەنــەوە بــۆ کۆمەڵــگە، وەنەگرووپــی بەنــاو بانگەشــەکارانی(ئازادی بــۆ ژنــان) بوێــری ئەوەیــان کــردووە ژن ئاشــنا بکــەن بەمافەکانــی، لەکاتێکــدا هــەردوو گــرووپ لەناخــدا دژی ئــازادی ژنــان کاریــان کــردووەو کاردەکــەن پێچەوانــەی ئــەوەی کــە بەدیهێنــەر ژن و پیــاو بــە مــرۆڤ ناودەبــات بەبــێ جیــاوازی لەهەســت و مــرۆڤ بــوون و کەرامەنــدا.

هەڵگرانــی بیــری ئونــدڕەوی و ڕادیکاڵــی دونیــای ژنیــان بــە گۆشــەگیرکردنی لەچوارچێــوەی ماڵــەوەدا وەســف کــردووە، بــۆ ئــەوەی بــەدوور بێــت لەڕۆڵــی خــۆی لەبــوارە جیاوازەکانــی ژیانــدا، بەبیانــوی ئــەوەی ژن ئەرکــی دایکایەتــی لەســەرە، لەکاتێکــدا خــوای باڵادەســت کاتێــک ئامــاژە بەمــرۆڤ دەکات هــەردوو ڕەگــەزی بەیەکــەوە گــرێ داوە لەئــەرک و فەرمانــدا، قورئــان ئامــاژە بــە هاوونــا بوونــی پیــاو و ژن دەکات(مــن عمــل صالحــا مــن ذکــر،او انثــی) واتــە هەریــەک لەئێــوە کاری بــاش ئەنجــام بــدات چ نێــر بێــت یاخــود مــێ.

هەمــان ڕەخنــەش ڕووبــەڕووی گروپــی بانگەشــەکارانی(ئازادیخوازی ژنان)دەکەیــن، چونکــە لــەلای ئەمانیــش ژن ئــەو دروســتکراوەیە کــە وەکــو بوکەڵەیێــک ســەیر دەکرێــت و بــازاڕی ڕیکلامــە بازرگانیەکانــی پــێ دەڕازێنرێنــەوە لەپێنــاو بەکاڵاکردنــی خــودی ژنــدا، هەمــوو جوانیــەکان و تواناکانــی ژنــان لــە جوانــی لــەش ولاریدا قەتیس دەکــەن و بــە وێــنەگەی خــۆ بەئاڵکردنــەوەی دەبینــن لەچێــژ وەرگرتــن و حــەزی سێکســیدا.

بەجۆرێــک پێــوەری وەرگرتنــی ژنــان لەبوارەکانــی ژیانــی ئاســایی لەکۆمپانیــاو فەرمانگەکانــدا پەیوەســت کــراوە بــە ڕادەی جوانــی ئــەو ژنــەوە، واتــە توانســتی خراوەتــە ژێــر چەتــری بەزەیــی و دڕندەیــی پیاوانــەوە، کەرامەتــی لەچەندیەتــی ئێرکردنــی ئەوانــدا دەبینرێنــەوە،

ئەمــەش ئــەو پــەڕی بەکۆیلەکردنــی ژنــە!.

بابەیەکــەوە ســەردانێکی مەیدانــی بــۆ مافــی ژنــان بکەیــن لــە چوارچێــوەی پەیامــی خوایــی بــۆ مرۆڤــەکان کــە خــۆی لەکۆتــا پەیامدا(پەیامــی ئیســلام) دەبینێتــەوە دوور لەدەمارگیــری و هەڵچــوون و خــۆ ئەنگاوکــردن لەئاســت ئــەو وشــانەدا کەڕاســتی حــەزی پیــاو ســالاری شکســت پێدێنێــت، لەبــەر ئــەوەی کۆمەڵــگەی کــوردی کۆمەڵگەیەکــی موحافیــزکارەو زۆربــەی چەوســاندنەوەکان لەژێــر نــاوی ئایــن بەپلــەی یــەک و داب و نەریتــی کــوردەواری بەپلــەی دوو ئەنجــام دەدرێــن بۆیــە پێویســتە تیشــکی زیاتــر بخەینــە ســەر ئــەو لایەنــە لــەڕووە مێژووییەکەیــەوە، بــۆ ئــەوەی خەونــی پیاوســالاری لەژێــر پــەردەی ئاینــدا لەگــۆڕ بنێیــن.



کاتێــک خــوای باڵادەســت نمونــەی مرۆڤــی باوەڕداروبەمــۆراڵ دێنێتــەوە ئامــاژە بــەدوو ژن دەکات لــە وەســتانەوە بــەڕووی جــەورو ســتەمداو بەرگــری کــردن لــە هەڵوێســتی خۆیــان کــە ئەوانیــش (ئاســیای ژنــی فرعــەون و مەریەمــی دایکــی عیســا مەســیح)ە.

ئــەم ئامــاژە خوداییــە وێناکردنــی ڕۆڵــی ژنــان پیشــان دەدات کەســەرمەشقی وەستانەوە، بــاوەڕداری، داکۆکــی لەمــاف، نەنهــا پیــاوان خاوەنــداری نیــن بەڵکــو خــودی ژنانــن.

هەمــووان دەڵێــن ژن نیــوەی کۆمەڵــەو نیوەکــەی تریشــی پــەروەردە کــردووە، بــەلام لــەڕووی پراتیکــەوە دەیــان چەوســێننەوەو نەتانــەت مافــی بڕیاردانیشــیان لــێ ســەنراوەتەوە بەهــۆکاری ئــەوەی کەتەنهــا (ژنــن یاخــود مــێ)، ئەمــەش نەنهــا ســەپاندنی حــەزو ئــارەزوی خــودی پیاوانــە

کەهەمان ئاسنی مرۆڤ بوون دەیانگرێنەوە.

یەکەم خێزانی پەیامبەری ئیسلام(د.خ) بازرگان بوو، نەنانەت خودی موحەممەد پێش وەرگرتنی ئەرکی پەیامبەری لەلای ئەو ئیشی دەکرد، هەمان هاوسەری کە خەدیجەی ناو بوو پاڵپشت و پشتیوانێکی بەهێزی پەیامبەر بوو لەهەموو ناخۆشیەکانیدا بەرانبەر بەنەیارانی، نەنانەت ئەو داوای هاوسەری و ژیانی هاوبەشی لە موحەممەد کرد، پێچەوانەی دابونەریتی دوورگەی عەرەبی کە ئەمەش خۆی لەخۆیدا داهێنانێکی نوێ بوو لەژیانی کۆمەڵایەتی ئەو کاتەدا .

بەڵام ئێستا کەسانێک دروست بوون کە نەنانەت چوونە دەرەوەی ژنان بۆ بازاڕ و ڕاپەڕاندنی کاری تایبەتی خۆیان بەبێ پیاو یاخود مەحرەم حەرام دەکەن.
بەشداری کردنی ژنان لەکاری سیاسیدا ڕسوا دەکەن.
بەدرێژایی تەمەنی پەیامبەر یەک توندوتیژی تۆمارنەکراوە بەرانبەر بەخێزانێکی، لەلایەن ئەوەوە، بەڵکو ئاوەکو ئەوپەڕی سنورەکانی مهرو خۆشەویستی و متمانەی بەژنان بەخشیوەو نەنانەت داکۆکی ئەو لەکاتێکی هەستیاری وەکو سەرەمەرگدا ئەم ووشەیە بووە (زۆر نەرمونیان و بەڕێزبن لەگەڵ ژناندا و مەیان چەوسێننەوە).

وانە بەکەمتر لەخۆنان سەیریان مەکەن، چونکە یەکەم هەنگاوی ئەو لەسەرەتای بانگەوازیدا ڕزگارکردنی کچانی کۆرپەی تازە لەدایک بوو لە کلتوری دواکەوتووی (زیندەبەچاڵکردن) کە لەناو کۆمەڵگەی عەرەبیدا باوێکی چەسپاو بوو.

چواردە دەیە پێش ئێستا متمانەی بەرەنگاری و وەستانەوەی ژنانی پیشانی مرۆڤایەتی دا، کاتێک گەمارۆی خرایەسەر لەلایەن قورەیشیەکانەوەو سێ ساڵی خایاند، خێزان و هاوسەرەکەشی لەنەنیشتیەوە بوو، هەتا کۆچی دوایی کرد.

بەڵام ئێستا بەناو بەرپرسە پیاوەکان لەگەڵ دۆخێکی نەخوازراو دێنە پێش ڕاستەوخۆ ژنەکانیان وەکو (بوکەڵە) بەرەو هاندەران بەرێ دەکەن و ڤیزای ڕاستەوخۆیان بۆ وەردەگرن، لەکاتێکدا ژنان خولقێنەری ژیانن، بەڵام ئەمان لەژیان بێ بەشیان دەکەن و بەچاوی کەمتر لەخۆیان سەیریان دەکەن.

بۆیە مێژوو تۆماری کردووە بۆ ئەم بەناو موسڵمانانەی ئێستا کە یەکەم کەس لە ئاینی ئیسلامداو لەسەر پێداگری لە موسڵمان بوونی کەشەهید کرا پیاو نەبوو بەڵکو ژنێک بوو بەناوی(سومەییە).

ئاکە کەسێک لەجەنگی ئوحد بەرگری لەپەیامبەری خودا دەکرد بەشمشێر لەکاتێکدا زۆرێک لەپیاوە پاڵەوانەکان مەیدانی جەنگیان بەجێ هێشتبوو بەهەمانشێوە ژن بوو..کەناوی(نەسیبەی کچی کەعب) بوو.

پەیامبەری ئیسلام(د.خ) یەکەم ڕاوێژکاری ژن بوو کەناوی(ئوم سەلەمە)بوو، کەلەزۆربەی کێشەو گرفتەکانی ڕۆژانەیدا ڕاوێژی پێ دەکرد.

**پەیامبەر(د.خ) لە مەکەوە کۆچی بۆ مەدینە کرد بە نهێنی قورەیش، دیسانەوە ژنێک بووە نهێنی پارێزی**

ئێستە زۆرێک لەو بەناو موسڵمانانە کە فلتەری موسڵمان بوون لەدرێژکردنەوەی ڕیش و کورت کردنەوەی شەرواڵدا دەبیننەوە، دەڵێن ژن و سیاسەتیان نەوونووە، لەکاتێکدا لەپەیمانی(عەقەبە) بۆ یەکەم جار پەیامبەر بەشداری بەژنان کردو پەیمانی لێ وەرگرتن وەکو پیاوان.

هەروەها کاتێک پەیامبەر(د.خ) لە مەکەوە کۆچی بۆ مەدینە کرد بەنهێنی قورەیش، دیسانەوە ژنێک بووە نهێنی پارێزی، بەجۆرێک خەڵانی گرتن یاخود کوشتنی موحەممەد لەو ڕۆژەدا (سەد وشتری سوور) بوو بۆ هەرکەسێک کە بەو کارە هەستێت.

بەڵام نهێنی گری ئەم دۆخەش ئەم ژنە بوو بەناوی (ئەسمای کچی ئەبوبەکر)کە ڕۆژانە خواردنی بۆ دەهێنان و هەواڵی ناو شاری مەکەشی پێ ڕادەگەیاندن.
بەڵام ئێستا ئەم بەناو موسڵمانانە دەڵێن نابێت نهێنی خۆت لەلای ژنەکەت وانە هاوسەرو هاوژینت بدرکێنی، چونکە ناتوانێت نهێنی بپارێزێت.

ئائێرە ئەم نمونەو سمپڵانە هەموو ئەو بۆچوونە نەزۆکانە بەتاڵ دەکەنەوە کە بەناوی (ئاین، خوا، پەیامبەر)ەوە بەرانبەر بەژنان پیادە دەکرێن لەپێناو مانەوەی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بە چوار چێوە یەکی (پیاوسالاری).

ئێستا گروپی دووەم دەخەینە بەر نیشکی هەڵسەنگاندن بەجۆرێک کە پێویست بەنمونەی مێژوویی زۆر کۆن ناکات، چونکە لەم سەردەمەدا چەوساندنەوەی ژنان لەژێر ناوی ئازادیدا بەچاوی سەر ڕۆژانە دە بینین، لەکۆمەڵگەی ئەوروپیدا ژنان بەهەمان شێوە دابەش کراون بەسەر چەند چین و توێژێکدا بەبڕیاری پیاوان، بەنمونە وڵاتێکی ئەوروپی کەژنێک بەڕێوەی دەبات واژۆی لەسەر بەکۆیلەکردن و فرۆشتنی ژنان کردووە لەڕووی جەستەوەو کڕین و فرۆشتی یاسایی پێوە دەکەن و بە(بزنس) ناوی دەبەن کە پێوەرێک نیە بۆ ڕاگرتنی ئەو سوکایەتی پێکردنە تەنانەت لەخودی وڵاتانی پێشکەوتوو لەژێر ناوی دیموکراسی و ئازادیدا.

## لە هەرێمی کوردستانیش ژنان لەدۆخێکی زۆر خراپدان

لەڕۆژهەڵاتی ناوین بەگشتی و وڵاتانی کەنداو بەتایبەتی ژنان بۆ گەرمکردنی کۆنسێرت و پەیداکردنی سەرمایەو سامان لەلایەن کۆمپانیا زەبەلاحەکانەوە کراونەتە ئامێری ڕابواردنی گەنجان و لاوان، بەجۆرێک وەکو کۆمەڵگەیەکی نەزۆک و حەزبازو بێ بەرهەمی لێ هاتووە، هەتا دەمەو بەیان بێدارن و بەڕۆژیش نووستوو خەواڵو. لەئاسیای ناوەڕاستیش ژنان وەکو کۆیلە مامەڵەیان پێوە دەکرێت و بە وڵاتانی دواکەوتوو، دەوڵەمەندی وەکو کەنداو دەفرۆشرێن و وەکو خزمەتکار بەکاریان دێنن لەماڵکانداو، دواتریش دەست درێژی سێکسیان دەکرێتە سەر لەلایەن خاوەن کارەکانیانەوە، بۆیە ئەمانیش لەڕێی کۆمپانیا گەلێکەوە کە پیاوان خاوەنداری لێ دەکەن، واتە ژن بەهەمان شێوە کاڵای پڕبایەخ و سەرەکی ئەو گروپە مافیایانەیە کەلەژێر ناونیشانی جۆراوجۆردا دروست کراون و بازرگانی بەژنانەوە دەکەن.

لەهەرێمی کوردستانیش ژنان لەدۆخێکی زۆر خراپدان، چونکە بەردەوام پێگەی پاشکۆبوونی بۆ دیاری کراوە، هەروەک لەکایە سیاسیەکاندا وەکو ڕتووش بۆ کاری سیاسی پیاوان بەکاردەهێنرێن و هەموو لایەنێکی سیاسی چەند کورسییێکی لەمەکتەب سیاسیەکەیدا داناوە تایبەت بەژنان وەکو چاکەکاری و خێرپێکردن.
لەکاتێکدا خودی ژنان لەکۆمەڵگەی کوردیدا پیاوان بەرەوە کۆشکی حەزی دەسەڵات و پلەی فەرمانڕەوایی سەردەخەن، دواتریش سکاڵایان لە توندوتیژی پیاوان هەیە بەرانبەریان لە نێو خێزانەکانیاندا، بۆیە ژنان پێویستیان بە شۆڕشی هەستانەوەو خۆ دەربازکردنە لە دونیای دروستکراو بۆیان لەلایەن پیاوانەوە.
ئەو شێوازی بەشداری پێکردنەی ژنان لەکایە سیاسیەکاندا بۆ چەواشەو دەمکوت کردنی خودی ژنانە، چونکە ژنان دەبێت هاوبەش و هاوکار بن نەک کۆیلەو خزمەتگوزار، بۆیە دەبێت ژنان هەروەک خولقێنەری ژیانن بەهەمان شێوە هەنگاوی یەکەم هەڵگرن لەپێناو ڕووخاندنی ئیمپراتۆریەتی پیاوسالاری.

نوسینی وەها بابەتێک زۆر سەختە، چونکە ناتوانین ئاوانەکان تەنها بخەینە ئەستۆی پیاوان، چونکە ژنانیش هاوکارن لە دروست بوونی دۆخی چەوساندنەوەی خۆیاندا.
ڕۆڵی ژنان بەڕوونی لە مێژوودا دیارە، بەجۆرێک هاوکاری پیاوان بوون لەسەرخستنی ژیانداو هاوسەنگەر بوون لەزۆربەی بوارەکاندا، هەربۆیە نمونەی زیندوو لەمێژوودا تۆمارکراوە .
ئێستا بانمونەی زیندوو وەکو (هێڵی سێیەم) لەنێو کۆمەڵگەی کوردیدا بەسمپڵ وەرگرین، بۆ ئەوەی ڕاستی ژنان وەکو کائنێکی دوور لەتانەواوی و هاوشانی پیاو دەرکەوێت و لەچوارچێوەی بەمێژوو کردنیان بێنە دەرەوەو هەنگاوی پراکتیزەیی بهاون.
شۆڕشی نوێی گەلەکەمان لەڕۆژئاواو بەرخودانی ژنانی گەریلا لە قەندیل، چالاکی وهۆشیاری ژنان لەباکور و ڕێپێوان و خۆپیشاندانی دایکانمان لەدژی فاشیزمی تورکی بزوێنەری بیری مرۆڤەکانە بەلای ئەو ڕاستینەی کە ژنان ڕۆڵی سەرمەشقی دەگێڕن لە نوسینەوەی داهاتووی مرۆڤایەتیدا.
بۆیە ڕۆڵی ڕاستەقینەی ژنان کاتێک بەدەرکەوت کە ڕێگەی بیرکردنەوەی ئازادیان هەڵبژاردو کۆیلایەتیان ڕەتکردەوە، بەو مانایەی کە ئەوان هاوشانی پیاوانن نەک بوونەوەرێکی لاواز یاخود کەمتر.

## بۆیە ئێستا پێناسەکردنێکی نوێ هەیە بۆ ژنان لەسایەی خوێنی پاکی شەهیدەکان

ساکینە جانسز و هاوڕێکانی لە وڵاتی فەرەنسای دایکی دیموکراسی شەهید و تیرۆر دەکرێن، دەنیز فرات لەباشوور و ڤیان لەڕۆژئاواو، چەندانی تریش.
بۆیە ئێستا پێناسەکردنێکی نوێ هەیە بۆ ژنان لەسایەی خوێنی پاکی

شەهیدەکان و خەباتی نەپساوەی کچە شەڕەڤانەکان و ژنانی تری ڕیزەکانی گەریلا.

کەئەو ڕاستیەمان پێ دەڵێن (ئێمە کاڵا نین بازرگانیمان پێوە بکرێت، ئامێرنین چێژمان لێوەربگرن، کۆیلەو خزمەتگوزار نین کڕین و فرۆشمان پێوە بکەن)، بەڵکو ئێمەی ژن خولقێنەری ژیانین هاو شانی پیاوانین.

مرۆڤەکانیش کاتێک جوانن دوور لەنەژاد پەرستی و ڕەگەز پەرستی و خودپەسەندی، خۆیان ئازاد بکەن، ئەوکات لەهەر کلتورێکدا جوانییەک بەدی کرا، دەتوانێت بەئاسانی سوودمەند بێت لێی.

بۆیە پێویستە ئێمەی نوسەرو ڕۆشنبیرو بیرمەندو هەموو نوخبەکانی



مێژووی نوێی گەلەکەمان ژنانی وەکو سومبلی بەرخودان و وەستانەوەو گیان بازی پیشاندان لەئاست دڕندەیی هەژموونی سەرمایەداری و شەڕی ناوچەگەری و چەتەگەرایی لەڕێی وەستانەوە بەڕووی دڕندەترین گروپ و مرۆڤ کوژی وەکو (داعش)، ئەو داستان و نەبەردیانەی ژنانی ڕۆژئاوای کوردستان تۆماریان کرد لەم چەند ساڵەی دوایدا ئەو ڕاستیەی پیشان بەهەمووان دایەوە تەنانەت وڵاتانی زلهێزیش کە ژن پێناسەی هەڵەی بۆ کراوە بەدرێژایی مێژوو، بۆیە جوانکردنی ژیان لەلایەن ژنانی ڕۆژئاواوە بەجیهان پیشان درا. کاتێک توانیان بەپێکەنین و زەردەخەنەوە پێشوازی لەمردن بکەن، شەهید بوون لەپێناو خاک و نیشتمان بەرزترین ئامانجیان بێت، دەتوانین بڵێین ژنانی ئازاد بەمانایەکی تر ئەمان مردنیان ترساند.

کۆمەڵگە خۆمان بەدوور بگرین لە (فراوانکردنی بازنەی دژایەتی کلتورو مێژووی گەلانی تر) گەل و نەتەوەکەشمان لەسەر کلتوری خۆشەویستی یەکتر ڕابێنین، چونکە جوانیەکان لەلای یەک گەل و نەتەوە نیە، بەڵکو مرۆڤ و مرۆڤ دۆستی لەکوێ بوو بیرو هۆشمەندیش لەوێیە، ئێمەی کوردیش پێویستە لەهەوڵی هۆشیارکردنەوەو خوێندنەوەی زیاتردابین نەک ڕق و کینە بەرانبەر بە مرۆڤ و کلتوری جیاوازی تر، ئەوەی دەکرێت ئێمە خۆمان بکەینە خاوەنی و نەهێڵین کەس خۆی بەخاوەن بزانێت لەپێش ئێمە پێشەنگایەتی کردنە لەپێناو خزمەتێکی زیاتر بەمرۆڤایەتی.

# خوێندنەوەیەکی سویدی بۆ کۆنفیدرالیزمی دیموکراتیکی ئۆجالان



ئا- لەسویدییەوە سیاوەش گۆدەرزی

بیروبۆچوونی وەرگێڕی سویدی کتێبەکانی ئۆجالان، لودڤیگ کوهلێر Ludvig Köhler و چەند چالاکێکی دیکەی سویدی لە کۆمێنەرەکانی ڕۆژئاوا لە سەر کۆنفیدرالیزمی دیموکراتیکی ڕێزدار ئۆجالان وەک ئێرڤین مارکلوند Erwin Marklund، ئاندێریاس کلۆمینێک Andreas Klominek و سکاپا سڤێنسۆن Scapa Svensson

- **ئێرڤین مارکلوند** Erwin Marklund

بەخێر بێن، ئێمە سەرجەم ٣٠ خولەک قسە دەکەین. من لە سەر کومێننەرەکانی ڕۆژئاوا و چاپی کتێبەکان قسە دەکەم، هەروەها لە سەر ئەو خوێندنەوە بازنەییانەش کە دواتر لە سەر کتێبەکان دەمانبێ، قسە دەکەم. دواتر لودڤیک لە سەر پرۆسێسی وەرگێڕانی کتێبەکان قسە دەکا. هەروەها ئەندریاز و سکاپا لە سەر ناوەڕۆکی کتێبەکان قسە دەکەن. دواتر کۆڕەکە کراوە دەبێ و وەڵامی پرسیارەکان دەدرێنەوە. لە پێشدا پێمباشە کومێننەرەکانی ڕۆژئاوا بناسێنم، کە نۆڕێکی پشتگیرییە، هەروەها سەنتەرێکی ئاڵوورگۆی بیروباوەڕی شۆڕشگێڕانەی نێوان کوردستان و ئێرە، سویدە. ئێمە بەتایبەتی پێوەندییمان لە گەڵ باکووری کوردستان هەیە هەر ئێستا دوو کەس لە ئەندامانی نۆڕەکەمان لە باکووری کوردستان خەریکی چالاکین وەک نموونە کۆکردنەوەی زانیاری. ئەم نۆڕەی ئێمە هیچ بەستراوەییەکی حیزبی و ئاینی نییە و تەنیا ئامانجمان چالاکی پشتگیرییە لە ڕۆژئاوای کوردستان.
بیرۆکەی چاپی کتێبەکانی ئۆجالان لەوەوە سەرچاوەی گرت کە ئێمە وەک نۆڕەکەمان دەمانەویست زیاتر لە دانیشتنی خوێندنەوەی بازنەییدا زانیاری زۆرتر لە سەر کۆنفیدرالیزمی دیموکراتیک بزانین و وەدەست بخەین. لە پێشدا دەمانەویست ئەم دانیشتنە خوێندنەوە بازنەییانە بۆ خۆمان و بۆ نێوخۆی نۆڕەکەمان بێت بۆ ئەوە هەم زانیارییەکانمان بەرینە سەرێ و باشتر تێبگەین و لەو سۆنگەیەوە هەڵسوکەوت بکەین. دواتر بیرمان لەوە کردەوە دەتوانین هەمان کار لە دەرەوەی نۆڕەکەشمان بکەین. ئەوە بوو ئێمە دەستڕەسمان بە دوو لە کتێبەکانی ئۆجالان بە ناوی شۆڕشی ژنان و کۆنفیدرالیزمی دیموکراتیک بە زمانی ئینگلیزی پەیدا کرد. بیرمان لەوە کردەوە بۆچی ئەم کتێبانە وەرنەگێڕینە سەر زمانی سویدی. بڕیارمان دا و ئەوە بوو کە کردمان. بەو پێیە لە مێژووی سویدا ئەمە یەکەم کتێبی عەبدوڵا ئۆجالان سەرۆکی بەندکراوی پەکەکەیە کە بۆ یەکەمجار بۆ سەر زمانی سویدی وەرگێڕدرابێت.

- **ئاندێریاس کلۆمینێک** Andreas Klominek

ئێمە هیوادارین ئەم کتێبە بکەوێنە بەر سەرنجی چەپەکان، دیارە هەموو جۆری چەپەکان. لەگەڵ تیۆرییەکانی دیکە یان تیۆرییەکانی خۆیان بەراوردی بکەن. هاوکات هیوامان ئەوەیە ئەم کتێبانە ببنە هۆی پشتگیری زیاتر بۆ کوردستان و ڕۆژئاوا. لەم کتێبانەدا ئۆجالان باسی پاشخان و بنەماکانی تیۆری کۆنفیدرالیزمی دیموکراتیک دەکا. دیارە کتێبەکان وەڵامی هەموو جۆرە پرسیارێک نادەنەوە، چونکە کورتکراوەو تەنیا بەشێکی کەم لە باسە تیۆریکەکانی ئۆجالانیان وەخۆ گرتووە. ئێمە ئەم کتێبانە وەک دەسپێکی ڕۆشنگەرییەک لە سەر بیروبۆچوونەکانی ئۆجالان بۆ خوێنەری سویدی دەبینین. دیارە ئێمە لە داهاتوودا دانیشتنی خوێندنەوەی بازنەییمان لە سەر کتێبەکان دەبێ و ئەو دەم بەرچاووروونی زیاترمان لە سەر کتێبەکان دەبی.

> **دەزانین کە ئۆجەلان لە کۆتایی نەوەدەکانەوە لە زیندانە و لە کاتی زیندان بۆ نووسینی کتێبەکانی کەڵکی وەرگرتووە**

- **لودڤیک کوهلێر** Ludvig Köhler

من وەرگێڕی ئەم دوو نووسراوە یان ئەگەر ناوی کتێبی لێ بنێن ئەم دوو کتێبەم. ئەمە لە ڕاستییدا تەنیا گوڵبژێڕێکی کورتە لە بەرهەمێکی زۆر گەورەی ئۆجالان کە بەناوی «بەرهەمەکانی زیندانیی ئۆجالان» ناسراون. دەزانین کە ئۆجالان لە کۆتایی نەوەدەکانەوە لە زیندانە و لە کاتی زیندان بۆ نووسینی کتێبەکانی کەڵکی وەرگرتووە. ئەوەی کە زۆر جێگەی تێڕامانە ئەوەیە کە لە کاتێکدا ئۆجالان سەرچاوەیەکی ئەوتۆی لە دەستدا نەبووە چۆن توانیویەتی ئەو بەرهەمانە کە زیاتر

پێداچوونەوەی مێژوویین بنووسێ. ئەمە خاڵێکی زۆر گرنگە. بۆ من وەک وەرگێڕ ئەوەی کە جێگەی سەرەنجە ئەوەیە کە ئۆجالان لە نووسینەکانیدا زۆر ڕوون و ئاشکرا دەنووسێ و بە ڕوونی دیارە کە دەیهەوێ باسی چی بکا و چ شتێک بەرجەستە بکاتەوە. بەرهەمەکانی ئۆجالان جۆرێک کۆکراوە یان دیوانی شێعر نین، بەڵکو تێکستی سیاسین. هەر بۆیە وەرگێرانی ئەو کتێبانە بۆ من دوو لایەنی هەبوو، لە لایەکەوە بە جۆرێک وەرگێڕانێکی ئاسان، بەڵام هاوکات سەختیش، لە بەرئەوەی من کتێبەکانم لە زمانی ئینگلیزییەوە وەردەگێڕا هێندێک کێشەی وەرگێڕان لە خودی زمانی وەرگێڕانی ئینگلیزییەکەی هەبوو، بەڵام لە بەر ئەوەی من زمانی ئۆرجیناڵەکەیم نەدەزانی بەراوردکردنی دەقەکان زەحمەت بوو. گوتنی ئەمەش دیارە پێویست بوو کە من وەک وەرگێڕ ئاماژەی پێبکەم. ئۆجالان چەمکێک بە ناوی «ئیدەئاڵی کابانی ماڵ» بەکار دەبا کە هاوتای ئەم چەمکە لە هەر دوو زمانی ئینگلیزی و سویدیدا نییە و من ناچار بووم واتای نزیک لە چەمکەکە لە وەرگێڕانە سویدییەکەیدا دابنێم. نامەوێ باسی وردەکارییەکان بکەم، بەڵام چەند وشەیەک هەبوو کە من هاوتا سویدییەکانیانم بۆ نەدیتایەوە. بەڵام لە خوێندنەوەدا تێگەیشتن لە کۆی تێکستەکە زەحمەت نییە. ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە ئۆجالان ڕووی قسەکانی لە بزووتنەوەیەکی جیهانییە کە ئەمە لە خۆیدا عەنف و خۆشەویستی بۆ ئۆجالان زێدە دەکا. نووسینەکانی ئۆجالان لەگەڵ ئەوەی باسی گوندەکەی خۆشی تێدایە، بەڵام ڕووی قسەکان لە بەرەیەکی بەرفراوانی خوێنەرەکانە، بە هەر حاڵ بۆ منی وەرگێڕ کاتێکی زۆر خۆش و دڵگیرم هەبوو لە وەرگێڕانی کتێبەکەدا، هیوادارم ئێوەش کە کتێبەکە دەخوێننەوە، هەمان هەستتان هەبێت و بۆتان زەحمەت نەبێ. ئەڵبەت لە بەر ئەوەی تەنیا ٥٠٠ دانە لە کتێبەکەمان چاپ کردووە بەم زووانە بۆ جاری دووەم چاپی دەکەینەوە. چونکە هەر ئێستا لەیەکەم ڕۆژدا زۆربەی کتێبەکان فرۆشراون و لە چاپی دووەمیشدا جارێکی دیکە بە تێکستەکەدا دەچینەوەو هەوڵ دەدەین کتێبەکە سادەتر و زووتێگەیشتووتر بکەین.

- **ئاندێریاس کلۆمینێک** Andreas Klominek

ئەم دوو کتێبە، شۆڕشی ژنان و کونفیدرالیزمی دیموکراتیک ئەگەرچی لە دوو کتێبی جیادا چاپکراون، بەڵام لە ناوەڕۆک و بابەتدا هەر دوو یەک کتێبن. بۆ نموونە ئازادی ژنان بەشێکی هەرە گرنگە لە کۆنفیدرالیزمی دیموکراتیک. ئەم دوو کتێبە لە ناوەڕۆکدا هەر یەکن و لە ناو یەکدان و تێکهەڵکێشی یەکتری کراون. هەر بۆیە ئێمەش لە ناساندنی کتێبەکاندا هەر وەک یەک کتێب دەیناسێنین.




- **سکاپا سڤێنسۆن** Scapa Svensson

ئێمە لێرەدا باسی ئەوەدەکەین کە بە پێی ڕوانگەی ئۆجالان ئەو هەڵانە چین کە لە ماوەی ٥٠٠ هەزار ساڵدا مرۆڤایەتی تووشیان هاتووە. هەروەها ئەو چارەسەرییانەش چییە کە ئۆجالان بۆ گرفت و هەڵەکان دەستنیشانیان دەکات. سەرکوتی ژنان یەکێک لە بنەما هەرە گرنگەکان لە کتێبەکانی ئۆجالاندا پێکدێنێ. ئۆجالان لەو بڕوایەدایە هەتا باس و شرۆڤەی ژن و چەوسانەوەی ژن نەکرێ تێگەیشتن لە کۆمەڵگەی چینایەتی و پاشخان و پێکهێنانی دەوڵەت - نەتەوە زەحمەتە. سێکسیزم بۆ خۆی بنەما و بناغەی سیستەمی کاپیتالیزم و دەوڵەت - نەتەوەی فاشیزم پێکدێنی. ئۆجالان لە کتێبەکانیدا هەمیشە دەگەڕێتەوە بۆ مێژوو و شرۆڤەی لایەنە مێژووییەکان لە سەردەمی کۆمەڵگەی عەشیرەتییەوە هەتا ئیمڕۆ. سەرکوتی ژنان چۆن هەر لە سەرەتاوە لە نێو ڕێکخستنی بنەماڵەدا جێگەی گرت کاتێک پیاو دەسەڵاتی بە سەر بنەماڵەدا وەدەست گرت. بەم شێوەیە لەوێوە دەسەڵاتی ناوەندگەرایی لە لایەن پیاوەوە پەرەی پێدرا. پیاو لە پێشدا دەسەڵاتی لە نێو بنەماڵە، دواتر بە سەر عەشیرەت، مەزهەب و ئابووریدا پەرەپێدا. سێکسیزم لە خۆیدا چەمکێکە کە لە ڕوانگەی ئۆجالانەوە هەموو ئەم شتانە لە پێوەندی لەگەڵ سەرکوتی ژناندا ڕوون دەکاتەوە. وەک بۆ نموونە ڕێکەوتنی ژن و شوویی و پێوەندییەکانی نێو بنەماڵە کە هەمووی لە بەرژەوەندی و پاراستنی دەسەڵاتی پیاودا لە لایەک و لەو لای ترەوە بۆ سەرکوتی هەرچی زیاتری ژن دارێژراوە. کەوابوو لە ڕوانگەی ئۆجالانەوە سەرکوتی ژنان لەلایەن پیاوەوە لە بنەماڵەوە دەستپێدەکا و دواتر لە سیستەمی کاپیتالیزم و دەوڵەت - نەتەوەدا پەرەی پێدەدرێ. ئەم سەرکوتە بە شێوەیەکی سیستماتیک لە هەموو ئەو بوارە ئاماژەپێکراوانەدا ئەنجام دراوە. لێرەدا ئاماژە بە دەقی قسەی ئۆجالان لە کتێبەکەدا دەکەم: ئەم

ژیانە لە کوێ بوو کاتێک لە پێشدا دەسەڵات لای ژن بوو، بەڵام دواتر پیاو ئەم دەسەڵاتەی خستە دەستی خۆی لە کاتێکدا بەرهەمهێنان و ئافراندن لەلای خودی ژن بوو؟ وەڵامەکە لەوەدا دەبێ ببینینەوە کە پیاو لە ڕێگەی توندوتیژییەوە دەسەڵاتی خۆی سەپاند بە تایبەتی کاتێک دەسەڵاتی ئابووری لە دەستی ژن دەرهێندراو پیاو بوو بە خاوەن دەسەڵاتی ئابووری. لێرەدا بەندایەتی و کۆیلەبوونی ژن لە چوارچێوەی ماڵدا دەستپێیکرد. ئەمەش ڕاستییەکی مێژووییە. لە ڕاستیدا سەرکوتی ژنان و خەباتی ژنان بۆ یەکسانی بەشێکی هەرە گرنگی تیۆری کۆنفیدرالیزمی ئۆجالان پێکدێنێ و ئەم دوانە بەبێ یەکتری نین. هەر بۆیە لەم دوو کتێبەدا خەباتی ژنان بناغەی تیۆریی کۆنفیدرالیزمی دیموکراتیک پێکدێنێ.

## ئۆجەلان ڕووی قسەکانی لە بزووتنەوەیەکی جیهانییە

ئاندێریاس کلۆمینێک Andreas Klominek

لە سەر ئەوەی دەسەڵاتی پیاو چۆن لە کۆمەڵگەدا خۆی چەسپاند باسەکەم بە هێنانەوەی دەقێک لە قسەکانی ئۆجالان لە کتێبەکەدا دەستپێدەکەم: «کاپیتالیزم پیاوی دۆمینانسی لە دامودەزگا و ئەنستیتۆ فەرمییەکاندا بەرهەم هێنا. ئەمە هەمان دەسەڵاتخوازی پیاوە کە لە ماوەی ٥ هەزار ساڵدا بە شێوازی جیاواز بەردەوام بووە. لە کۆیلایەتی دەستی پێکردووە کە چۆن ئینسان بۆ خۆی ئینسانی دیکەی وەک کۆیلە بەکار هێناوە. لێرەدا ژن وەک کۆیلەی پیاو بەکار هاتووە. کاتێک پیاو لە ناوەندی دەسەڵاتدا جێگەی گرت، بۆ مانەوەی دەسەڵات سیستەمی کۆیلەداری پێشخست، ئەمەش لە سیستەمی کۆنی عەشیرەتی، ماڵباتی هەتا کۆمەڵگەی ئیمڕۆ بەردەوام بووەو پیاو لە پۆزیسیۆنی دەسەڵات و چاوبرسی بۆ دەسەڵات لە کۆمەڵگەی ڕوانیووە.»

دەسەڵات و دۆمینانسی پیاو بە سەرکوتی ژنان لە بنەماڵە دەستپێکرد و دواتر لە عەشیرەت و کۆمەڵگەی بچووک هەتا دواتر لە دەوڵەت - نەتەوەو سیستەمی کاپیتالیزمدا بەرفراوانتر بوو. ئەم مەزنخوازییە لە هەموو بوارەکانی کۆمەڵگەدا، لە مەزهەب و هەموو لایەنە هاوبەشییەکانی کۆمەڵگەدا خۆی نواندووە. واتە لە ئاغاکان و شاکان هەتا کۆمەڵگەی ئێستا هەموو شتێک لە ڕوانگەی دەسەڵات، لە ڕوانگەی ئەوەی کەسێک بە سەر کەسێکی دیکە حوکم بکا، داڕێژراوە. ئەمەش بناغەیەکە بۆ تێگەیشتن لە چەسپاندنی کۆیلایەتی بە سەر ژندا لە درێژایی مێژوودا. ئەوەی لە ڕوانگەی ئۆجالاندا بە ڕوونی نیشاندراوە لە کۆمەڵگەی عەشیرەتی و فیودالیدا دەسەڵاتەکان بەرتەسک بوون هەم لە ناوخۆی کۆمەڵگە و هەم لە سنووره دەرەوەییەکانی کۆمەڵگەدا، بەڵام بە سەرهەڵدانی دەوڵەت - نەتەوە پانتایی دەسەڵاتەکان بەرفراوانتر بوون و پیاوسالاری لە سیستەمی دەوڵەت - نەتەوەدا دەسەڵاتەکانی گەیشت بە لوتکە. دەوڵەت - نەتەوە لە خۆیدا پێکهاتەیەکی دەستکرد بوو بۆ ئەوە مرۆڤ دەسەڵاتی زیاتری هەبێ و کۆنترۆڵ و چاودێری بەسەر مرۆڤەکانی دیکەدا بەرفراوانتر بکات. لە خودی دەوڵەت - نەتەوەدا و بەتایبەتی لە سیستەمی کاپیتالیستیدا هەتا دەچێ و دەسەڵاتەکان کە لە ڕاستیدا دەسەڵاتی پیاون زیاتر و زیاتر دەبێت.

دەوڵەت - نەتەوە بۆ خۆی بەدەستی چینی ماناوەندی کۆمەڵگە ئەو چینەی کە هەمیشە نینووی دەسەڵاتە دامەزرا و ئەمەش سیستەمی کاپیتالیستی زیاتر پەرەپێدا. دەوڵەت - نەتەوە و سیستەمی کاپیتالیزم پێکەوەو هاوتەریب لەگەڵ یەکتری پێشکەوتوون و لەبەر ئەوەش لایەنە ئینسانییەکان کەمڕەنگ کراوەتەوەو دەسەڵات و کۆنترۆڵ بەبنەما گیراوە، هەر بۆیە هەر دوو پێکەوە لە پێکهێنانی دەسەڵاتی هاوبەش و هاوتەریبدا شەریکن. سنوورەکانی دەوڵەت - نەتەوە لە سوید لە کوردستان یان لە هەر کوێ هەبێت بە زۆری ئینسانەکانی لە چوارچێوەیەکدا قەتیس کردووە، کۆنترۆڵی کردوون و دەسەڵاتی بەسەردا سەپاندوون و هەموو جارێکیش وەک ئامانج بەرژەوەندییە ئابووری و کاپیتالیستییەکان لە چوارچێوەی دەوڵەت - نەتەوەدا پارێزراون. بۆ نموونە ئەسیمیلەکردنی زۆرەملی کورد لە باکووری کوردستان و لە هەموو شوێنێک یەکێک لە ئاکامەکانی پێکهێنانی دەوڵەت - نەتەوە لە هەرێمی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووە. کوردەکان ناچار کراون لە نێو چوارچێوەی دیاریکراوی دەوڵەت - نەتەوەدا بە زۆرەملی بژین. ئەمە فکری پشتەوەی سازکردنی دەوڵەت - نەتەوە بووە. بەڵام چۆن پێش بەمە دەگیردرێ و دەوڵەت نەتەوە ڕادەوەستێندرێ و کۆسپ و تەگەرە دەخرێتە پێش کاپیتالیزم؟ لەم نێوەشدا کۆتایی بە سەرکوتی ژنان دێت؟ ئەوە ئۆجالان لەم کتێبانەدا وەڵامی خۆی دەبێ و نەخشەڕێگەی چارەسەری دەستنیشان دەکا. لەم کتێبانە باسی چۆنیەتی سەرهەڵدانی دەوڵەت - نەتەوە، کاپیتالیزم و سەرکوتی ژنان کراوە، هاوکات باسی ئەوەش کراوە ڕێگا چارە و ڕێگای خەبات و بەربەرەکانی لە دژی ئەوانە دەبێ چۆن بێت.

- ## سکاپا سڤێنسۆن Scapa Svensson

ئۆجـالان لـە باسـی دۆمینانسـی پیـاودا لـە کۆمەڵگـەی کاپیتالیسـتیدا تـیکردنەوەیەکی زۆر ڕادیکاڵانـەی فیمینیسـتی هەیـە. هـاوکات ئۆجـالان زۆر ڕوون و ئاشـکرا باسـی کێشـە و دەستنیشـانکردنی گرفتەکانیـش دەکا. کـە سـەرچاوەی هەمـوو دۆمینانسـێکی پیاوانـە دەگەڕێنـەوە بۆ ڕوانگـەی ماسـکولینی وانـە نێرسـالاری. ئۆجـالان لـە دەقێکـدا لـە کتێبەکـەدا دەڵـێ: «پیـاو بـووە بـە هـۆی دامەزرانـی دەوڵـەت و لـە دەوڵەتیشـدا کولتـووری جیـاوازی ڕەگـەزی و پیاوانـەی لـە هەمـوو ئەنیسـتیتۆ و دامودەزگاکانـدا پێشخسـت. ئەمـەش بـوو بـە هـۆی ئـەوە ماسـکولینی، وانـە نێـر سـالاری ببێنـە دەسـەڵانداری تاقانـە لـە هەمـوو بوارەکانـدا. پیـاو دەوڵەتێکـی پیاوانـەی بـۆ خـۆی دروسـت کـرد.»

کاتێـک بـەم شـێوەیە ڕوونـە دەسـەڵاتی پیـاو ئەنالیـز و شرۆڤـە بکـرێ. ئـەوە ڕێگەیەکی دیکـە بـۆ نەهێشـتن و پووچەڵکردنـەوەی دەسـەڵاتی پیـاو نامێنێ. بەمـەش مەبەسـتی ئۆجـالان ئەوەیـە کـە دەبـێ بەتەواوەتـی ژن لـە پیـاو خـۆی دابـڕێ. بـۆ ئـەوەی کۆتایـی بـە دەسـەڵات و دۆمینانسـێکی ٥ هـەزار سـاڵەی پیـاو بهێندرێـت. ئـەم کولتـوورە پیاوسـالارییە دەبـێ لـە ڕێشـەوە هەڵکەنـدرێ، چونکـە پێکهێنانـی کۆمەڵگەیەکی یەکسـان لـە غەیـری ئـەوەدا شـیانی نابێـت. بـە ئـازادی ژن، کۆیلایەتـی، پیاوسـالاری، فاشـیزم، دەسـەڵاتی ڕەهـای پیـاو و سـەرمایەش، کۆتایـی پـێ دێـت. بـە کورتـی بـە ئـازادی ژن دەوڵـەت - نەتـەوە مەرگـی خـۆی ڕادەگەیەنـێ. لـەم کتێبانـە زۆر بـە ڕوونـی باسـی دوو جینسـی پیـاو و ژن کـراوەو هەمـوو شرۆڤـەکان لـە ڕوانگـەی ئـەو دوو جێنسـەوە بـۆ دیـاردەکان کـراوە. سێکسـیزم بـە بەفراوانـی لـە کتێبەکانـدا شرۆڤـە کـراوە. ئـەوەی دەمێنێتـەوە کـە دواتر ئێمـە لـە دانیشـتنە خوێندنـەوە بازنەییەکانـدا بتوانیـن لـە ڕوانگـەی جیـاوازەوە تیۆرییەکانـی ئۆجـالان لـەم کتێبانـە بخەینـە بـەر بـاس و گفتوگۆیەکـی کـراوە.

- ## ئاندێریاس کلۆمینێک Andreas Klominek

من ئەمجارە بە دەقێک لە نێو کتێبەکەی ئۆجالان دەستپێدەکەم:
«کۆمەڵگـە هەمیشـە لـە میانـەی پاراسـتنی ڕەوادا خـۆی پاراسـتووە. پاراسـتنی ڕەوا تەنیـا لـە هێـزی سـەربازیدا کـورت ناکرێتـەوە. بەڵکـوو پاراسـتنی ڕەوا بـە مانـای پاراسـتنی خۆبەڕێوەبـەری و سـەربەخۆیی و نەبەستراوەییشـە لـە هەمـوو بوارەکانـی ژیانـدا. «

ئەمـە لـەو لایـەوە گرنگـە کاتێـک سێکسـیزم و دەوڵـەت - نەتـەوە دەستییان بـە سـەر هەمـوو جیهانـدا گرتـووە، هێـزی بەرهەڵەسـتکاری دەکـرێ لـە میکانیزمـی پاراسـتنی ڕەواوە سـەرچاوە بگـرێ. ئەمـەش بـە تایبەتـی لـە کـردەوەدا وەک سـتراتیژی بەرهەڵەسـتکاری لـە باکووری کوردسـتان ئەزمـوون کـراوە. ئەزموونـی بەرهەڵەسـتکاری لـە بەرانبـەر دەوڵەتـی فاشیسـتی تورکیـا لـە ژێـر میکانیزمـی پاراسـتنی ڕەوادا. هەروەهـا لـە ڕۆژئـاوا و باکـووری سـوریا کاتێـک بۆشـایی دەسـەڵات هاتـە گـۆڕێ کـە چـۆن لـە بەکەڵـک وەرگرتـن لـە پارادیگـمای پاراسـتنی ڕەوا بزووتنـەوەی بەرهەڵسـتکاری ڕۆژئـاوا ڕێکخـرا. هـەر لە سۆنگەی بەرهەڵسـتکاری و پاراسـتنی ڕەودا کۆمەڵگەیەکـی نـوێ لـە سـفرەوە لـە ڕۆژئـاوای کوردسـتان پێکهـات. کەواتـە لێـرەدا تەنیـا مەسـەلە لایەنـی سـەربازی نییـە، تـۆ ناتوانـی لـە دژی دەوڵـەت - نەتـەوە تەنیـا شـەڕ ڕابگەیێنـی بەبـێ ئـەوەی کۆمەڵگەیەکـی نـوێ و جیـاواز لـە دەوڵـەت - نەتـەوە دانەمەزرێنـی. لێـرەدا بناغـە ئەوەیـە کـە کۆمەڵگەیەکـی نـوێ، دیموکراتیـک و یەکسـان لـە بەرانبـەر دەوڵـەت - نەتـەوەدا دابمەزرێنـی. لـە سیسـتەمی



کۆنفیدرالیزمدا بەپێچەوانەی دەوڵەت نەئەوە کە دەبێ هەموو بۆ یەک شتی هاوبەش کە ئەوەش بەرژەوەندییەکانی دەوڵەت - نەتەوەیە ئێناکۆشن. لە کۆنفیدرالیزمی دیموکراتیکدا بەبوونی جیاوازییەکان و هۆڤییەتی جیاوازەوە هەوڵو تێکۆشان بۆ پاراستنی ناسنامە جیاوازەکان دەدرێ. بۆ نموونە هەر بۆیە لە ڕۆژئاوای کوردستان گرنگی زۆر بە پاراستنی پێکهاتە جیاوازەکانی نێو کۆمەڵگە دەدرێ. پاراستن و پێکهێنانی پێکهاتەی جیاوازیش بۆ ئەوە نییە کە کۆمەڵگە لە یەک دابڕێ بە پێچەوانە بۆ ئەوەیە کە فرەڕەنگی کۆمەڵگە بپارێزرێ. ئەمەش کە لە ڕۆژئاوای کوردستان بەرچاوە و بووەتە جێی سەرەنجی هەموو جیهان کە چۆن لە وڵاتێکدا کە سەرتاپا نووشی شەڕ بووە، چۆن کۆمەڵگەیەکی دیموکراتیک و فرەڕەنگ لە نێو جەرگەی شەڕدا دامەزراوە. کۆمەڵگەیەکی دیموکراتیک کە دەسەڵاتەکان لە ژێرەوە سەرچاوە دەگرێ. ئەمەش بناغەی کۆنفیدرالیزمی دیموکراتیکە کە دەسەڵات لە ژێرەوە دێت نەک لە سەرەوە. چونکە زۆربەی کۆمەڵگە هەرێمی و لۆکاڵییەکان کێشە و گرفتەکانیان لە سەرەوە بۆ خوارەوە سەرچاوە دەگرێ.

- **ئێرڤین مارکلوند** Erwin Marklund

ئەمەی کە باس کرا، خوێندنەوەی ئێمە سەر کتێبەکان بوون، دەکرێ خوێندنەوەی دیکەی جیاوازتریش لە سەر ناوەڕۆکی کتێبەکان هەبێت. بۆ نموونە لە چەمکی چین دەکرێ خوێندنەوەی زۆر جیاواز بکرێ کە دیارە لە کتێبەکاندا کەمتر باسی لە سەر کراوە. هیوادارم ئێوە بتوانن لە دانیشتنە خوێندنەوەییە بازنەیەکاندا کە دوائر ساز دەکرێن بەشداری بکەن و بیروڕای خۆتان لە سەر کتێبەکان دەرببڕن.

- **ئاندێریاس کلۆمینێک** Andreas Klominek

ئەوەی کە لەم کتێبانەدا بە ناوەند گیراوەو ئێمە لە سوید یان لە شوێنەکانی دیکەی ئەوروپا دەتوانین لە کار و خەباتماندا ڕەچاوی بکەین، مەسەلەی گرنگایەتی هەرێم و بیری لۆکاڵی و هەرێمییە، ئەوەی کە دەگوترێ جیهانی یان گلۆباڵ بیر بکەوە، بەڵام لە هەرێم و لۆکاڵی خۆتەوە دەست پێبکە. بۆ نموونە هەر لەم سنۆکهۆڵمەی ئێمە زۆر ئەرکی لۆکاڵی هەیە کە بتوانین لەهەمان هەرێمی سنۆکهۆڵمدا جێبەجێی بکەین. بنەماش بۆ ئەمە ئەوەیە کە نۆ لەو شوێنەوە دەست پێدەکەی کە لێی دەژی و لێی هاتووی. هاوکات هەر لێرەشەوە زۆربەی بڕیارەکان دەدرێ. ئەو بڕیارانەی کە کاریگەری لە سەر ژیانی ئێمە دادەنێن. لێرەدایە کە دەوڵەت دامەزراوە و بە دەوروبەری دەوڵەتەوە ماشینی بیرۆکراتی دامەزراوە. دەوڵەت - نەتەوە بۆ ئەوە دامەزراوە کە لە هەموو کاروباری ئێمەدا خۆی هەڵقورتێنی و دەسەڵات و کۆنترۆڵی خۆی بە سەر ئێمەدا فەرز بکا.

> **پیاو دەسەڵاتی بە سەر بنەماڵەدا وەدەست گرت. بەم شێوەیە لەوێوە دەسەڵاتی ناوەندگەرایی لە لایەن پیاوەوە پەرەی پێدرا**

- **سکاپا سڤێنسۆن** Scapa Svensson

منیش لەو باوەڕەدام کە گرووپە بەرهەڵستکارییەکانی سویدی زۆر لێکدابڕاون، ئەگەر گرووپێکی ئانتی فاشیستی شتێک دەکا گرووپێکی دیکەی چەپی رادیکاڵ شتێکی دیکە و بە هەمان شێوە چالاکی و دەستپێشخەری جیاواز لە لایەن دەستەو گرووپی جیاواز. ئەم کتێبانەی ئۆجالان ئەوەمان نیشان دەدەن کە هەموو گرووپە بەرهەڵستکارییەکان لێکنزیک دەکاتەوەو لە سەر خاڵی هاوبەش پێکەوەیان دەبەستێتەوە. واتە ناکرێ بەنەمای جێبەجێکردنی ئەرکێک، ئەرکێکی دیکە بخرێتە پەراوێزەوە. وێنای من لە ئۆجالان و لەم کتێبانە ئەوەیە. مەسەلەیەکی دیکە ئەوەیە کە ئەم ڕوانگانەی ئۆجالان تەنیا تیۆری نین بەڵکوو لە کردەوەشدا جێبەجێ کراون و خراونەتە بواری پراکتیکییەوە هەم لە ڕۆژئاواو هەم لە باکوور. تیۆری و پراکتیک زۆر وەک یەک دەچن. ئەمە لەهەمان کاتدا وەک قەول و بەڵێنی ئەوتۆپی و بەهەشت نییە بەڵکوو ئێکەڵ بە ژان و ئازاری مرۆڤەکان، تیۆرییەکان لە کردەوەدا پراکتیزە کراون. واتە ئەمانە لە نێو جەرگەی شەڕدا پراکتیزە کراون. کەوابوو کاتێک تیۆرییەکانی ئۆجالان لە نێو جەرگەی شەردا قابیلی پراکتیزە کردن بن ئەی بەهەمان شێوە بۆ لێرەش پراکتیزە نەبن. کە لەوێ ئیمکانی پراکتیزەکردنی هەبێ بۆ لێرە نەبێ. هاوکات ئەوەش گرنگە بە کردەوە بزانین و بڕۆین و پرسیار لە خەڵک لەوێ بکەین کە چۆن چۆنی تیۆرییەکان خراونەتە بواری پراکتیکییەوە. ئێمەش بەهەمان شێوە گەرەک لە چوارچێوەی تیۆرییە جوانەکانمان دەربچین و پراکتیزەیان بکەین. هیچ نەبێ دەتوانین لە دەستە و گرووپەکانی خۆمانەوە دەستپێبکەین. بۆ نموونە چوارچێوەی بەستنی کۆبوونەوەکانمان بە چ شێوازێک بێت. هەر بۆیە من لەو بڕوایەدام زۆر شت لە کتێبەکانی ئۆجالان هەیە کە دەتوانن ببن بە مایەی ئیلهام لێوەرگرتن بۆ ئێمە لە سوید.

- **سکاپا سڤێنسۆن** Scapa Svensson


بۆ نموونە ئەو گرووپە بەرهەڵسنکاری و میلیتانتانەی لە باکوور سازکراون تەواو جیاواز لە گرووپەکانی ئێمەن و و جێی ئەوەیە کە ئێمەش لە سوید لێیانەوە فێربین. بۆ نموونە ئەم گرووپانە وا ڕێکخراون کە قەت بەتەنیا نامێنن، گرووپێک دەگیردرێن و زیندانی دەکرێن گرووپێکی دیکە لە جێگەی ئەوان سەرهەڵدەدا و بۆیە شۆرش و بەرهەڵسنکاری هەمیشە گیانێکی تازەی وەربەردەکەوێ. ئەمە لە ڕوانگەی بزووتنەوەی بەرهەڵسنکاری جیهانییەوە زۆر گرنگە کە ئێمە لە نزیکەوە ستروکتور و جۆری ڕێکخراوەیی گرووپە بەرهەڵسنکارییەکانی باکوور زیاتر بخەینە بەر سەرەنج و لێیناوە فێربین. لە بزووتنەوە بەرهەڵسنکارییەکانی خۆمان لە سوید سود لە ئەزموونەکانیان وەربگرین. مەسەلەیەکی گرنگی دیکە لە سۆنگەی ئەم کتێبانەی ئۆجالان ئەوەیە کە ئەو شتەی ئەو لە ماوەی ٥ هەزار ساڵدا ئاماژەی پێدەکا لە ڕاستیدا شتی کۆن نین، بەڵکو زۆر تازە و بۆ ئێمە نەبیستراون.

- **لودڤیک کوهلێر** Ludvig Köhler

لە ماوەی وەرگێرانی کتێبەکاندا ئەوەی کە بۆ من بەرچاوڕوونکەرەوەی هەرە باڵکیش و جێگەی سەرەنج بوو ئەوە بوو کە زانیاری یەکجار زۆر و لە ڕادەبەدەری ئۆجالان لە سەر هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوو. بۆ نموونە لە کۆتایی کتێبی کۆنفیدرالیزمی دیموکراتیکدا ئەگەرچیش بە کورتی بێت باسی پێکهاتە جیاوازە ئەتنیکییەکان وەک کورد، عەرەب، ئەرمەنی، یەهودی و تورک و زۆر ئەتنیکی دیکە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکا. لە کاتێکدا ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لانکی هەموو شارستانییەتەکان لە ڕابردوودا بووە ئیمڕۆ هەرە شوێنی وێران و جێگەی شەڕ و شۆڕە لە جیهاندا و ئەمەش لە ڕاستیدا قوڵایی تراژیدیای ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست نیشاندەدا. ئێستا گێژاو و قەیران هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی داگرتووە. لە ڕوانگەی ئۆجالانەوە ئەوەی کە بەرچاوڕوونی زیاتر دەدا ئەوەیە کە ناسیۆنالیزم ڕیشە و هۆکاری هەموو نەهامەتییەکانی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە. خەڵکێک دەبێ سنوورەکانی ئەمە بێت و خەڵکێکی دیکە دەبێ سنوورەکانی لەوێ دەستپێکا و ئەم شتانە. ئەمە لە کاتێکدا کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە ڕابردوودا ئەم هەموو ئەتنیکە جیاوازە پێکەوە ژیاون و داهاتووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش لەمە زیاتر نییە کە دەبێ ئەم خەڵکە جیاوازانە پێکەوە بژین، خەڵک لە هەرێم و ناوچەی خۆیاندا بە ئازادی دەژین و لە ئاستی پانتایی ناوچەییەدا بە هاوکاری و هاوئاهەنگی لە گەڵ خەڵکانیتر بە ئاشتی دەژین. ئۆجالان لە شوێنێکی کتێبەکەیدا دەنووسێ لەوەتی ناسیۆنالیزم هاتووەتە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە گەڵ خۆی گرفت و شەڕ و شۆڕی هێناوە. لە هیچ شوێنێکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشدا بۆ تاقە جارێک ناسیۆنالیزم سەرکەوتنی وەدەست نەهێناوە. بە بڕوای من ئەم ڕوانگەیەی ئۆجالان زۆر گرنگە کە لە سوید گوێی لێ بگیردرێ و بخرێتە بەر سەرەنج.

- **سکاپا سڤێنسۆن** Scapa Svensson

منیش دەمەوێ ئەوەی لێ زیادبکەم کە زۆرجار لە خۆپیشاندانی کوردەکان دژ بە کۆمەڵکوژییەکانی دەوڵەتی تورکیا لە کوردستان، لە لایەن چەپی سویدییەوە ئەو ڕوانگەیە باوە کە پرسی کورد تەنیا پرسێکی ئەتنیکییە و لە پرسی ئەتنیکیدا کورت دەکرێتەوە. لە کاتێکدا وێنەی ڕاستییەکە وا نییە و پرسی کورد پرسی هەموومانە بە کورد و سودییەوە. بۆ نموونە کاتێک لە لایەن گرووپی کۆمێتەرەکانی سویدی ڕۆژئاوا دەمانەوێ قوتابخانەیەک لە کوبانێ دروست بکەین ئەمە جۆرێک کاری خێر نییە، بەڵکوو ئەمە جۆرێک پشتگیری و لە هەمانکاتدا ئاڵوگۆڕی زانیاری و تێگەیشتنە لە نێوان بزووتنەوە بەرهەڵسنکارییەکاندا. هەمان کاتیش جۆرێک بەرهەڵسنکارییە لە بەرانبەر دەوڵەتی تورکیا و داعش کە هەر دووکیان لە هەناوی فاشیزمدا سەریانهەڵداوە.



# چۆن دەگۆڕێ؟



قادر حاجی محمد

ئەگەر هەڵسەنگاندن و لێکۆڵینەوە لەسەر سیستەم و پێشکەوتنەکان و کێشەو گیروگرفتەکان بکەین دەبێ ئەوە بزانین کە هیچیان دابڕاوین لەسەدەکانی رابردوو، کە پێویست دەکات هەڵسەنگاندنێکی پوخت و دروست بۆ مێژوو بکەین، خۆ ئەگەر ئەوە ئەنجام نەدەین ناتوانین ڕێگای چارەسەر بۆ کێشەکان بدۆزینەوە بەشێوەیەکی زانستی و ئەندروست، ئەوەبوو ململانێی سەدەی بیستەم و رابردووی نێوان ڕۆژهەڵات و بلۆکی رۆژئاوا یان سەرمایەداری و بەناو سۆسیالیزمی سۆڤیەتی کۆن، ئەوە بوو هیچ لایەکیان نەیان توانی کێشەکانی سیستەم و کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی یەکلا بکەنەوەو چارەسەری بۆ بدۆزنەوە، بەڵکو زیاتر بوونە هۆی بەقەیران بوونی کێشەکان، ئەو ململانێیەی نێوانیان کاریگەری هەبوو لەسەر هزر و بۆچوونی گەلانی جیهان، بە کۆمەڵگەی ئێمەشەوە.

**سیستەمی (دەوڵەتداری) نەیتوانیوە وەڵامی چارەسەری کێشە ژیانیەکانی مرۆڤایەتی بداتە**

ئەوەبوو پارت و ڕێکخراوەکانی لای ئێمەش لە روانگەی ئەوانەوە سەیری کێشەکانیان کردووە، دەبینین ئەمڕۆ ئەو گێژاوەی رووبەروی جیهان بۆتەوە کە سەرچاوەی دێرینی خۆی هەیە، کە پاش قۆناغی نیۆلۆتیک( چاخی بەردینی زێڕین، سەرەتای) سەری هەڵدا، سەرەنجام دەوڵەتی لەسەر پێکهێنرا ئیتر قەیران دەستی پێکرد، ئەوەتا تا ئێستاش سیستەمی (دەوڵەتداری) نەیتوانیوە وەڵامی چارەسەری کێشە ژیانیەکانی مرۆڤایەتی بداتەوە.

کێشەکانی وەک ( کۆمەڵایەتی- سیاسی- ئابووری- ڕەگەزی- ژینگە) و ئەوانی تریش، ئەم سیستەمە ڕۆژ بەڕۆژ قەیرانەکانی بەرەو ئاڵۆزترو گێژاو بردووە، زهنیەتی دەوڵەتداری کاریگەری لەسەر بچوکترین خانەی کۆمەڵگە کردووە، چینی چەوساوەو چەوسێنەری بەخۆیدا هێناوەو کۆمەڵگەی کردووە بە دوو چین، کە یەکێتی سۆڤیەتی پێشووش دەسەڵاتی باش شینەکردبووەوەو لە بازنەی دەوڵەتی( دیکتاتۆری پرۆلیتاریا) خولایەوەو بە دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگەی بە گرنگ نەگرت و نەیتوانی وەڵامی ئەو پێشکەوتنانەی کۆمەڵگە بداتەوەو ڕووخاو هەرەسی هێنا.

**لە سیستەمی دەوڵەتدا ژن وەک رەگەزی ناتەواو سەیر دەکرێ**

گەورەترین کێشەی دەسەڵات و دەوڵەتداری کە کۆمەڵگەی زنجیر دەستی (دەوڵەت) کردووە کە بە تەواوی کۆمەڵگەی ئیفلیج کردووە، لە رۆژئاوا دەوڵەتی هەیە، بەڵام گۆرانکاری بەسەردا هاتووە، کە لە ڕێگای یاساوە سنوری بۆ دانراوە، بەڵام لای ئێمە دەسەڵات و دەوڵەت سنوری بۆ یاسا داناوە، کێشەیەکی تری کۆمەڵگە کێشەی (ژنە) کە زۆر لە کێشەی دەوڵەت خراپترە کە لە سیستەمی دەوڵەتدا ژن وەک رەگەزی ناتەواو سەیر دەکرێ، چونکە دەوڵەت زیهنیەتێکی پیاوسالاری هەیە، هەروەها کێشەیەکی تری گشتی سەردەم کێشەی ( ژینگەیە) کە کۆمەڵگە بوو بەدوو چین ئەم کێشەیەش سەری هەڵدا، چەوسێنەرەکان سروشتیان بۆخۆیان بەکارهێنا و کاریگەری نێگەتیڤ لەسەر ژینگە دروست بوو کە تا ئەمڕۆش بەردەوامە.

کەواتە تا بە لۆژیکی کۆن و زیهنیەتی کۆنی دەسەڵات و دەوڵەتداری ببڕێین بەڕێوە ناتوانرێ گۆڕانکاری بکرێ، هەر لایەنێک باش پێشکەوتنەکانی زانست و تەکنەلۆژیا بخوێنێتەوە شان بەشانی گۆڕان و بەرەو شارستانی دیموکراتی

**گۆڕینی زیهنیەتی باوکسالاری و دەوڵەت بچوک کردنەوە بیر لە سیستەمی( کۆنفیدرالیزمی دیموکراتی) بکەنەوەو ئەوانەشی دەیدۆڕێنن پێچەوانەی مرۆڤایەتی و پێشکەوتنەکان هەنگاو بنێن و پشت بە بێگانە دەبەستن**

و ئازادی رەگەزی و ژینگەپارێزی هەنگاو بنێ ئەتوانێ گۆڕانکاری بکات، پێچەوانە ئەدۆڕێ ئەو لایەنانەی سەر گۆڕەپانی کوردستان بەڕەش و سورو بۆرەوە گەر بتوانن زهنیەتی کۆن وەلابنێن و دەسەڵاتی خۆیان بێ هیچ مەرجێ بدەنە دەست (گەل) بێ هیچ برو بیانویەک ئەوەندە لێبوردەبن، پشت بە گەلی خۆمان ببەستن و بۆ گەلی خۆمان بژین و یاسا سەروەرکەن و سیاسەت نەکەن بە فروفێڵ و هەڵخەڵەتاندن، ئەوانە ئەتوانن بیگۆڕن کە حزب لە حکومەت جیابکەنەوە و نەک بە ئەقڵی خێڵ مامەڵە لەگەڵ رووداوە سیاسیەکاندا بکەن.

بزانن خوا کورسی بۆ ئەوان دروست کردوە، ئەوانە دەیگۆڕن کە باوەڕیان بە دەستاو دەست کردنی بەڕێوەبردن هەبێت و پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی بە ئەرکی پیرۆزی خۆیان بزانن، هەوڵبدەن یەکێتیەکی نەتەوەیی و ستراتیژییکی نەتەوەیی بهێنەدی.

رێز لە مافی مرۆڤ و پێکەوەیی بگرن و گەل بەرەو نەندروستیەکی نەندروست ئاراستەبکەن، رێز لە بنەماکانی دیموکراتی و پێکەوەیی ژیانی نەتەوەو ئایین و ئاینزاکان پیرۆز رادەگرن، دەگۆڕێن کە هەوڵدان هەبێت بۆ گۆڕینی زیهنیەتی باوکسالاری و دەوڵەت بچوک کردنەوە بیر لە سیستەمی( کۆنفیدرالیزمی دیموکراتی) بکەنەوەو ئەوانەشی دەیدۆڕێنن پێچەوانەی مرۆڤایەتی و پێشکەوتنەکان هەنگاو بنێن و پشت بە بێگانە دەبەستن و دەسەڵات بۆ خۆیان قۆرخ دەکەن و کۆمەڵگە دەچەوسێننەوەو ئابووری وڵات بەرەو هەڵدێر دەبەن و وەڵام بە داخوازییەکانی کۆمەڵگە نادەنەوە، من و تۆ دەکەن ریز گوێ لە بیروبۆچوونی جیاواز ناگرن. ئە م قە یرانەی ئەمڕۆ رووی لە جیهان کردوە، بە تایبەت رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە دە ستی پێکردوە لە گێژاودا خۆی دەبینێتەوە.

ئەوەتا هیچ لایەنێک پرۆژەی چارەسەری و بنبڕکردنی کێشەکانی پێ نیە، چونکە هەرهەموویان بە زهنیەتی کۆن دەڕواننە چارەسەری گۆڕانکاری لە خۆیاندا ئەنجام نادەن و توانای خۆگۆڕینیان تێدا نیە ناتوانن لەو زهنیەتە باوەی کەهەیانە ناتوانن گۆڕانکاری ریشەیی بەئەنجام بگەیێنن.

نابینن هەرهەموویان دەسنەوەستانن لە باشوری کوردستان جارجارە هەندێ حیزبوو لایەن هەن موزایەدەی سیاسی دەکەن هەر کات ناکاتێک باس لە دەوڵەتی کوردی دەکەن لە باشووری کوردستان بێ ئەوەی دەزگای دەوڵەتیان شیکردبینەوە بەشێوەیەکی زانستی وادەزانن دەوڵەت رزگارکەرە و ئەوتەتەوانەی کەدەوڵەتیان بۆدروستکردن توانیان خۆشبەختی بهێنن.

# ڕۆزا لۆکسمبورگ ژنە سۆسیالیست و ئازادیخواز





تۆنی کلیف
لەئینگلیزییەوە ئازاد ئارمان

هەر لە سەرەتای لاویەتییەوە هەڵسوراو بووە لە ناو بزووتنەوەی سۆسیالیستی دا و پەیوەندی کرد بە پارتێکی شۆڕشگێڕ بە ناوی «پرۆلیتاریا»، کە لە ساڵی ١٨٨٢ دا دامەزرابوو، دەوروبەری ٢١ ساڵ بەر لە دروست بوونی پارتی سۆسیالیستی دیموکراتی روسیا (بەلشەفیک-مەنشەفیک) دەستی بەکار کردن کردبوو. پارتی پرۆلیتاریا لە سەرەتاوە لە بارەی پرەنسیپ و پرۆگرامەوە چەند هەنگاو لە پێش بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی روسیا بوو. لەو کاتدا بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە لە ڕوسیادا هێشتا بەسترابۆوە بە کارو چالاکی تیرۆری فەردی یەوە، کە بەشێک لە ڕۆشنبیرانی قارەمان پێی هەڵدەستان. بەڵام پرۆلیتاریا لەساڵی ١٨٨٦دا کاری ڕێکخستن و ڕابەری هەزاران کرێکاری دەکرد لە خۆپیشاندان و مانگرتنەکان دا. سەرەڕای ئەمەش پرۆلیتاریا بەکردەوە چوار لە سەرکردەکانی نووسی لە سێدارەدان و سەربڕین هاتن، هەروەها٢٣ ی تریش یان نووسی زیندان بوون، بۆ ماوەیەکی زۆریش کاری ئاقەت پروکێنیان پێ دەکردن. هەروەها سزادانی زیاتر لە٢٠٠ کرێکاری تر. تەنها بازنەیەکی بچووک رزگاریان بوو لە گرتن و تێکشکان. یەکێک لەم کەسانە ڕۆزا لۆکسمبورگ بوو کە لە تەمەنی ١٦ساڵی دا پەیوەست بوو بە ڕێکخراوی پرۆلیتاریا. لەساڵی ١٨٨٩دا پۆلیس فشاری زۆری هێنا بۆ ڕۆزا تاوەکو وڵات بەجێ بهێڵێت، هاوڕێیانی رۆزاش ئەوایان بیر دەکردەوەو وە بە باشتریان دەزانی بچێتە دەرەوەی وڵات سودی زیاترە، نەک لە زیندان دا بێت. بۆیە ڕۆزا بڕیاری دا و سەفەری کرد بۆ سویسرا لەشاری زویرخ نیشتەجێ بوو، کە یەکێک بوو لەگرنگترین ئەم سەنتەرانە،بۆ کۆچبەرانی پۆڵەندی و ڕوسی. هەر لەوێوە چوو بۆ زانکۆ و وانەی زانستی سروشتی، بیرکاری، ئابووری خوێند، هەروەها لەوێ بەشداری چالاکانەی بوو لەناو بزووتنەوەی کرێکاری ناوخۆیی و بزووتنەوەی ڕۆشنبیری لە ژیانی شۆرشگێڕانی کۆچبەران.

گرنگتر لەمەش چەند ساڵێک دواتر رۆزا لۆکسمبورگ بوو بە سەرکردەی تیۆریسیۆنی پارتی سۆسیالیستی شۆرشگێڕی پۆڵەندا. هەروەها بوو بەیارمەتی دەری سەرەکی ڕۆژنامەی حیزب، **Sprawa Rabotnicza** کە لە پاریس چاپ دەکرا. لە ساڵی ١٩٨٤ دا پارتی پرۆلیتاریا ناوی گۆڕدرا، بوو بە پارتی سۆسیالیستی دیموکراتی شانشینی پۆڵەندا؛ دوای ماوەیەکی کورت لیتوانیاشی بۆ زیاد کرا. رۆزا هەر بە سەرکردەی تیۆریسیۆنی پارتی (**the SDKPL**)مایەوە تاوەکو کۆتایی ژیانی.

ڕۆزا لە ئۆگێستی ساڵی ١٨٩٣دا نوێنەری حیزب بوو لە کۆنگرەی ئەنتەرناسیونالی سۆسیالیست. لێرەدا ژنێک دەبینی لە تەمەنی ٢٢ ساڵی دا، دەچێتە ناو پێشبڕکێ یەک لەگەڵ ناسراوترین کەسانی ناو پارتێکی تری پۆڵەندا، بە ناوی پارتی سۆسیالستی پۆڵەندا. کە بیروباوڕی سەرەکی یان سەربەخۆیی پۆڵەندا بوو، هەرەوها ڕابەرانی کۆنی سۆسیالیزمی نێونەتەوەیی ڕێزیان دەگرت لە ئەزموونەکانی پۆڵەندە، هەروەها پشتیوانی کردن لە بزووتنەوەی نیشتمانی پۆڵەندا رابردوویەکی قایم و نەریتێکی درێژی لەپشت بوو: هەروەها مارکس و ئەنگلسیش گرنگی یان پێ داوەو تەرکیزی سیاسی یان کردۆتە سەر ئەم مەسەلەیە. سەرەڕای ئەمانەش ڕۆزا لۆکسمبورگ چاوتەترسانە هێرشی دەکردە سەر پارتی سۆسیالیستی پۆڵەندا، ئاوانبار کردنی ڕەوتی نیشتمانی بەڕۆشنی و بە شێوەیەکی

سروشتی، بەرەنگاربوونەوەی گۆڕینی کرێکاران لە ڕێگای خەباتی چینایەتی؛ هەروەها بەرەو روو وەستانەوەو وەرگرتنی هەڵوێستێکی جیاواز لەدەسەڵاتی کۆن پێچەوانەی دروشمی سەربەخۆیی پۆلەندا. ڕۆزا ڕووناکبیرییەکەی بە شێوەی بازدان و تیژ گەشەی کرد و هیچ کەس نەی توانی بەربەستی بکات لە پەیوەست بوونی بۆ چوونە ناو سەنتەری بزووتنەوەی کرێکارانی جیهان. ئەوە بوو لە ساڵی ١٨٩٨دا لە ئەڵمانیا توانی ڕێبازو ڕەوتی خۆی پێکبهێنێت.

**بزووتنەوە کە لە ئەڵمانیا دابەش ببوو بە سەر دوو ڕەوتی سەرەکی دا، یە کیان ڕیفۆرمیست و ئەوی تریان شۆڕشگێڕ**

ڕۆزا بە شێوازێکی کۆڵنەدەرانە دەستی بە نووسین کرد، و دوای ماوەیەک بوو بە یەکێک لە یارمەتیدەری سەرەکی لە گرنگترین گۆڤاری تیۆریی مارکسیستی کە ئەو کاتەدا، (Neue Zeit) ئەو هەمیشە سەربەخۆ بوو لە بڕیار و ڕەخنەکانی دا، هەتا لەبەرامبەر مەزنی و پایە بەرزی کەسێکی وەکو کارل کاوتسکی سەرنووسەر، کە بە باوکی مارکسیزم دەژمێردرا.

هەر وەکو ئەو (کارل کاوتسکی) دەڵێت ڕۆزا بۆ یەک جاریش بیروباوەڕی خۆی نەدەگۆڕی بەبێ لێکۆڵینەوەو بەبێ پێ سەلماندن. ڕۆزا لۆکسمبورگ چووە ناو دڵ و دەروونی بزووتنەوەی کرێکاران لە ئەڵمانیا. هەروەها یارمەتیدەری بەردەوام بوو لە چەندین ڕۆژنامەی سۆسیالیستی- لە هەندێ کات دا سەرنووسەر بوو- لە گەل ئەوەشدا دەست نیشانی چەندین کۆبوونەوەی جەماوەری دەکرد و وتاربێژێکی بەردەوام بوو لە سەر تەواوی ئەم باسانەی بزووتنەوەکە پێویستی پێی بوو. سەراپای، قسەکان و ووتارەکانی کاری داهێنەرانەی ڕەسەن بوون، کارەکانی ئەو دوور بوو لە سۆز. ئەو بەردەوام کراوە بوو لەگەڵ خوێنەرانی خۆی و ئاسۆی بیرکردنەوەی مەزنترو بەرفراوان تر ببوو لەرابردوو.

لەو کاتەدا بزووتنەوە کە لە ئەڵمانیا دابەش ببوو بە سەر دوو ڕەوتی سەرەکی دا، یەکیان ڕیفۆرمیست و ئەوی تریان شۆڕشگێڕ، لەکاتی گەشەی رابردوودا دابەش بوون. ئەڵمانیا لە ریفاهی بەردەوام دا بوو تاوەکو تەنگژەی ساڵی ١٨٧٣دا، کرێکاران پێوانەی ژیانیان سەرکەوت بە بەردەوامی و بێ وەستان، ئەگەر بەشێنەیش بێت؛ یەکێتی یە کرێکارییەکان و کۆمەڵە هەرەوەزییەکان بەهێزتر لە رابردوو گەشەیان دەکرد.

دژایەتی کردنی ئەم دواکەوتوویی یە، و بیرۆکراتییەتی ئەم بزووتنەوانە، بەیەکەوە لەگەڵ زیاد بوونی نوێنەرانی پەرلەمانتاری پارتی سۆسیالیستی دیموکراتی، دوورکەوتنەوە لە شۆڕش و ئازایەتی یەکیان دا بەو کەسانەی کە هەر ئێستا بەیانیان کردووە و جاڕیان بۆ ئەوە داوە بەرە بەرە بڕۆن بەرەو ڕیفۆرمیزم وەکو بیروڕایی بنچینەیی. قسەکەری سەرەکی ئەم ڕەوتە «ئیدوارد برنشتاین» بوو، وەکو شاگردێکی ئەنگلس لە نێوان ساڵانی ١٨٩٦-١٨٩٨دا زنجیرەیەک وتاری نووسی لە ڕۆژنامەی Die Neue Zeit لەسەر کێشەی سۆسیالیزم، زیاتر و زیاتر بە ئاشکرا هێرشی دەکردە سەر بیروباوەڕی مارکسیزم. قسەو باسی تیژو بەرفراوانی دەست پێکرد. ڕۆزا لۆکسمبورگ تازە هاتبووە ناو بزووتنەوەی کرێکارانی ئەڵمانیا، یەکسەر هاتە وەڵام لەبەرگریکردن لە مارکسیزم. ئەو بەشێوەیەکی بلیمەتانەو زۆر جوان. لەناملیکەکەی دا هێرشی کردە سەر بڵاوبوونەوەی سەرەتانی ڕیفۆرمیزم بە ناوی ( ڕیفۆرمی کۆمەڵایەتی یاخود شۆڕشی کۆمەڵایەتی).

هەر زوو دوای ئەوە، سۆسیالیستی فەرەنسی میلیرەند (Millerand) چووە ناو هاوپەیمانی لەگەل پارتی سەرمایەداری. ڕۆزا لۆکسمبورگ بە دوای ئەم ئەزموونە چوو و لە نزیکەوە لێکۆڵینەوەی لەسەر کرد و لە چەند زنجیرە وتارێکی گرنگدا کە پەیوەندی هەبوو بەم کێشەیە بەگشتی لە پەیوەند بە بزووتنەوەی کرێکارانی فەرەنسا و مەسەلەی هاوپەیمانێتی لەگەل حکومەت.

## ڕۆزا لۆکسمبورگ کەوتە دیالۆگ لە گەڵ لینین

دوای شکستی ماکدۆنالد لە بەریتانیا، لە کۆماری ویمەری ئەڵمانیا، هەروەها بەرەی گەلی لەفەرەنسا لەساڵی ١٩٣٠دا. دوای جەنگی جهیانی دووەم و حکومەتی هاوپەیمانەکان لەهەمان وڵاتدا، ئەوە ڕۆشنە ئەم ئەنجامگیری و دەرسانەی ڕۆزا لۆکسمبورگ بەدەستی هێنا تەنیا گرنگ یەکی مێژووی نەبوو. لە ساڵی ١٩٠٣-١٩٠٤دا ڕۆزا لۆکسمبورگ کەوتە دیالۆگ لە گەڵ لینین، لەگەڵ ئەو کەسانە

کە جیاوازی یان هەبوو لەسەر مەسەلەی نەتەوایەتی و دروست بوونی پەیکەری حیزب، هەروەها لەسەر پەیوەندی نێوان حیزب و چالاکی جەماوەری. دوایی لە ساڵی ١٩٠٤ دا لەلایەن «پاراستنی قەیسەر» وە بڕیاری سێ مانگ زیندانی بۆ بڕایەوە، بەڵام ڕۆزا یەک مانگ لە زیندان مایەوە.

لە ساڵی ١٩٠٥دا، لەگەل بەرپابوونی شۆڕشی یەکەمی ڕوسیا، ڕۆزا زنجیرەیەک وتارو ناملکەی نووسی لە سەر پارتی پۆلەندا، گەشەی دا بە ئایدیای شۆڕشی بەردەوام، هەر وەکو دیارە ئەم باسە سەربەخۆ گەشەی پێدرا لە لایەن لیۆن ترۆتسکی و پارڤس، بەڵام لە هەمانکاتدا چەند مارکسیستی تر باوەڕیان بە هەمان ئایدیا هەبوو. لەگەڵ ئەوەشدا بەلشەفیک و مەنشەفیک هەر دوو لایەن، سەرەرای جیاوازی قوڵی نێوانیان، بڕوایان وابوو کە شۆڕشی ئەو کاتەی ڕوسیا لە قۆناغی شۆڕشی دیموکراتی یە. ڕۆزا قسەو باسی ئەوەی دەکرد گەشەی دونیا قۆناغی دیموکرسی بۆرژوازی تێپەڕاندووە و لەکۆتایی دا یان دەسەڵاتی کرێکارانە یاخود شکستێکی تەواوە. درووشمی ئەوە بوو « دیکتاتۆری یەتی شۆرشگێرانەی پرۆلیتاریا لەگەل جوتیاران».

لە گەل ئەوەشدا تەنها ئەندێشەو نووسین و قسەکردن لەسەر شۆڕش بەس نەبوو بۆ ڕۆزا لۆکسەمبورگ. دروشمی ژیانی ئەو ئەوە بوو، « لە سەرەتاوە کردار». سەرەڕای ئەوەش لەو کاتەدا وەزعی تەندروستی باش نەبوو، لە نزیکترین فرسەت لە دیسێمبەری ١٩٠٥دا رایکرد بۆ پۆلەندای ڕوسیا. لەو کاتەی شۆڕش لە لوتکەی خۆی دابوو، جەماوەریش هێشتا لەچالاکی دا بوون، بەڵام ڕارابوون و لە کاتێکدا کۆنەپەرستیش لە بەرەو پێشچوون دابوو. تەواوی کۆبونەوەکان قەدەغەکران، بەڵام کرێکاران هێشتا لە سەنگەری خۆیانەوە کۆبوونەوەکانیان ئەنجام دەدا، لە کارگەکان کرێکاران ڕۆژنامەکانیان لێ قەدەغەکرا، بەڵام ڕۆژنامەی پارتی ڕۆزا لۆکسەمبورگ ڕۆژانە دەردەچوو، ئەگەر چی بەنهێنیش چاپ دەکرا. لە٤ی مارسی ١٩٠٦دا ڕۆزا دەستگیر کرا بۆ ماوەی چوار مانگ. یەکەم جار زیندان و ئینجا لە قەڵایەک و دواتریش ئازاد کرا. لەسەر ئەساسی ئەوەی تەندروستی ناجێگر و نەخۆش بوو، هەروەها لە بەر ئەوەی هاوڵاتی ئەڵمانی بوو، لەم وڵاتە سنووروداش یان کرد.

شۆڕشی ڕوسیا لەساڵی،١٩٠٥ گۆشت و خوێنی دا بە ئەندێشەی ڕۆزا لۆکسەمبورگ تێگەیشت چەند ساڵێک زووتر؛ ئەم خۆپێشاندانە جەماوەرییە سیاسی- ئابوورییە پێکهینانی تۆخمێکی بنچینەیی کرێکارانی شۆرشگێرە لە خەبانکردن لە پێناوی دەسەڵات، جیاکردنەوەی سۆسیالیستی لەتەواوی شۆڕشەکانی رابردوودا. لە ئێستادا ئەو کاری فراوانکردنەوەی ئەندێشەکانییەتی لەسەر بناغەی ئەزموونی مێژووی نوێ.

قسەکردنی ڕۆزا لە کۆبوونەوە گشتییەکاندا و ئاوانبارکردنی بە«هاندان بۆ توندوتیژی» دوو مانگی تر چووە زیندان، ئەم جارەیان لە ئەڵمانیا. ڕۆزا لۆکسەمبورگ لەساڵی ١٩٠٧ دا بەشداری کرد لە کۆنگرەی



ئەنتەرناسونال سۆسیالیست لە شتونگارت. ئەو بە ناوی پارتی ڕوسیا و پۆلۆنیا قسەی کرد، لە سەر پێشبینیەکان و هەڵوێستی شۆرشگێڕانەی نەگۆڕ لە بەرامبەر جەنگی ئیمپریالیستی.

لە نێوان سالانی ١٩٠٥-١٩١٠دا جیابوونەوەیەکی بەرفراوان ڕووی دا لە نێوان ڕۆزا لۆکسمبورگ و سەرکردایەتی نێوانڕەوی SPD دا، کە کاونسکی دەم ڕاستی تیۆریی یان بوو. لە پێش ئەوەشدا، لە ساڵی ١٩٠٧ڕۆزا لۆکسمبورگ مەترسی دەربڕی لە سەر سەرکردایەتی پارت، جیاواز لەوەی بانگیان هەڵدەدا بۆ مارکسیزم، هەروەها گەرانەوەیان بەرامبەر بەهەلومەرجێک کە پێویستی بە بڕیاردانێکی چارەنووسساز هەبوو. هاتنی ڕووداوی ساڵی ١٩١٠، بەتەواوی پەیوەندی نێوان ڕۆزا لۆکسمبورگ و کارل کاونسکی تێکچوو لەسەر مەسەلەی شێوازی ڕێگای بە دەسەڵات گەیشتنی کرێکاران. لە ئێستادا SPD جیابوونەوەو بوون بەسێ ڕەوت و باڵی جیاواز؛ ڕیفۆرمیستەکان کە نوێنەرایەتی باڵی سیاسەتی ئیمپریالیستی یان دەکرد، ئەوانەی بە خۆیان دەڵێن نێوانڕەوی مارکسیستی، بەسەرکردایەتی کاونسکی ( کە ڕۆزا لۆکسمبورگ نازناوی «سەرکردەی زەلکاو»ی لێنابوون) بە قسە هێشتا خۆیان پێ رادیکاڵە، بەڵام دەردەکەوێ زیاتر و زیاتر بەرەو ڕێبازی پەرلەمانتاری خەبات دەکەن، باڵی شۆرشگێڕ کە ڕۆزا لۆکسمبورگ بزوێنەری سەرەکی بوو. لە ساڵی ١٩١٣دا ڕۆزا لۆکسمبورگ یەکێک لە گرنگترین پەرتووکە تیۆرییەکەی خۆی بە چاپ گەیاند، کەڵەکە بوونی سەرمایە، بەشداری کردن لە لێکۆڵینەوەی ئابووری ئیمپریالیستی. کە بەبێ شک و گومان، یەکێکە لە گرنگترین بەشدارییەکانی بنچینەیی لە قوتابخانەی ئابووری مارکسیستی لە سەردەمانی سەرمایەوە، کە پڕە لە مەعریفە، زیرەکترین شێوازە، تیژترین لێکدانەوەیەی رووناکبیری سەربەخۆیە، ئەم پەرتووکە، کە میهرینگ نووسەری ژیاننامەی مارکس دەڵێ نزیکترین پەرتووکە لە پەرتووکی «سەرمایە» لە چاو هەموو بەرهەمە مارکسیستەکانی تر. کێشەی سەرەکی لەم لێکۆڵینەوەدا نەک هەر گرنگە لە رووی تیۆریی و سیاسیەوە، بە تایبەتی چ شتێک کاریگەری فراوانکردنی سەرمایەداری تازە دەکات لە ناوچە دواکەوتووەکان لە سەر جیاوازییە ناوخۆییەکان و شێواندنی سەرمایەداری و جێگیر بوونی ئەم سیستەمە.

لە٢٠ی فێبریوەری ١٩١٤، ڕۆزا لۆکسمبورگ دەستگیر کرا لەسەر ئەوەی هانی سەربازانی داوە ڕاکەن لە سەربازی. لەسەر بنەمای دانە پاڵی ئەم تۆمەتە، قسەی کردو ئەم تۆمەتانەی رەتکردەوە «ئەگەر ئەوان چاوەڕوانی ئەوەیان لە ئێمەیە براکانی خۆمان بکوژین فەرەنسیەکان یاخود بیانیەکانی تر، ئەوسا پێیان دەڵێین، «نەخێر لە ژێر هیچ هەلومەرجێکدا.» ئەم کارە ناکەین. لە دادگادا ئەو هەڵگەڕاوە لە نوێنەرێکی گومانلێکراوەوە بۆ نوێنەری گشتی، دواتر قسەکانی ئەو بڵاوکرایەوە لە ژێر ناونیشانی «ملیتاریزم، جەنگ و چینی کرێکار»، کە بە یەکێک لە وروژاندنە سۆسیالستە شۆرشگێڕانەکان دادەنرێت بۆ سەرزەنشتکردنی ئیمپریالیزم. لە سەر ئەم قسانەی دادگا بڕیاری ساڵێک زیندانی دا بەسەریدا، بەڵام زیندانی کردنەکەی یەکسەر جێبەجێ نەکرا. ئەو کاتەی ژووری دادگای بەجێ هێشت، یەکسەرەو ڕاستەوخۆ چوو بۆ کۆبوونەوەی جەماوەری و دووبارە دەستی کردوە بە پڕوپاگەندە شۆرشگێڕییەکانی لە دژی جەنگ.

**ئەم بڕیارە دڵرەقانەی سەرکردایەتی حیزب دەری کرد، گورزێکی توند بوو درا لە ڕۆزا لۆکسمبورگ**

ئەم کاتەی جەنگی جیهانی یەکەم دەستی پێکرد، بەکردەوە تەواوی سەرکردەکانی پارتی سۆسیالیست وەرچەرخان بەرەو ڕێبازی نیشتیمانی. لە٣ ی ئۆگێستی ساڵی ١٩١٤ دا گروپی پەرلەمانی سەر بە پارتی سۆسیال- دیموکراتی ئەڵمانیا کۆبوونەوەو بڕیاریان دا دەنگ بدەن بە جەنگ و بڕوا بوون بە حکومەتی قەیسەر. لە١١١ نوێنەر تەنها ١٥نوێنەریان دەنگیان لەدژی جەنگ دا. هەروەها دواتر داواکاری ئەوان رەتکرایەوە، ئەوان پێشنیازی دیسپلینی پارتیان کرد. لە٤ی ئۆگێستەوە تەواوی گروپی سۆسیال – دیموکرات بەیەک دەنگ دەنگیان دا بە پاڵپشتی کردنی لایەنگرەکانیان. دوای چەند مانگی تر، لە٢ی دیسێمبەرەوە کارل لیبختێت گاڵتەی کرد بەم دیسپلینە حیزبیەکە دەنگی دا بەم بێ ویژدانیە. ئەو تاقەکەس بوو دەنگی دا لەدژی جەنگ و لایەنگرانیان.

ئەم بڕیارە دڵرەقانەی سەرکردایەتی حیزب دەری کرد، گورزێکی توند بوو درا لە ڕۆزا لۆکسمبورگ، لەگەڵ ئەوەشدا دوور نەکەوتەوەو وورەیبەرنەدا. لە هەمان ڕۆژدا، لە٤ ی ئۆگێست سۆسیال دیموکراتەکان چوونە ژێر ئالای حکومەتی قەیسەری، گروپێکی بچووک لە سۆسیالیستەکان کۆبوونەوە لە بالەخانەکەی و بڕیاریان دا بجەنگێن لە دژی شەڕ. ئەم گروپە ڕێکخرابوون لەلایەن ڕۆزا لۆکسمبورگ و کارل لبختێت، فرانز میهرینگ و کلارا زیکتین، لەکۆتایی دا بوون بە «کۆمەڵەی سپارتاکیستەکان». ڕۆزا لۆکسمبورگ نزیکەی چوار ساڵ زۆربەی کات لە زیندانەوە درێژەی دا بە ڕابەرایەتی کاری هاندان

و ڕێکخستنی شۆڕشگێرانە، و درێژەدان بە ڕێبازی ئاڵای بەرزی سۆسیالیزمی نێونەتەوەیی.

هەڵگیرسانی جەنگ بووە هۆی دابرانی ڕۆزا لۆکسمبورگ لە بزووتنەوەی کرێکارانی پۆڵەندا، بەڵام پێویستە ئەوە قەبووڵ بکەین کە سەرمایەکی مەزن بوو بۆ پارتە پۆڵەندییەکەی و لایەنگیرییەکی بەردەوام بوو لە دەربڕینی ئایدیاکانی سۆسیالیزمی ئەنتەرناسیۆنالی. شۆڕشی فێبریوەری ڕوسیای ساڵی ١٩١٧ ڕاست و دروستی پێشبینیەکانی ڕۆزا لۆکسمبورگی هێنایەدی سەبارەت بە سیاسەتی شۆڕشگێڕیی و بەرهەڵستکاری دژی جەنگ و خەبات لە پێناوی سەرنگوون کردنی دەوڵەتە ئیمپریالیستەکان.

**دوای مارکس و ئەنگلس، وەکو میهرینگ دەڵێت؛ شتێکی ترنییە، لەژیانی ئەودا، لە مردن زیاتر، ڕۆزا هەموو شتێکی بەخشی لەپێناوی ڕزگاری مرۆڤایەتی دا.**

ڕۆزا لە زیندانەوە چاودێری ڕووداوەکانی دەکرد، و لەنزیکەوە خەریکی لێکۆڵینەوە بوو لەسەر ئەزموونەکان بۆ دواڕۆژ. ئەو بە دڵنیاییەوە باوەڕی وابوو سەرکەوتنەکانی فێبریوەری کۆتایی خەبات نییە، بەڵکو سەرەتایە، نەتها دەسەڵاتی کرێکاران دەتوانن ئاشتی مسۆگەر بکات. ڕۆزا لە زیندانەوە پەیام لە دوای پەیامی بڵاودەکردەوە بۆ کرێکاران و سەربازانی ئەڵمانیا لاسایی براکانیان بکەنەوە لە ڕوسیا، بەم شێوەیە سەرمایەداران و مشوخۆران سەرنگوونکەن، لە کاتێکدا شۆڕشی ڕوسیا بپارێزن، لەهەمان کات دا ڕێگە نەدەن لە خوێن ڕشتنی خۆتان تا مردن لە ژێر دەسەڵاتی بەربەریزمی سەرمایەداری.

ئەم کاتەی شۆڕشی ئۆکتۆبەر بەرپابوو، ڕۆزا لۆکسمبورگ بەگەرمی پێشوازی لێکرد، و پەسندی کرد لە بەرزترین قۆناغی دا. لە هەمانکاتدا ئەو باوەڕی بەوەنەبوو هەموو شتێک قەبووڵ بکات بەبێ ڕەخنە لێگرتن، هەموو ئەو کارە خزمەتگوزارییانەی بەلشەفیەکان دەیان کرد بۆ بزووتنەوەی کرێکاری. ئەو بە ڕۆشنی پێشبینی ئەوەی دەکرد ئەگەر شۆڕشی ڕوسیا خۆی ڕزگار نەکات لەو شێوێندراوانەی بۆی پێش هاتووە، کە ئیفلیجی کردووە لە گەشەکردن. هێشتا زووە بۆ گەشەسەندن لە یەکێتی سۆڤیەت، هەروەها ئەو دەست نیشانی خاڵە شێوێندراوەکانی کرد، بە تایبەتی لەسەر مەسەلەی دیموکراسی.

لە٨ ی نۆڤێمبەری ساڵی ١٩١٨دا شۆڕشی ئەڵمانیا ڕۆزا لۆکسمبورگی لە زیندان ئازاد کرد. ڕۆزا بە هەموو هێز و توانا و پەرۆشییەوە بەشداری لە شۆڕش کرد. بەڵام بەداخەوە هێزە کۆنەپەرستەکان بەهێزبوون، باڵی ڕاستی سەرکردەکانی سۆسیال دیموکرات و جەنەڕاڵەکانی سوپای کۆنی قەیسەر یەکیان گرت بۆ سەرکوتکردنی چینی کرێکارانی شۆڕشگێڕ. هەزاران کرێکار کوژران. لە١٥ی جەنیوەری ١٩١٩دا کارل لیبخنێت کوژرا، لە هەمان ڕۆژدا سەربازێک بەقۆنداخی تفەنگەکەی کێشای بە کەلە سەری ڕۆزا لۆکسمبورگ.

بەگیان لەدەستدانی ڕۆزا لۆکسمبورگ بزووتنەوەی کرێکاران لەجیهان بەناوبانگترین ڕابەری خۆی لەدەستدا. کە ووردبینترین بیرمەندبوو دوای مارکس و ئەنگلس. وەکو میهرینگ دەڵێت؛ شتێکی ترنییە، لەژیانی ئەودا، لە مردن زیاتر، ڕۆزا هەموو شتێکی بەخشی لەپێناوی ڕزگاری مرۆڤایەتی دا.

ڕۆزا لۆکسمبورگ لە ٥ ی مارسی ١٨٧١ دا، لە شارۆچکەیەکی بچووک بە ناوی زامۆسک لە پۆڵەندا لە دایک بووە (لە ١٩١٩/٠١/١٥لە لایەن دەوڵەتی ئەڵمانیاوە تیرۆر کراوە)

سەرنجێکی کورت لەلایەن وەرگێڕەوە : ئەم نووسراوەیە بەشی یەکەمی پەرتووکێکە بە ناوی ڕۆزا لۆکسمبورگ، لە نووسینی: (تۆنی کلیف) لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی بووک مارکس.

# سیاسەت بۆ هەمووان



ڕێبوار ڕەشید
هاوسەرۆکی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان

بەشی سێیەم و کۆتایی

لە فەرهەنگی سیاسیی و لە مێژووی ئایدیۆلۆژییەکاندا مرۆڤ دەبینێت کە لێنین ڕەنگە سەرتۆپی ئەو ژمارە کەمە لە ڕۆشنبیر بێت کە سەرتاپای ئەدەبی سیاسیی خۆیی بە قسەی ناشیرین و جوێن و گاڵتەجاریی و سووکایەتی دژ بەوانە پڕ کردووەتەوە کە بە ئەقڵی خۆی دەکەونە سەنگەرێکی دیکەوە. تەنها لە بەرتەوەی ئەوان لە دیدێکی دیکەوە لە سۆسیالیزم دەڕووانن. دەبینین کە لێنین وەکوو یارمەتیدەرێک/ کۆمەککارێک/ بەشدارێک لە قووڵکردنەوەی بیری سۆسیالیزمدا ئەکتەر نییە، بەڵکو وەکوو پەیامنێرێکی خودایی لە قسەکانی خۆی دەڕووانێت. لە خوێندنەوەی لێنیندا دەبینین کە هیچ کاتێک بانگی هاوڕاوێژ و هاوکۆبەندیی و هاوسەرئەنجامگیریی لە پرۆسە و ڕووداو و بابەتەکان ناکات و نرخێک بۆ هاودەنگیی دانانێت، چون لە بناخەدا سۆسیالیزم بە پرۆژەیەکی شەخسیی دادەنێت نەک کۆمەڵیی و کۆمەڵگایی، و بە کارێکی هەنووکەیی دادەنێت، نەک بە ئاییندەیی و دوور، و پێی وایە کە حەتمەن دەبێت لە قۆناخێکی مێژوویی زۆر کورتدا بێنە دی. نەک تەسلیم بە کۆمەڵگا بکرێت و لە پرۆسەیەکی هەزمکردن و شەنوکەوکردن و هێنانوبردن و لێکدانەوە و ئەزموونییدا بەردەوام و مێژووڕەو بێت. لە هەموو ئەوانەیش خراپتر بڕووای بە ڕیفۆرم و کاردروستیی هەنگاو بە هەنگاو نییە، و پێی وایە حەتمەن ئەوە پاکەتێکە کە یان هەیە یان نا. ئەسڵەن تیئۆریی لێنین بۆ شۆڕش و شۆڕشگێڕیی لەو بڕووایەوە سەرچاوە دەگرێت کە پێی وایە نەک هەر خودی حکومەت (بورژوازیی/ سەرمایەداریی) بەڵکو خودی دەوڵەت (برژوازیی/ سەرمایەداریی) دەبێت سەرەوخوار/ قڵب بکرێنەوە.

لە بەراووردی تێکستەکانی پلیخانۆڤ، کاوتسکی، برنێشتاین، کارل لیکبێشت، ڕۆزا و پیترۆسۆڤ و چەندینی دیکەدا دەبینین کە ئەمان یەک دانە جاریش وشەی وەکوو "گەوج" و "نەفام" و "تێکدەر" و "شێوێنەر" و "خیانەتکار بە چینی کرێکار" و "نۆکەری بورژوازیی" و جوێنی دیکەی لەو چەشنە لە تێکستەکانیاندا نییە. بەو شێوە دەبینین کە لێنین هەر سۆسیالیزم لە دیموکراسیی، واتە لە بەشداریی چالاکانەی ئەوانی دیکە جودا ناکاتەوە، بەڵکو لە سەنگەری سپی بەرامبەر بە ڕەشدا ئەسڵەن ڕێگا بە "گەوج" بیرکردنەوەیش نادات و لێی دەترسێت.



لێنین مرد و کۆتایی بە ژیانی وەکوو تاکەکەس هات، بەڵام دەوڵەتێکی پاش خۆی بەجێهێشت کە یەکێک بوو لە بەهێزترین دەوڵەتانی سەردەم. میراتگرانی ئەو دەوڵەتە هیچ ئەڵتەرناتیڤێکیان نەبوو زیاتر لەوەی کە لێنینیزم بکەن بە سەرچاوەی ئایدیۆلۆژیی ڕەسمیی. ئەوی باسی شێوەیەکی

دیکە لە سۆسیالیزمی بکردایە بە لادەر و ئێکدەر و ناجیددی و جاشسۆسیالیست و چی و چی ناودەبرا. پاش مردنی لێنین هەموو ئەو ئیئۆریانەی سەبارەت بە بواری جیاواز لە سەردەمی ئەودا هەبوون، خرانە کار. یەکێک لەوانە سەبارەت بە کێشە نەتەوەییەکان کە لە دونیادا لە ئارادا بوون هاتە ئاراوە. یەکێک لەوانە پرسیاری: پشتگیریکردن لە کامە بزووتنەوە؟، بوو؟ ص٢١چ٣٢چ

هەڵهێنانی پێ ناوێت کە لێکدانەوەی لێنین دەرمان بوو. هەر بزووتنەوەیەک بە پێی لێکدانەوەی لێنین (بە قازانج و لە بەرژەوەندی یەکیەتی سۆڤیەتدا) دەکەوتە دژایەتیکردنی ئیمپریالیزم، ئەوا بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی پێشکەوتووخوازانە بوو. هەر بزووتنەوەیەک دژایەتی کردنی حکومەتێکی دەکرد کە دۆستی یەکێتی سۆڤیەت بوو یان لە لێکدانەوەی ئەواندا بۆ سۆسیالیزم لە شێوە لینینیەکەیدا، دەکەوتە خانەی فیودال و کۆنەپەرستییەوە کە گوایا لەبەردەم بورژوازیی پێشکەوتووخوازدا لەمپەر بوو، ئەوا کۆنەپەرستانە بوو. نموونەکان پشتکردن لە خەباتگەلی ئازادیخوازیی و هاوپشتییکردن لەگەڵ دەوڵەتانی "یار" دا لە مێژوودا زۆرن، دوور نەچین، هەر لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا، بۆ نموونە تورکیای کەمال ئەتاتورک، ئێرانی ڕەزا شا، ئێراقی پاش کودەتای ١٩٥٨، سووریای پاش کودەتای ١٩٥٨، ئیسوپیا و هتاد.

**خۆشکردنی زەمینە بۆ سۆسیالیزمی دیموکراتیک و ڕێگادان بە خەڵک کە لە مەشقی سیاسیی و لە دەسەڵاتی سیاسییدا بەشدار بن**

ئەڵبەت لە درێژەی چەندین جۆر لە خەبات، لە شێوەی خەباتی چینی کرێکار، جووتیاران، کاسپکاران و چالاکیە مەدەنییەکان لە ئوروپای خۆرئاوا، خەباتی یەکیەتیە کرێکاریەکان و دەستکەوتەکانی بیمەی گشتیی و چاوەدێریی و تەندروستیی و مافەکانی پێوەست بە ژیانی کار، لێدان لە بیری فاشیزم و ناسیزم و دژایەتیکردنی، خۆشکردنی زەمینە بۆ سۆسیالیزمی دیموکراتیک و ڕێگادان بە خەڵک کە لە مەشقی سیاسیی و لە دەسەڵاتی سیاسییدا بەشدار بن، فەراهەمکردنی زەمینە کە ئایدئۆلۆژییەکان لە مەیدانێکی نا ڕادەیەک ئاوەڵەدا لە سەر دەسەڵات زۆران بگرن و دەستکەوتی دیکەی لەم شێوەیە، بوون بە هۆی ئەوەی کە بتوانرێت ئەو پێشمەرجانە بناسرێن کە بۆ هەبوونی سیستەمی دیموکراسیی پێداویست و گرینگن، بۆ نموونە:

- هەبوونی پلورالیزمی (فرەچەشنیی) سیاسیی
- هەبوونی پارلەمان، و هەڵبژاردنی ئازاد، و مافی ئاکەکەس بۆ هەڵبژاردنی ئازاد، و هەر تاک و یەک دەنگ، بەشداریی ژنان هاوماف و هاوئەرک، مافی هاووڵاتیبوونی بێ هەڵاواردن بۆ دەنگ دان.
- سەربەخۆیی سیستەمەکانی دادوەریی، بڕیاردان و جێبەجێکردن لە یەکتر
- هاومافیی و هاوئەرکیی لە بەردەم یاسا و ڕێسا
- هەبوونی سیستەمی سیکۆلاریزم و هەبوونی مافی هاووڵاتیبوون و نەبوونی شێوەکانی هەڵاواردن لە دامودەزگا و پێکهاتەکانی دەوڵەتدا
- هەبوونی مێدیایەکی سەربەخۆ و بێلایەنی چالاک
- پۆلیس تەنها دەسەڵاتی جێبەجێکردنی هەبێت
- ڕۆشنکردنی ڕۆڵی سپا تەنها بۆ پارێزگاریی کردن لە مەترسیی دەرەکیی
- ماف و ئازادیی دەربڕین و ئازادییەکانی دیکە وەکوو مافی کۆبوونەوە و مانگرتن و خۆپیشاندان و ڕەخنەگرتن و وەژێرپرسیارنان و هتاد.
- هەبوونی خوێندنگا کە ئاکەکەس بە گیانی بەرپرسیاریی و جیددیەتی سیاسیی و ڕێزگرتن لە یاسا و ڕێسا و هەبوونی توانا بۆ پرسیارکردن، بۆ وەژێرپرسیارنان، بۆ توێژینەوە و شەنوکەوکردن و پەیگیریکردن و بەدواداچوون و غیرەتی سڤیلی و هتاد.
- هەبوونی گەندەڵیی لە کەمترین و نزمترین ئاستدا
- هەبوونی ساختەکاریی لە هەڵبژاردن و لە پروپاگەندەدا تا ئەوپەڕی کەمترین و نزمترین ئاست

بەڵام زۆر خاڵگەلی دیکەی گرینگ هەن کە بە سەدان و بگرە هەزاران لە ڕۆشنبیران و سیاسەتمەداران قسەیان لە سەر کردووە و دەیکەن و لە زۆر وڵاندا هەمیشە باسی ڕۆژانە و

خوێندنـگاکان و دانیشـگاکانە، بـۆ نموونـە:

- هەبوونی ئاشتیی و ئارامیی و دڵنیایی و سەقامگیریی
- سیسنەمێک بۆ وەگەڕخستنی ئیرادە و ویستی خەڵک
- دانیشـنووانێکی خوازیـار بـە دیموکراسـیی کـە لـە گۆش و پـەروەردەی خوێندنگاکانـەوە دەسـت پـێ دەکات
- دانیشـنووانێک کـە لانـی کـەم ٨٠٪ خوێنـدەوار بێـت و بنوانێـت و بـار هێنرابێـت کـە لـە سیاسـەتدا بەشـدار بێـت
- هەبوونـی وره و ڕۆحـی بەشـدارییکردن لـە پرۆسـەی سیا سـە تدا

- هەبوونـی ڕەووشـت (مـورال/ ئەخـلاق). ڕەووشـت لـە مانـای ویژدانداریـی و ڕێزگرتـن لـە مافـی ئەوانـی دیکـە بـۆ ژیـان و پێشـکەوتن و لەگەڵدابـوون و پێکەوەبـوون.

## لە بناخەدا کرۆکی دیموکراسیی بە مانای سیاسەت بۆ هەمووان دێت

دیـارە لـە ئەدەبـی فەلسـەفیی و سیاسـیی پێـش سـەردەمی ڕۆشـنگەریی، لـە سـەرەتای ڕۆشنگەریشـەوە بـە سـەدان و بگـرە هـەزاران لـە ڕۆشـنبیران و نووسـەران و هونەرمەنـدان و چالاکوانانـی مەدەنیـی، و هەروەهـا بـە تایبەتیـی لـە بزووتنـەوەی سـەفرەگەیت ـەوە ژنانـی بێئەژمـار لـە هەمـوو باڵەکانـی ئیئۆریـی فێمێنیسـنییدا کۆمەکـی بەرچـاو و گرینـگ و شـایان باسـیان بـە پرسـی دیموکراسیی داوە، چـون لـە بناخـەدا کرۆکـی دیموکراسـیی بـە مانـای سیاسـەت بـۆ هەمـووان دێـت. هەمـوو ئـەو خاڵانـە کـە پێشـمەرجی هەبوونـی دیموکراسـیین و دەبـن بـە زەمینـەی سیاسـەت بـۆ هەمـووان لـە ڕووانگـەی جیـاوازەوە نیشـکیان خراوەتـە سـەر. لـە راسـتییدا بەشـێکی گـەورە و دیـاری ئیئۆری فێمێنیسـنیی بـە دروسـتییەوە لـە سـەر بەشـداری هەرچی زیانـری ژنـان، بێـکاران، چینـی کرێـکار و هتـاد دەدوێـت و لەوێـدا باسـی ڕەگـەز و ڕەگەزپەرسـتیی، توخـم و توخمپەرسـتیی، بـێ پارەیـی، بـێ سـامانیی، هەژاریـی، هـەڵاواردن و شـێوەکانی دیکـە کـە عادەتـەن لـە ئەدبیاتـی سیاسـییدا جێـگای تایبەتـی خۆیـان هـەن، بـە شـێوەی جیـاواز و لـە ڕەهەنـدی جیـاوازەوە باسـیان لـێ دەکرێـت.

## ڕەووشت (مورال/ ئەخلاق) دووهەمین فاکتەری بنجینەییە بۆ سەرکەوتنی دیموکراسیی

شـایەد یەکێـک لـەو خاڵـە گرینگانـەی کـە بەتایبەتـی دوای جەنگی جیهانـی دووهـەم، واتـە پاش بینینـی ناسیزم و فاشـیزم و شـێوەی ڕەگەزپەرسـنیی و دیکنانۆریـی لـە دونیـای خۆرئـاوادا، زیاتـر و زیاتـر لـە لایـەن سیاسـەتمەدارانی دیموکـرات و ڕۆشـنبیران و لێکۆڵـەوەران و چالاکانـی دیکـە قسـەی لـە سـەر بکرێـت، پرسـی ڕەووشـت (مـورال/ ئەخـلاق)، ویـژدان، و ڕەفتـاری مرۆڤیانـە و مرۆڤدۆسـنانە، یاخـود ڕەفتـاری خۆشەویسـنیی و ڕێزلێنـان لـە هەبـوون و بوونـەوەرەکان و سرووشـت، بـە سیسـنەمکردن و بـە سیسـنەمانیککردنی دادوەریـی کۆمەڵایەتیـی و هتـاد.

شری پرابهـات رانجـان سـەرکار دەنووسـێت کـە "ڕەووشـت (مـورال/ ئەخـلاق) دووهەمیـن فاکتـەری بنجینەییـە بـۆ سـەرکەوتنی دیموکراسیی. لـە نەبوونی ئەخلاقدا خەڵـکان دەنگی خۆیـان دەفرۆشـنەوە. لـە هەندێـک وڵات دەنـگ کـڕدراوە و فرۆشراوەتـەوە. ئایـا دەتوانیـن بـەوە بڵێیـن دیموکراسـیی؟ ئایـا ئـەوە جەفەنـگ نییـە؟ لەبەرئـەوە تـا ٥١ دەرسـەدی دانیشـنووان بـە ڕوونیـی پشـنگیریی لـە پرینسـیپی ئەخـلاق نەکـەن، هیـچ شانسـێک بـۆ هەبوونـی دیموکراسـیی نابێـت. کاتێـک کـە خەڵکانی ناوابەسـنە بە ئەخـلاق لـە زۆربایەتییـدا بـن، ئـەوا سـەرکردەکان پێداویسـنیانە لـە نـاو ئەوانـدا دەبـن ".

ڕۆبـەرت مـاک چێسـنەی (Robert Waterman McChesney) لـە دایکبـووی ١٩٥٢ کـە ئێسـنا پلـەی پرۆفێسـۆری هەیـە، یەکێکـە لـەو کەسـانەی کۆمەکێکـی زۆری بـە ڕوونکردنـەوە لـە پرسـی دیموکراتیـی، مافـی هاووڵاتیـی و کۆسـپەکانی ڕێـگای هۆشـیاریی سیاسـییدا کـردووە، و ئامـاژەی گرینـگ بـە خودی

سەرمایەداریی وەکوو سەرچاوەی کۆسپ و نەگەرە لە ڕێگای دیموکراسیی و ماف و ئازادییەکاندا، دەکات. لە زۆر شوێن، بۆ نموونە لە (Rich Media, Poor Democracy: Communication Politics in Dubious Times (١٩٩٩)) باس لە دیموکراسیی بەشدارییانە دەکات کە بە ڕای ئەو لانی کەم سێ خاڵی گرینگ پێداویستن، لەوانە کە هاووڵاتیان لە هەبوونی سەرمایە و داهات و خاوەندارێتییدا بە درشتیی یەکسان بن، کە هەستیی هاوبەشیی و هاوکۆمەڵگایی لە نێوان ئاکەکاندا هەبێت و کە سیستەمێکی چالاک و کاریگەریی کۆمیونیکاسیۆن (پێوەندیی) بۆ چالاککردن و هاندانی هۆشیاریی هاووڵاتیان و بەشداریکردنیان لە سیاسەتدا، هەبێت.

بێئەژمارن ئەو ڕووناکبیر و نووسەرانەی کە لە ڕووانگەی چینایەتی و هاووڵاتیی گێتیانە و (ئیونیوڤێرساڵ) ڕەووشتی باڵا بۆ بەرپرسیاریی سیاسیی لە سیاسەت ڕووانیووە و دەڕووانن. سەرئەنجامی کاری ماندوونەناس و بێمانەندی ئەوانە کە نا دێت سیاسەت زیاتر و زیاتر نەک هەر دەچێتە هەموو ماڵێک بەڵکو دەچێتە ژووری نووستنیشەوە. ئەوە یەکێکە لە دەستکەوتە شاینباسەکانی ئەم ساڵانەی دوایی سیاسەت.

ڤیلهێلم موباری Vilhelm Moberg لە ساڵی ١٩٦٤ دا ڕۆمانی "ژنی پیاو Mans kvinna" ی لە چاپ دا. موباری خۆی ئەو ڕۆمانە بە یەکێک لە هەرە خۆشەویسترینەکانی خۆی دادەنێت و بە قسەی خۆی بە پێنج هەفتە تەواوی کردووە. لەو ڕۆمانەدا موباری ژنێک لە قەفەسی ژنبوونی نەریتیی ڕزگار دەکات. دەبینین کە بە پێنج هەفتە خانم "مێریت" لە ژنێکی نەریتیی ملکەچ بە کۆمەڵێک قەیدوبەندی کۆمەڵایەتیی خۆ ڕزگار دەکات و لەگەڵ ئەو پیاوەدا دەڕووات کە کەوتووەتە داوی خۆشەویستییەوە. ڕەنگە یەکێک بێت لە باشترین ئەو کتێبانەی کە پیاوێک وەکوو دیاری بە خۆشەویستێکی خۆی بدات، چون لەگەڵ کتێبەکەدا ڕێزگرتن لە باوەڕی جیاواز و لە ئازادیی ئەوی دیکە بۆ هەڵبژاردن، دەدرێت. لە دێڕە نەبینراوەکانی ڕۆمانەکەدا خوێنەر دەتوانێت شانازیی و بەخۆباوەڕیی موباری ببینێت و تێ دەگات موباری چۆن سەبارەت بە ترس، سوونەتی باو، شکاندنی فەزای داسەپێنراو و بڕیاردان بۆ هەڵبژاردنی ئازاد، بیر دەکاتەوە.

موباری نووسەرێکی گەورەی سوێدیە و خاوەنی شاکاری نەمرە. بەڵام موباری ڕۆشنبیرێکی سیاسییش بوو. هەمان ساڵ کە ڕۆمانی "ژنی پیاو" ی نووسی، وتاری "دێموکراتور" یشی نووسیوە و لە ڕۆژنامەی "Dagens Nyheter" دا بڵاوی



کردوەتەوە. موباری وشەی "دیموکراتیور" لە بری "دیموکراسیی" بەکار دەبات.

> **تەنها ئازادییەک کە شایستەی ناوەکەی خۆی بێت، ئەو ئازادییە کە ئێمە بە پێی خۆمان وەدووی باشترین دەستکەوت بۆ ژیانی خۆمان بکەوین**

موباری دەڵێت "من ئەوە ناسەلمێنم کە خەڵکان لەبەر خاتری دەوڵەتێک دروست کرابن، جا با هەر دەوڵەتێکیش بێت. من لەو باوڕەدام کە دەوڵەتگەل لەبەر خاتری مرۆڤ دروست کراون. من پێموایە کە دەوڵەتی سوێدی ئێمە لە بەر خاتری هاووڵاتیان دروست کراوە و دەبێت [لە بەر خاتری هاووڵاتیان] بە بەردەوامیی دروست بکرێتەوە - لە پێناوی فەراهەمکردنی زەمینەیەکی ئازاددا بۆ هەلگەلی ژیان بۆ دانیشتووان".

باسکردنی بناخەی دیموکراسیی و پێکهاتەکانی، میکانیزمگەلی وەگەڕخستن و لە ژیانداهێشتنەوەی و هەروەها ئاماژەکردن بە لایەنە لاوازەکانی، و هەوڵدان بۆ چارەسەریان باسی چڕ و پڕ و هەمەلایەنە دەخوازێت. لایەنێکی گرینگی دیموکراسیی، پاراستنی دۆخی ئازادیی و پارێزگاریکردن لە سفاری ئازادییە، لانی کەم لەو مانایەدا کە ئاکەکەس، باوەجودی شێوە و ڕەگەز و ڕووخسار و ڕەنگ و هەر شتێکی دیکە، دەبێت بۆی هەبێت لە دیالۆگ و لە بڕیاردا بەشدار بێت، واتە سیاسەت سەبارەت بە هەموو "ئەو" ێک بۆ هەمووان بێت. "تەنها ئازادییەک کە شایستەی ناوەکەی خۆی بێت، ئەو ئازادیەیە کە ئێمە بە پێی خۆمان وەدووی باشترین دەستکەوت بۆ ژیانی خۆمان بکەوین، تا ئەو جێیەی خۆشگوزەرانیی ئەوانی دیکە ئێک نەدەین و لە ڕێگایاندا بۆ گەیشتن بە ئەوێندەری نەبین بە کۆسپ. هەر یەکە و پاسەوانی خۆشگوزەرانیی خۆیەتی، بۆ جەستە و ڕۆح و گیان". جۆن ستیوارت میل لە "سەبارەت بە ئازادیی On Liberty". موباری دەڵێت ئەو فەرمایشتەی سەرەوەی میل سەد ساڵ کۆنە و کاتێک جۆن ستیوارت میل لە ساڵی ١٨٥٩ دا ئەوەی گوتووە کە هێشتا ئازادیی جێی باس بوو و لەبەرئەوە ناهەقی نییە کاجوویی لە سەر بکات.

موباری مەبەستی ئەوەیە کە پاش سەد زیاتر ساڵ پاش میل دەبێت چاوەڕووانی زیاترمان هەبێت. کە باس لە ئازادیی دەکردرێت، هەر بە تەنها بە مانای ئازادییە سیاسییەکان و ئازادییە کۆمەڵایەتییەکان نا، بەڵکو هەروەها ئازادیی ئابووریی لە مانای هەبوونی کار، بیمەی گشتیی، لەوانە بیمەی تەندروستیی و چاوەدێریی و خۆشگوزرانیی. ئازادیی هاووڵاتیبوون هەروەها لە مانای هەبوونی زەمینەی لەبار و گونجاو و ڕەخساو بۆ گەیشتن بە پلەومەقامی سیاسیی کە دیارە لە ناو سیاسەتی قۆرخکراودا مەحاڵە. بۆیە وەبیرمان دەهێنێتەوە کە "ئیدیاکان تەنها لەبەرئەوەی هەندێک لە لایەنگرانیان لەگەڵیان ناپاک دەبن، ناگۆڕدرێن. هەر بەو شێوەیەش بیرە بنەڕەتیەکانی دیموکراسیش."

> **باشترین شێوە بۆ دروستکردنی سفاری "یەکێتی" و "خاڵی هاوبەش" و "هەستی هاوبەش" دەستکەوتی باجە**

لە چۆنیەتی وەگەڕخستنی کۆمەڵگایەکدا لە باری ئابوورییەوە بۆ نموونە دۆناڵد وینمان (Donald Wittman›s ١٩٩٥) لە کتێبی The Myth of Democratic Failure "هەڵای شکستی دیموکراسیی" باسی بایەخی یاسا و باج (خەراج) بە گرنگ دادەنێت. بەکارهێنانی دەستکەوتی سامانی سرووشتیی، بۆ نموونە وەکوو نەوت، و کانگاکانی دیکە و دارستان ...هتد. شێوەیەکی سەرکەوتوو نییە بۆ دیموکراسیەکی سەرکەوتوو. باشترین شێوە بۆ دروستکردنی سفاری "یەکێتی" و "خاڵی هاوبەش" و "هەستی هاوبەش" دەستکەوتی باجە (خەراج)، چون بە هۆی کۆمەکی بەردەوامیی هاووڵاتیانەوە بۆ خەزێنەی دەوڵەت، هاووڵاتیان هەستی بەرپرسایەتیی بەرامبەر بە بەڕێوەبردنی وڵات (بەرامبەر بە یەکتر!) و بەدەربەستهاتنەوە دێن و دڵخوازانە لە پلانی ئایندەدییدا بۆ نەوەکانی دوارۆژ

بەشداردەبن. لەوانەیش گرنگتر، ئەو کاتە هاووڵاتیان، دەسەڵاتداران بە بەرپرسیار دەبینن و چاوەڕووانیان لێیان دەبێت و داواکارییان لە سەریان دەبێت.

**لە دیموکراسیە ڕاستەقینەکاندا مافی هاووڵاتیی بۆ هەبوونی ئابوورییەک کە لانی**

ئاستی هۆشیاریی خەڵک، مەسەلەی ویژدان، نیگەیشتنیان لە مافی ئەوانی دیکە و باوەڕبوونیان بە هاومافێتیی مرۆڤ دەتوانێت لە بڕیاردان لە سەر چارەنووسی دیموکراسیی بەتێکی زۆر ناسک بێت. سیاسەت چون ڕاسنەوخۆ تێکەڵ بە مرۆڤە و لەگەڵ مرۆڤدا بەرخورد دەکات، کاڵایەکی ناسکە کە هەمیشە دەبێت ئازە و ئەپدەیت بکرێتەوە و هەمیشە پێویستە ئاستی مرۆڤ سەبارەت بە پاراستنی مافەکانی خۆی بەرێتە سەر، و لە دژایەتییکردنی جۆرەکانی کۆسپ و ئەگەرە لە سەنگەردا بێت. ئەوەیش شتێکە کە دژبەرانی دیموکراسیی هەرگیز نایسەلمێنن.

- بەو شێوەیە لەم خوێندەوەدا ئێبینیکردنی لانی کەم ٤ خاڵ گرنگن:

١. کە لە دیموکراسیە ڕاستەقینەکاندا مافی هاووڵاتیی بۆ هەبوونی ئابوورییەک کە لانی کەم بتوانێت لە چوارچێوەی هێشتنەوەی ڕێز و شانازیی و سەربەرزیی خۆیدا درێژە بە ژیان بدات، دەبێت فەرهەم بکرێت. ئاکەکەسێک کە ناچار بێت بۆ درێژەدان بە ژیانی خۆی، بە شێوەی جیاواز دەست لە دەسەڵاتدارن پان بکانەوە، جا ئەنانەت با ڕێکخراوەیەکی سیاسیی زۆر بچووکیش بێت، ناتوانێت و ڕێگایشی پێ نادرێت کە هاوماف و هاوئەرک لە سیاسەتدا بەشدار بێت.

٢. کە دەسەڵاتداران، وەکوو هەموو کەسێکی دیکە، لە ناو ماندانێکی یاسایی دیاریکراو و چوارچێوەدار و مەرجداردا کار دەکەن، و لە بەرابەر ئەو کارە کە رایدەپەڕێنن، مووچەی دیار وەردەگرن. واتە هیچ هاووڵاتییەک پێویست ناکات سپاسگوزار و سپاسمەندی دەسەڵاتداران بێت.

٣. کە شێوەکانی گەندەڵی ئۆتۆماتیک و بە پێی سرووشتی دۆخ نایاساییە و سزای لە سەرە.

٤. کە بۆ هەموو کەموکورتییەک کە دەسەڵاتداران لە بواری جیاوازدا نیشانی بدەن، دەبێت بە پێی پێویست و ئەندازەی کەموکورتییەکە ڕەخنەیان لێبگیرێت و بەرپرسیار ڕابگیرێن. هەر لەبەرئەوە لە هەموو دیموکراسییە ڕاستەقینەکاندا کۆمەڵێک یاسا بەتایبەتیی بۆ دامودەزگا دەوڵەتیەکان هەن کە هەر جۆرە سەرپێچییەک لێیان سزای جۆراوجۆر هەڵ دەگرێت. وەکوو بۆ نموونە "بێلایەنیی کارمەند و فەرمانبەر" لە ڕاپەڕاندنی کار و لە مامەڵە لەگەڵ ئاکەکەسەکان،/ "ڕاپەڕاندنی کار و یارمەتیدان" بە دەستوبرد و کاریگەریانە و بە شێوەی دروست،/ بابەتیبوون بە پرس و ئەنجامدانی کار بە شێوەیەکی پسپۆڕانە و کارزانانە،/ دەستنێوەرنەدان لە ئازادیی ئاکەکەس بۆ خاوەندارییکردن لە بیروباوەڕ، / ڕێزگرتن لە ئاکەکەس و لە پرەنسیپی ڕازی پەنهان و، / تۆمارکردنی پرۆسەی کار بە پێی شێوەی دیاریکراو ...هتد.

بە پێی ئەندەرسۆن **Andersson** لە وەڵامی پرسیاری ئایا جیاوازیی گەندەڵی خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات لە نێوان دەوڵەت و سفاری گشتیدا چییە؟ باس دەکات کە گەندەڵی شێوەیەکی تایبەتییە لە ڕەفتاری ناڕەوشتیی. یەکێک لە خەسڵەتەکانی گەندەڵی ئەوەیە کە سیاسەتمەدارێک یان فەرمانبەرێک هەر تەنها بە شێوەیەک ڕەفتار ناکات کە دژایەتیە لەگەڵ ڕەوشتیی [چاوەڕوانکراو لە] دەوڵەت، بەڵکو هەروەها سوودی ناشایستە لە شوێنێی پلەی فەرمانبەریی خۆی (ــشی) وەردەگرێت بۆ ئەوەی قازانج بە خودی خۆی بگەیەنێت [نەک هەر ئەرکی پێسپێردراوی خۆی جێبەجێ ناکات بەڵکو سەرپێچیش دەکات!].

بەڵام مانس شۆلین **Mats Sjölin** ئاماژە بە توێژینەوەکانی ئارنۆڵد هایدنهایمەر **Arnold Heidenheimer** لە کتێبی "گەندەڵی سیاسیی **Political Corruption**" لە سەر گەندەڵی دەکات کە سێ جۆر پێناسەی بۆ گەندەڵی داڕشتووە کە سەبارەت بە داواکاریی دەوڵەتی، بەرژەوەندیی گشتیی یان

بەرژەوەندیی کۆمەڵگا و بەرژەوەندیی بازاڕ/ کڕین و فرۆشن.
لە هەر روانگەیەکەوە دەگەینە ئەو سەرئەنجامەی کە بناخەی بیری دارشتنی پێناسەی گەندەڵی لە چوارچێوەی ئەکادیمیکیدا دەگەڕێنەوە بۆ ئەوەی کە گەندەڵی ڕاسنەو

**بەبناخە وەرگرتنی ئۆجالان، مۆراڵ و جڤاکی سیاسی، بۆ ئەو مۆدێلە، پەیوەندی نێوان ئازادی و مۆراڵ و ئازادی و سیاسەت رەسمکرد**

ڕاست دەکەوێتە دژایەتیی ئەو ڕێککەوتننامەیەوە کە سفاری گەندەڵی بەرامبەر بە گەل لە سەرشانیەتی و ئەرکدارە پێی. چون دەوڵەت پێکهاتەیەکی بێ گیان و بێ حاڵ نییە و لە کۆمەڵێک دەسەڵات پێکدێت کە کۆمەڵێک دەسەڵاتدار نوێنەرایەتیی دەکەن (کە ئەو دەسەڵاتدارانە دەتوانن ڕێکخراوە و پارتگەلی زۆر بچووکیش بن).

حکومەتی خاوێن هەر دروست ئەوەیە کە ئەرکی خۆی جێبەجێ دەکات، نە زیاتر و نە کەمتر. بەڵام حکومەتی گەندەڵ ئەوەیە کە بێ لەوەی کاری سەرشانی خۆی جێبەجێ ناکات و ئەرکی خۆی ڕاناپەڕێنێت، هەروەها زیان بە رەوشت و ئاکاری دروستیی فەرمانڕەوایی (ـش) دەگەیەنێت و زیاتریش لەوە سوودی کەسییش بە خۆی دەگەیەنێت.

مانس هەروەها ئاماژە بە پێناسەیەکی جۆزێف نیویە Joseph Nye دەکات کە "گەندەڵی جۆرگەلێکە لە رەفتار کە خۆی لە ئەرکە ئاساییەکانی ڕۆڵی دەوڵەتکاریی جیا دەکاتەوە لەبەرئەوەی قازانجی تایبەتیی خۆی (بۆ خانەوادە و خزموخوێش) لەبەرچاو دەگرێت و کەڵکی دراو یان پلەوپایە دەبەخشێتەوە، یاخود ئەو یاسایانە وەژێرپێ دەنێت کە بۆ ڕێگریی لە سوود وەرگرتن لە ئەرکداریی دەوڵەت بە قازانجی تایبەتیی دانراون.

لە هەموو ئەو باسانەی جۆزێف نیویە ـدا سێ شت باسی سەرەکیین کە برینین لە بەرتیل و بەرتیلکاریی/ نیپۆتیزم (خزموخزمگەریی) و دزینی/ بردنی موڵکی دەوڵەت. زۆرینەی ئەو پێناسانە لە سەرچاوەی یاسایی/ مافداریی (حقانیە/ شرعیە Legitimacy) پێ هەڵدەگرن. بەو مانایەی گەندەڵی لە بناخەدا نایاساییە و بەو شێوەیەش نە هەر لە سنووری مافدارییدایە، بەڵکو شکاندن ـ(یشی)ـەتی.

کەوانە تا زیاتر سەرپێچیی لەو خاڵانەی سەرەوە بکردرێت، سفاری دیموکراسیی بچووکتر و بەرتەسکتر دەبێتەوە و مرۆڤەکانی دەرەوەی دەسەڵات کە دیارە زۆربایەتیین ناتوانن و بۆیان نابێت لە سیاسەت و لە دەسەڵاتدا بەشدار بن.
هەر بۆیە دەبینین کە لە وڵاتانی نادیموکراسییدا (هەندێک جار دەسەڵاتداران هەن کە مۆری دیموکراسیی لە خۆیان دەدەن) دەسەڵاتداران بە شێوەیەک مامەڵە بە سامانی هاووڵاتیان دەکەن کە بە هی خۆیانی دەزانن. لە هەندێک حاڵەتدا دەست بە سەر هەموو سامانی نەتەوەکەدا دەگرن و بەشێکی زۆر زۆر کەمی ئەو سامانە، دروست لە شێوەی خێرپێکردندا، لێرەولەوێ بە خەڵک دەدەن. دیارە بە مەبەستی دەمکوتکردن و ڕازیکردن.


**ناڕوونیی لە فرۆشتنی سامانی وڵات، نەبوونی خەزێنەی نەتەوەیی کە خەڵک بزانێت داهات و خەرجی وڵات چۆنە و چەندە**

- جۆرەکانی گەندەڵی وەکو:

١. قۆرخکردنی دەسەڵات لە هەموو مانایەکییدا، بۆ نموونە هێشتنەوەی دەسەڵات لە ناو سفاری خزم و خوێشدا (خزموخزمگەریی/ نیپۆتیزم)
٢. ناڕوونیی لە فرۆشتنی سامانی وڵات، نەبوونی خەزێنەی نەتەوەیی کە خەڵک بزانێت داهات و خەرجی وڵات چۆنە و چەندە.

٣. نەبوونی میکانیزمگەریی دامەزراوەیی سەربەخۆ کە کۆنترۆڵی ڕاست و دروستیی سامانی نەتەوەیی بکات.

٤. دیارنەبوونی مووچەی دەسەڵاتداران و نەبوونی لە ئاستێکدا




کـە لەگـەڵ مووچـەی گشـتیی هاووڵاتیـان جێـی بـەراوورد بێـت. (پرینسـیپی دەسـتپاکیی ئاسـانە: هـەر دەسـەڵاتدارێک پارەوپـول و سـامانی زیاتـر لـەوە هەبـوو کـە توانیبێتـی بـە سرووشـتی دۆخـی مووچـەی خـۆی کـۆی بکاتـەوە، هـی خـۆی نییـە/ بردوویەتیـی/ دزیوویەتـی).

٥. دۆزینـەوەی پاکانـەی سیاسـیی و هێنانـەوەی دەلیلـی نادروسـت و شـێوەی دیکـە لـە هـۆی نەشـیاو بـۆ مانـەوە لـە سـەر دەسـەڵات. لێـرەدا تاکەکەسـێکی تایبەتیـی تـا ڕادەی "پیرۆزبـوون" پیـرۆز دەکردرێـت چـون هیـچ تاکەکەسـێکی دیکـە بـۆی نابێـت جێـگای بگرێتـەوە.

٦. ڕانەپەڕاندنـی کاروبـاری هاووڵاتیـان و کردنـی دامـودەزگا دەوڵەتیـەکان بـە ئامـرازی چەوسـاندنەوە و سـووکایەتیپێکردن و ڕاوەدوونـان و فشـار و گوشـار بـۆ سـەر هاووڵاتیـان.

ئەمانـە دەبنـە هـۆی دامەزراندنـی سیسـتەمی ئۆلیگارکـی و تۆتالیتاریـی و بـەو شـێوەیەش سیاسـەت بـۆ هەمـووان نابێـت. لەبەرئەوەیـە لانـی کـەم لـە سـەردەمی ڕۆشـنگەرییەوە، ڕۆشـنبیرانی ئازادیخـواز و پارتگەلـی پێشـکەوتوخواز، و بزووتنـەوە فێمینیسـتیی و مەدەنیـی و پیشـەییەکان هەوڵیانـداوە سیسـتەمێکی خوێنـدن پێـش بخرێـت کـە لـە ژێـر فشـاری یـەک ئایدیۆلۆژییـدا نەبێـت، کـە دوور لـە فشـار و کاریگەریـی ئاییـن و مەزهەبـدا بێـت، کـە مـرۆڤ و تاکەکـەس بـە مـاف و ئەرکـەوە وێنـا بـکات، کـە ویـژدان، ڕاسـتگۆیی، دەسـتپاکیی، زارپاکیـی، جەسـووریی، توانـای پەیگیریکـردن، هاوهەسـتیی، هاوپشـتیی، هاوسـۆزیی بەشـێک بـن لـە کەرەکتـاری پێویسـت لـە کەسـایەتییدا بـۆ ئـەوەی کـە دیموکراسـیی وەکـوو سیسـتەم بتوانێـت هەبێـت، چـون هـاوکات لەگـەڵ ئـەوەدا کـە دیموکراسـیی کۆڵەکەگەلێکـی یاسـایی، ئینستیتیوشـنالیی (دامەزراوەیـی) و کۆنستیتیوشـنالیی (دەسـتووریی) پێویسـتە، هەروەهـا کولتورێکـی دیموکراسییشـی پێویسـتە. هەمـوو ئەمانـە بـەو مانایـە دێـت کـە تۆلەرانسـی پێویسـت لـە دامـودەزگا دەوڵەتیـەکان و لـە نـاو هاووڵاتیانـدا دەبێـت بەرامبـەر بـە یـەک هەبێـت کـە دەنـا نەشـیاوە

دیموکراسیی بتوانێت بەرقەرار بێت.

ڕۆسیۆ، تۆکۆڤیل، مۆنتیسکیۆ، مێلنزەر، گۆردۆن و بە دەیان و بگرە سەدانی دیکە لە ڕووانگەی جیاوازەوە باسی شێوەکانی دیموکراسیی و کۆسپ و تەگەرە و دژوارییەکان کردووە. بۆ نموونە هاتنە سەر کاری هیتلەر و بردنەوەی پارتی سۆسیالیستی ناسیونالیست کە لە ساڵی ١٩٣٢ دا ٢٣٠ کورسی دەباتەوە و کە بە ناچاریی لە ١٩٣٢ دا داوا لە هیتلەر دەکرێت کە حکومەتێکی هاوپەیمانیی دابمەزرێنێت. لەو نموونەیەی دیموکراسییدا دەبینین کە دەسەڵات دەتوانێت گەمە بە هاووڵاتیان بکات و خەڵکی ناهۆشیار و بێسەوادی سیاسیی بخاتە بەر شەپۆلی پۆپۆلیزمیی و سەرئەنجام ئەوەیان پێ بکات کە دروست لە زەرەریانە و کە لە حاڵەتی سەوادداریی و هۆشیاریی سیاسیی دیموکراسییانەدا عادەتەن ملی پێ نادەن.

**هێنانەخوارەوەی گەندەڵی و شێوەکانی پەیوەندیی خێڵەکایەتیی بۆ هەرە نزمترین ئاست کە بشێت**

کۆمەڵگا دەبێت لە کۆمەڵێک تاکەکەس پێکبێت، کە سەرەڕای کاریگەریی و تەنانەت هەیمەنەی ڕاستەوخۆی لیبرالیزم بۆ ئازادیی تاک و تاکەکەسگەریی لە ناو تاکەکاندا و تەنانەت هەبوونیشی لە ناو پێکهاتەکانی دەوڵەتدا، کە زۆرینە بتوانن پێکەوە زمانێکی هاوبەش و تێگەیشتنێکی هاوبەشیان بۆ ڕێزگرتن و بۆ ڕەچاوکردنی ڕەوشت، ویژدان، ڕاستگۆیی، دەستپاکیی، زارپاکیی، جەسووریی، توانای پەیگیریکردن، هاوهەستیی، هاوپشتیی، هاوسۆزیی و بەهاکانی دیکە کە دەبێت هاوبەش بن، هەبێت.

کۆڵەکەی کولتووریی، ئۆتۆنۆمیی تاکەکەس، توانای بەرپرسایەتیی هەڵگرتن و ئۆتۆنۆمیی کۆمەڵگا، پێشمەرجی گرنگن لە بەردەم ئاوەدانکردنەوەی سیستەمی دیموکراسییدا.

هێنانەخوارەوەی گەندەڵی و شێوەکانی پێوەندیی خێڵەکایەتیی (بۆ نموونە وەکوو لەبەرچاوگرتنی پێوەندیی خوێنیی، دەستیاو، نان بە قەرزدان و هتد) بۆ هەرە نزمترین ئاست کە بشێت،

**یەکێک لە گیرۆدەبیوونی دیموکراسیی شایەد ملدان و تەسلیمبوون بێت بە شێوەکانی پێشێلکاریی و دەستدرێژیی سیاسیی و ئابووریی و کۆمەڵایەتیی**

پێشمەرجی دیکەی گرنگن بۆ وەدیهێنانی دیموکراسیی و بۆ ئەوەی پرۆسەیەکی دیموکراسیی بتوانێت بەردەوام بێت.

ئاستی هۆشیاریی زۆرینەی خەڵک، هێزی ڕەوشتیی و داوا و پێداگریی ئەوان لە دەسەڵات و لە پارت و ڕێکخراوە و دامەزراوەکان دەبێت وا بڵند بێت کە هەمیشە فاکتەری فشاری سیاسیی بن و بەو شێوە دەسەڵاتداران ناچار مل بە پێڕەوی یاسا و ڕێسا و ئەو ڕێککەوتننامە نووسراوە و نە نووسراوانەدا بدەن کە هەن و کە پێویستە پێڕەو بکرێن.

دیموکراسیی لە سەر بناخەی تکا و پاڕانەوە و چارەنووسگەریی و چاوپۆشیی لە بەدمامەڵەی دەسەڵات دانامەزرێت. دیموکراسیی هەروەها ئەو پێشمەرجە دادەسەپێنێت کە نابێت دەسەڵاتداران پەیتاپەیتا هەلیان بۆ دەسەڵاتداریی بۆ برەخسەندرێنەوە و زەمینەی ماددی و گیانیان بۆ فەراهەم بکرێنەوە و بهێنرێنەوە سەرکار.

سیستەمی دیموکراسیی سەرکەوتوو تاکەکەسگەلێک پێداویست دەکات کە بە لەبەرچاوگرتنی دۆخی خراپی خۆیان یان ئەگەری خراپتربوونی دۆخی خراپی خۆیان، هەر نەهێڵن دەسەڵاتداران دەستدرێژیی بۆ سەر ماف و ئازادیی و ئەرک و دەستکەوتەکانی خەڵک بکەن. یەکێک لە گیرۆدەبیوونی دیموکراسیی شایەد ملدان و تەسلیمبوون بێت بە شێوەکانی پێشێلکاریی و دەستدرێژیی سیاسیی و ئابووریی و کۆمەڵایەتیی کاتێک کە هەر زۆر بچووکیش بن. بە واتایەکی دیکە تا تاکەکەس لە ڕێگای خۆی و کۆمەڵگا، یان زۆرینەی خەڵک، داواکاریی و

پێگیرییان لە سەر دەسەڵانداران زیاتر بێت، ئەوا دیموکراسیی زیاتر هەلی بۆ دەڕەخسێت و زەمینەی بۆ فەراهەم دەبێت کە بتوانێت (بە ڕێکخراوگەل و پارتگەلی سیاسییشەوە) بەرقەرار بێت.

سیاسەت دەبێت بکرێت بە بەشێکی ڕۆژانە و لێکنەپچڕاو لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵک، لەماڵەوە و لە بازاڕ و لە کڕین و فرۆشتن و لە ژیانی تایبەتیی و گشتییدا. سیاسەت دەبێت لە بەشەکانی پەروەردە و ئاگالێبوون لە باخچەکانی منداڵان و لە خوێندنگاکانی سەرەتایی تێکەڵ بە ژیانی مرۆڤ ببێت و دانیشگا و زانکۆکان دەبێت بۆ سیاسەت ببن بە مەکۆی شەنوکەوکردن و لێنوێژینەوە و شیرۆڤەی قووڵ و باسکردن و باسکردنەوە و وەژێرپرسیارخستن و پرسیاری زەحمەت.

سیاسەت بۆ هەمووان بەو مانایە دێت کە تاکەکەس دەخرێتە باسی کۆمەڵگا و تاکەکان دەور و نەخش و کاریگەریی خۆیان لە سەر سیاسەت و بەو شێوەیەش لە سەر بڕیارەکان دادەنێن. لە ڕێگای دیالۆگی بەردەوامیی سیاسییەوەیە کە زەمینەی پێشکەوتنی ئابووریی و کۆمەڵایەتیی و کولتوریی دابین دەکرێت. سیاسەت مۆتۆڕی سەرەکیی کۆمەڵگایە و تەندروستیی یان نائەندروستیی کۆمەڵگایەک نیشان دەدات. لەبەرئەوەیە کە سیاسەت دەبێت بۆ هەمووان بێت!

## ئەو سەرچاوانەیش کە سوودیان لێ وەرگیراوە:


١. Demokrati och mänskliga rättigheter, Jörgen Hermansson och Ingrid Jacobsson. Författarna och Hjälmar & Jörgen Bokförlag AB ١٩٩٨

٢. Korruption, maktmissbruk och legitimitet/ Redaktörer Staffan Andersson, Gissur O Erlingsson, Andreas Bergh och Mats Sjölin. Studentlitteratur/ ٢٠١٠/ Norstedts/ Stockholm

٣. Rubinstein, A. (١٩٨٠) «Stability of Decision Systems under Majority Rule,» Journal of Economic Theory. Empirical Investigation,»

٤. Fukuyama, F. (١٩٩٢) The End of History and the Last Man. New York: Bard.

٥. Breton, A. (١٩٩٦) Competitive Governments: An Economic Theory of Politics and Public Finance Cambridge: Cambridge University Press.

٦. Inledning till Etik, Göran Collste, Tredje upplagan Erlanders Beijing Printing Co. Ltd, China ٢٠١١.

٧. konsten att vara snäll, Steffan Einhorn, Bokförlaget Forum Steffan Einhorn ٢٠٠٥.

٨. Etikboken, Etik för vårdande yrken, Lars Sandman och Sofia Kjellström Pozkal, Poland ٢٠١٣.

٩. Etik i specialpedagogisk verksamhet Redaktörer Rolf Helldin & Birgitta Sahlin, Studentlitteratur AB Lund, Elanders Hungary Kft, Hungary ٢٠١٣.

١٠. Om rätt och moral, Ingemar Hedenius, Stockholm ١٩٦٣/ W & W –serien

١١. Michael Moore: Vem har snott mitt land? Ordfront förlag/ Stockholm ٢٠٠٤. översättning Stefan Lundgren

١٢. Loretta Napoleoni. ٢٠٠٩. Skurkkapitalism/ Leopard förlag. översättning Thomas Grundberg



30x25x55

41 وێنەی کەسێک لە کاتی ژەنینی ئامێری میوزیکی "نەی"

سەیوان سەعیدیان خەڵکی مەهابادی رۆژهەڵاتی کوردستانەو ئێستاش دانیشتوی ئامەدی باکووری کوردستانە، لە کارە نوێکانیدا لە پارچە ئاسنی فرێدراو پەیکەری جۆراوجۆر سازدەکات، هەوڵ دەدەین لەهەر ژمارەیەکدا وێنەیەک لە پەیکەرەکانی هونەرمەند بڵاوبکەینەوە.



Seywan Seidian's Sculpture
Peykerên Seywan Seidian
Seywan Seidian'in Heykelleri